

# وتاری سەرۆکی بارزانی لە ئامەد

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**

ڕێگام پێ بدەن پڕ بە دڵ سوپاسی ئێوە بکەم بۆ ڕەخساندنی ئەم دەرفەتە، پڕ بەدڵ سوپاسی جەنابی سەرۆك وەزیران بەڕێز ئەردۆگان دەکەم، کە ئەم دەرفەتەی بۆ ئێمە ڕەخساند، بۆ من ئەمڕۆ ڕۆژێکی مێژوویيە خەونێکە هاتە دی، کە بێم لە دیاربەکری دەلال و خۆشەویست بەخزمەتی ئێوە بگەم.

من هەڵگری سڵاوی گەلی کوردستانم بۆ گەلی تورکیا و هەڵگری سڵاوی هەولێرم بۆ دیاربەکری ئازیز، بەڕێزان کاتی درووستکردنی مێژوویەکی تازە هاتووە ئەویش درووستکردنی مێژووی پێکەوەژیان و برایەتی و یەکتر قبوڵکردنە، ئێمە دەزانین بناغەی ئەو مێژووەش ئەو ڕۆژە دانرا کە جەنابی ئەردۆگان هاتە دیاربەکر بەر لە چەند ساڵێك و وتی ئەو ڕۆژەی ئینکاری بوونی کورد دەکرا ئەو ڕۆژە نەما، بۆ من وەکو تاکێکی کورد ئەو ڕۆژە دڵم خۆش بوو، کە ئەمڕۆ سەرکردەیەك پەیدا بووە لە تورکیا کە ڕێگای ڕاستی گرتووە و ڕێگای ڕاست بە هەموو کەسێك نیشان دەدات ئەویش ڕێگای برایەتییە.

خوشك و برایانی دەلال، پێویستە ئێمە ئەو گەلانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەژیین، بە برایەتی بژین و ئێمە بە برایەتی و پێکەوەژیان و یەکتر قبوڵ کردن دەتوانین گەلی خۆمان بەختەوەر بکەین و وڵاتی خۆشمان ئاوەدان بکەین. شەڕ تاقی کرایەوە، کەسمان خێرمان لە شەڕ نەبینی، پێویستە ئەو ڕۆژە نەمێنێت کە خوێنی گەنجێکی تورك بەدەستی گەنجێکی کورد بڕژێت یان خوێنی گەنجێکی کوردیش بەدەستی گەنجێکی تورك بڕژێت.

بناغەی پرۆسەی ئاشتی دانرا و ئێمە پڕ بە دڵ سوپاسی جەنابی ئەردۆگان دەکەین، کە زۆر بوێرانە ڕێگای ئاشتی هەڵبژاردوو دەستی بە پرۆسەی ئاشتی کرد، داواکاری من لە هەموو براکانم لە کوردان و برایانی تورك ئەوەیە پشتیوانی پرۆسەی ئاشتی بکەن، شەڕی ئاشتی شەڕێکی زەحمەتە، باوەڕ بکەن کەسێك گەر بوێر و بە جورئەت نەبێت ناتوانێت شەڕی ئاشتی بکات. چەند ڕێگەی ئاشتی درێژ بێت باشترە لەوەی سەعاتێك شەڕ هەبێت، لەبەر ئەوە دەمەوێ ئەمڕۆ لێرە ڕایبگەیەنم هەموو برایانی کورد و هەموو برایانی تورك لەگەڵ پرۆسەی ئاشتی داین و پاڵپشتی پرۆسەی ئاشتی دەکەین.

هەنگاوی گرینگ ئەوە بوو دەست بە پرۆسەکە بکرێ، هەموومان دەزانین پێش پازدە بیست ساڵ مەحاڵ بوو من لە دیاربەکر لە ڕۆژێکی ئاوادا بێم لەخزمەتی ئێوەدا قسە بکەم. ئەمە بەرهەمی ئاشتی، بەرهەمی برایەتی، بەرهەمی لێك تێگەیشتنە، ئێمە بڕوامان وایە پرۆسەی ئاشتی دەگاتە ئەنجام، و چەند کاتی پێویست بێت، پێویستە بۆی تەرخان بکرێت.

لە کۆتاییدا جارێکی تر من زۆر بەختەوەرم بەخزمەتی ئێوە گەیشتم، داخوازی سەرکەوتن و بەختەوەری بۆ ئێوە دەکەم، لەدواییدا چەند وشەیەك بە تورکی دەڵێم هەر چەندە من تورکی نازانم، یەشەسن کورد و تورك قارداشلیك، یەشەسن بارش، یەشەسن ئوزگورلوك»، بژی برایەتی کورد وتورك، بژی ئاشتی، بژی ئازادی، هەر سەرکەوتوو و بەختەوەر بن.



# ئەو زیارەتەی بارزانی بۆ ئامەد مانایەکی ئەوتۆ بۆ سنوورەکانی سایکس-پیکۆ ناهێڵێتەوە

ئاسۆ کەریم
بۆ گوڵانی نوسیووە



**دەوڵەت باخچەلی، سەرۆکی بزووتنەوەی نەتەوەپەرستی تورک MHPدبێژە: «ئەردۆگان لە دیاربەکر لەگەڵ پێشمەرگەیەکدا کۆدەبێتەوە، ئەمڕۆ لەگەڵ بارزانی و سبەی رەنگە لەگەڵ ئەوەی ئیمرالی-یش کۆبێتەوە». ئەرێ کەس لەو قسانە نافکرێ؟**

رۆژی شەممە سەرۆك بارزانی بە سەردانێکی فەرمی کە لەلایەن ئەردۆگان سەرۆکوەزیرانی تورکیاوە داوەت کرابوو، گەیشتە شاری ئامەدی کوردستانی باکوور. ئەم سەردانە، سەردانێکی ئاسایی نییە، بە قسەی من نا، بەڵکە بەقسەی هەندێ نووسەری تورك «سەردانێکی مێژوویيە» و «ئیدی سنووره جیوگرافی و سیاسییەکان کە لە پەیماننامەی سایکس-پیکۆ کێشرابوون، مانایەکی ئەوتۆیان بۆ نامێنێتەوە».. هەڵبەت ئەوە یەکەمین سەردانی بارزانی نییە بۆ تورکیا، بەڵام ئەو سەردانە لەم کاتەدا و بۆ ئامەد « دیاربەکر »و دیتن و کۆبوونەوە لەگەڵ ئەردۆگان دا لەوێ، مەغزاو دەلالەتێکی قووڵی هەیە. دیارە هەر تەڕەف و لایەن و چاودێرێك هەڵسەنگاندن و تێڕوانینی خۆی بۆ ئەم زیارەتە هەیە. هەندێ شاری کوردستان، لەم یان لەو پارچەیەدا مێژووکردن و بوونەتە سیمبوڵی خەبات و ناسنامەی نەتەوەیی کورد. لە کوردستانی رۆژهەڵات سابڵاخ «مەهاباد»و لە کوردستانی رۆژئاڤا قامیشلۆ و لە کوردستانی باکوور ئامەد «دیاربەکر»و لە باشووریشدا، هەولێر پایتەخت و شاری دێرین و کەوناراو مەتبەقی سیاسیی کوردانە.

ژنە پەرلەمەنتاری کورد، لەیلا زانا قسەیەکی حیسابی کردووە کە دبێژە: «ئەم زیارەتە سوودی بۆ هەموو لایەك هەیە»، واتە سوودی بۆ پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا هەیەو دەبێ لەم دیدگایەوە سەیر بکرێ. بەو مانایەی کە هەقە، ئیعتوباریی ئایدیۆلۆجی بخرێتەلاوە و لایەنە کوردییەکانی ئەوێ، لەسەر ئاستی فەرمی و میللی، پێش خەڵکی دیکە، ئەو زیارەتەی سەرۆك بارزانییان پێ خۆش بێ، چونکە بارزانی لە مێژە جەختی لەسەر «چارەسەری بەئاشتییانەو دیموکراتیکانەی دۆزی کورد لە تورکیا» کردۆتەوە. بەکردەوەش سەرۆك بارزانی تەرەفێکی خێر بووە کە جۆرێ لە زەمینە بۆ گوێڕاگرتن لەنێوان دەوڵەتی تورکیا و PKK« و ئۆجالان» خۆش ببێ. وێڕای کۆسپ و تەگەرەی زۆر و میراتی کەڵەکەبووی ٩٠ ساڵە، خەریکە هەنگاو بە هەنگاو و بە پارێزەوە تورکیا لە چارەسەری پرسگرێکی کورد نزیك دەبێتەوە، هێشتا ئەو رۆڵە چاوەڕوانکراوە لە بارزانی بە دیماهی نەهاتووە. ئاخر هەقە کورد و لایەن و کەسایەتییە سیاسییەکانی ئەوێ، نیشان و پێوەرێکیان بۆ هەڵوێست و بۆچوونەکانیان هەبێ! چما دەوڵەت باخچەلی، سەرۆکی بزووتنەوەی نەتەوەپەرستی تورك MHP دبێژە: «ئەردۆگان لە دیاربەکر لەگەڵ پێشمەرگەیەکدا کۆدەبێتەوە، ئەمڕۆ لەگەڵ بارزانی و سبەی رەنگە لەگەڵ ئەوەی ئیمرالی-یش کۆبێتەوە». ئەرێ کەس لەو قسانە نافکرێ؟

قسەی سەیرو بێ بنەما لەبارەی ئەو زیارەتەوە کراوە و رەنگە هی تریش بکرێ: گوایا، ئەردۆگان بۆیە بارزانی لە ئامەد دەبینێ، تا لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی داهاتوودا لە ناوچەی کوردنشین، باری خۆی پێ راست کاتەوە! یان گوایە تورکیا و AKP دەیانەوێ لە جێی ئۆجالان، بارزانی بە موخاتەب وەربگرن. دیارە بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان- عێراقە، بەگوێرەی قانوونی نێودەوڵەتی ناکارێ و بۆی نییە مایەی خۆی لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی دیکەی خاوەن سەروەر بکا، لێ وێڕای هەستیاریی پرسی کورد، بارزانی هەمیشە جەختی لەوە کردۆتەوە کە پرسگرێکی کورد دەبێ بەئاشتییانە چارەسەر بکرێ و رێز لە هەر داوا و «ئیختیار»ێك دەگرێ کوردی هەر پارچەیەك بە ئازادانە هەڵیدەبژێرێ و تەنانەت چەندین جار لەسەر زاری سەرۆك بارزانی و نێچیرڤان بارزانی، بەناو ناوی ئۆجالان هاتووە کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی رۆڵی ئەو، پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا و چارەسەری پرسی کورد بە زەحمەت دەچێتە پێشەوەو سەر دەگرێ. پێموایە تورکیاش لەو هەقیقەتە گەیشتوە. لەدوا دیمانەی ئۆجالان و شاندی پەرلەمەنتارانی HDP، BDP دا، بە قسەی پەرلەمەنتار سری سورەیا ئۆندەر بێ، ئۆجالان لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتدا، دانوستاندنی گرنگی هەبووەو چاوەڕێی ئەنجامەکان دەکا. بۆیە، بە تێڕوانینی خۆم، کە ئێستا پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا، جۆرێ لە خاوی و دڕدۆنگی پێوە دیارە، جارەکا دی دەبوژێتەوەو گەرموگوڕ دەبێتەوە. لەسەرینی ئەمەوە هەق وایە، نوێنەرانی کورد لە تورکیا، پێش رووداوەکان نەکەون.

دوو شتی تازەی ئەو زیارەتە هەیە کە ناکرێ باس نەکرێن، یەکەمیان لەم زیارەتەدا، شڤان پەروەری سرودبێژو سترانبێژی بەنێوبانگی کورد، کە رەمزی بەرەنگاری بووە، هاوسەفەری سەرۆك بوو و زێتر لە ٣٥ ساڵە تورکیای جێهێشتووە، لە ئامەد، لە ئاهەنگێکدا لەتەك ئیبراهیم تاتلیسازدا گۆرانییان چڕی. ئەی ئەوە بۆ خۆی رووداوێکی سەرنجڕاکێش نییە لە تورکیای تا دوێنیی تەواو «کەمالیستی»دا؟ خاڵی دووەمیان، ئەوەیە کە لقی حزبی حوکمڕان، واتە لقی AKP لە ئامەد، دروشم و لافیتەی بەخێرهاتنی سەرۆك بارزانییان بە تورکی و کوردی، وەك کوردی باکوور دەبێژن «بە کرمانجی» نڤیسیە، واتە ئەگەر تا دوێنی پارتە کوردییەکان و شارەوانی ئامەد، لە بۆنە فەرمییەکاندا، دروشم و پیرۆزباییان بە کوردی نووسیبێ و لەسەری سزا درابن، ئەوا لێرە بەدواوە، ئەو

تابۆیە بۆ حزبی حوکمڕانیش شکاو ئیدی دەرفەتێکی دیکە بۆ زمانی کوردی دەکرێتەوە.

ڕەنگە قسەی وا کرابێ، یان بکرێ کە ماوەیەك پێش ئێستا سەرۆکی حکوومەت، نێچیرڤان بارزانی، لە ئەنقەرە بووەو لەگەڵ بەرپرسانی تورکیا (ئەردۆگان و داود ئۆغلۆ)دا دیداری هەبووە، داخوا لەو زیارەت و یەکدیدیتنەی بارزانی و ئەردۆگان چ باس دەکرێ و چ شتێکی تازە هەیە بخرێتە بەر باس؟

بەبەر چاومانەوەیە کە لەو ماوەیەدا، هامشۆی دیپلۆماسی لەنێوان تورکیا و عێراقدا، پاش ماوەیەك ساردی و یەکدی تۆمەتبارکردن، تینێکی تێکەوتووە و سەردانی زێباری بۆ ئەنقەرە، سەردانی داود ئۆغلۆ بۆ بەغدا، ئەگەری زیارەتی مالیکی لە ماوەی داهاتوودا. گەلۆ دەبێ لەنێوان کاربەدەستانی تورکیا و عێراقدا چ بێتە باسکردن؟ لەکاتێکدا وەك دەزانین هێشتا کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەر نەبوون، بەتایبەتی کێشەی نەوت و گاز: گرێبەستەکان و هەناردەکردنی نەوت بە ڕێگای بۆڕیی سەربەخۆ لە ڕێگای تورکیاوە، چۆنیەتی دابەشکردنی داهاتەکان و میکانیزمی ئەو دابەشکردنە لەنێوان هەولێرو بەغدادا.. لەم کێشانەدا، بە حوکمی وەبەرهێنانی زۆرو زەوەندی تورکیا لە بواری وزەو گواستنەوەی نەوت و گاز بەناو خاکی تورکیادا و، بوونی سەدان کۆمپانیای تورکی لە بواری جیا-جیادا، هەڵکشانی ساڵ بە ساڵی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەرێم و تورکیا و، تورکیا و باقی ناوچەکانی دیکەی عێراق، بەڵێ بە حوکمی ئەوانە هەموویان و بە حوکمی تەنگژەی سوریا و پەرەسەندنەکانی ئەوێ و جڤینی جنێف ٢ و هەوڵی ناوبژیوانی نێوان ئێران- ئەمریکا و خاوبوونەوەی کاتیی قەیرانەکان (سەیر بکەن ئۆباما داوا لە کۆنگرێس دەکات سزای زێتر بەسەر ئێراندا نەسەپێنێ)، تورکیا بمانەوێ و نەمانەوێ وەکو دەوڵەتێکی هاوسێی بەرژەوەندخواز، قسەی لە پێشهاتەکاندا دەبێ و لە بەرژەوەندیی خۆیدا دەبینێ کە بەشداریی لە دۆزینەوەی چارەیەك بۆ کێشەکانی هەولێر- بەغدادا بکات کە لە ئاکامدا بازنەی بەرژەوەندییەکانی هەم فرەوانتر دەبن و هەم دەپارێزرێن و هەم لە ئایندەش دڵنیا دەبێ و ئەو ئاواتەی دێتە دی کە وزە (گازو نەوت)ی بە نرخێکی گونجاوتر، ژ بلی رووسیا و ئێران، لە هەرێمی کوردستان و لە عێراق چنگ بکەوێ.. ئەوەتا بەگوێرەی ئاژانسەکان، ڕەنگە یەکێ لە پێشنیازەکان ئەوە بێ کە داهاتی نەوتی فرۆشراوی کوردستان (بەجیا و سەربەخۆ فرۆشراو) لە بانکێکی تورکی دابندرێ و بۆ دابەشکردنی ئەو



## لەیلا زانا:

## کاتی ئەوە هاتووە واز لە ململانێ بێنین و هەر بەشێکمان ئەوی دیکە تەواو بکات

نابێت هیچ کەسێک بەشێوەیەکی کورتبینانە سەیری ئەم سەردانەی سەرۆک بارزانی بۆ ئامەد بکات. ئێستا کاتی ئەوەیە واز لە ململانێی بێنین و بەو چاوە لەیەکتری بڕوانین کە هەربەشێکمان ئەوی دیکە تەواو دەکەین.. ئەمەش پەیامێکە بۆ هەمووان.

هەر کەس ئازادە هەر بیروبۆچوونێکی هەبێت، بەڵام ئەگەر ڕێز لە بەها و پرۆسەی دیموکراتی بگرین، ئەوا دەبێت بە ئەقڵیەتی دیموکراتیانە سەیری ئەم پرسانە بکەین، هەربۆیە نابێت کەس بەوجۆرە سەیری ئەم سەردانە بکات وەک بەرنامەیەک بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەک پارتی، ئەوەی لەم سەردانە گرنگە هەوڵدانە بۆ بەردەوامی پرۆسەی ئاشتی، ئەم بەردەوامیەش سوودی بۆ هەموو لایەک هەیە، بۆیە بەڕێزەوە سەیری ئەم سەردانە هاوبەشەی بارزانی و ئەردۆگان بۆ ئامەد دەکەین.



**ئێستا پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا، جۆرێ لە خاوی و دڕدۆنگی پێوە دیارە، جارەکا دی دەبوژێتەوەو گەرموگوڕ دەبێتەوە. لەسەرینی ئەمەوە هەق وایە، نوێنەرانی کورد لە تورکیا، پێش ڕووداوەکان نەکەون**

**سەرۆک بارزانی دەتوانێ ببێتە چەتری کۆکەرەوەی کوردان، لەم هەلومەرجە ناسک و وردەی ئێستاداو تەنیا و تەنیا بە یەکێکی وەک ئەو دەکرێ، چ وەکو کەسایەتیی خۆی، چ بە حوکمی پێگەی فەرمیی خۆی وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان، چ وەکو میراتگری بنەماڵەیەکی گەورەو خەباتکارو ناسراوی کوردستان کە سەدەیەکە دەستیان لە هەموو پارچەکاندا هەبووەو هەیە، چ بە حوکمی پێوەندییە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکانی**

داهاتەش لەنێوان هەولێرو بەغدا لەسەر میکانیزمێك ڕێککەوتن بکرێ.. تورکیا، بە قازانجی خۆی دەبینێ و بە قازانجی هەرێمی کوردستانیشە کە جۆرێ لەسەربەخۆیی ئابووریی بۆ پەیدا ببێ و هەموو ڕۆژێ دەستی لەبن سەری بەغداد و کاربەدەستە مەزاجییەکانی ئەوێ نەبێ، چونکە سەرباری ئەو چاڵە نەوتییانەی ئێستا کۆمپانیاکانی تورکیا کاریان تێدا دەکەن، بە قسەی وەزیری وزەی تورکیا، تانەر یەلدز بێ، بڕیارە تورکیا بە هاوبەش لەگەڵ حکوومەتی هەرێمدا لە ١٣ ناوچەی دیکەدا لە بواری نەوتدا کار بکەن. کەواتە، بە مەزەندەی خۆم لەو دیمانەیەدا، تەوەری وزە، تەوەرێکی سەرەکیی ئاخاوتنەکان بووە، پێش چوونی مالیکی بۆ ئەنقەرە.


پەرەسەندنەکانی ناو سوریا، کۆنگرەی جنێف ٢، ڕاگەیاندنی یەکتەڕەفەی جۆرێ لە خۆبەڕێوەبەری لە کوردستانی ڕۆژئاوا و هەڵوێستی ئەمریکاو ئۆپۆزیسیۆنی سوریا لەمەڕ ئەم مژارە، دێنە بەر باس. لێرەدا، ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئاماژەی بۆ بکەم، هەندەی من سەرنجم دابێ و بارزانیم ناسیبێ، لە بارەی پرسی کوردەوە چەند خاڵێکی لا مەبەستە: یەکەمیان کوردان لەناوەخۆیاندا تەباو تفاق بن، چونکە پێیوایە کورد بەیەکڕێزی هەندێ ئامانجی بۆ دێتە دی و حیسابێکی بۆ دەکرێ، لەم سۆنگەیەوە پێویستە PYD بگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتننامەی ١١ی تەمووزی ٢٠١٢ی هەولێر، دووەمیان: بارزانی لەگەڵ مافەکانی کوردە لەهەر پارچەیەکدا بەگوێرەی توان و شیان و «خیاراتە» ئازادەکانیان و بە شێوازی ئاشتییانە، سێیەمیان: پێویستە کورد، وەك نەتەوە بە کەمترین زیان لە تەنگژەی سوریا و ناوچەکە بەگشتی دەرچێ و تووشی شەڕی بەوەکالەت نەبێ.. ماوەتەوە ئەوەش بڵێین سەرۆك بارزانی دەورێکی باڵای بینیوە، کە پرسی کورد و مافەکانی لە سوریا وەکو پرسی نەتەوەیەك، لە لایەن تورکیا و ئەمریکا و ڕووسیا و وڵاتانی دیکە بناسێنێ و ڕۆڵێك لە ناساندنی نوێنەرانی کورد بە PYDەشەوە بە وڵاتان، بگێڕێ، پێموانییە PYD بکارێ نکۆڵی لەو ڕۆڵەی بارزانی بکات...

هەرێمی کوردستان وێڕای کە دەوڵەت نییە، بەڵام دەوڵەتدارییەکی باشی کردووەو هاوسەنگییەکانی ناوچەکەی ڕاگرتووەو زۆر ماندوو بووو تا لە دەرو جیرانەکانی، بەتایبەتی لە تورکیا بگەیەنێ، کە هەرێمی کوردستان هیچ خەتەرێك بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی تورکیا پێك ناهێنێ. کورد، سەر لەبەری نەخشەی ناوچەکە قلّپ ناکاتەوەو تەنیا مافە ئینسانییەکانی خۆی دەوێ، لە سەرینی ئەو سیاسەتەو، بە ڕەچاوکردن و تێکهەڵکێشکردنی بەرژەوەندییەکان، سەرۆك بارزانی لە ئامەد لەلایەن سەرۆکوەزیرانی تورکیا ئەردۆگانەوە پێشوازی لێ دەکرێ! ئەرێ ئەمە ئەزموونێك نییە و ناکرێ ڕەچاو بکرێ...

پێموانییە، کوردێك هەبێ، خۆبەڕێوەبەریی کوردی لە ناوچە کوردنشینەکانی سوریای پێ خۆش نەبێ و بە سەرفرازی و سەروەری بۆ خۆی نەزانێ، یان ڕۆڵ و سەنگی PYD لەبەرچاو نەگرێ، بەڵام خۆسەپاندن و دوورخستنەوەی باڵێکی گەورەی کوردایەتی لەوێ، بمانەوێ و نەمانەوێ گرێیەك دروست دەکا، هەڵبەت دەرفەت ماوە ئەو گرێیە بکرێتەوە...

لێ تورکیا، رای چییە بەرانبەر رۆژئاڤا، ئەوەیان حیسابێکی ترە، ئاخر ئەو وەکو دەوڵەت و لە چوارچێوەی بەرژەوەندو قووڵایی ستراتیجیی سیاسەت و هەڵوێستەکانی خۆی بەرانبەر ئەم یان ئەو پرسە دەردەبڕێ، بەڵام هەندەی من لە هەڵوێستی تورکیا لە بەرانبەر تەنگژەی سوریا تێگەیشتبم، جۆرێ لە ساردبوونەوە بە هەڵوێستەکان و هەڵسوڕان و داسوڕانی ئەم دواییەیان دیارە. یەکەمیان رەنگە تورکیا لەوە گەیشتبێ کە ئاسان نییە لەو هاوکێشەیەی لە ناوچەکەدا هەیە، ئۆپۆزیسیۆنی سوریا بەو عاجباتییە و تێکەڵ-پێکەڵییەی خۆیەوە، رژێمی ئەسەد بڕوخێنێ و رەنگە وەشاندنی گورزێکی سەربازی هەر نەکرێ. دووەمیان بوونی قاعیدەو رێکخراوەکانی سەر بە قاعیدەیە، بەو چڕییەی ئێستا لە سوریا کە جۆرێ لە دڕدۆنگی بۆ تورکیا پەیدا کردووەو رەنگە لە ئایندەدا سەرئێشەی زۆرتریشی بۆ پەیدا بکەن، لەم سۆنگەیەوە هەوڵ دەدا سنوورو تخوبی خۆی بە رووی سوریادا قایم بکات. سێیەمیان، سوریا مۆزایکێکی نەتەوەیی و ئیتنی و مەزەبی و ئایینییە، تورکیا ترسی لە پارچە-پارچەبوونی ئەو وڵاتەدا هەیە، لە سۆنگەی ئەمەوە، تورکیا قەوارەیەك لە سەر سنووری خۆی ببینێ کە PYD یەکی سەر بە PKK سەرپەرشتی بکا، لەم ساتەدا کە هێشتا پرۆسەی ئاشتی و گرفتی PKK لە تورکیا چارەسەر نەبووە، بەئاسانی هەرس ناکرێ و بە هۆکارێکی فشار و خەتەر بۆ سەر تەناهی نەتەوەیی خۆی دەزانێ. پرسیار ئەوەیە، ئەگەر PYD بە پرس و را و رێککەوتنی هەموو لایەنە کوردییەکان، بەیەکڕێزی شتێکی بۆ خۆبەڕێوەبردن بکردبایە، ئەو دەم هەمان کاردانەوە لای تورکیا و لای ئەمریکاو لای ئۆپۆزیسیۆنی سوریا دروست دەبوو؟

بەهەر حاڵ، زۆر پرسی دیکەش هەن کە دەکرێ قسەو باسیان لەبارەوە بکرێ. لێ ئەوەی گرنگە بارزانی لەم زیارەتەدا سەر لە شارەوانی گەورەی دیاربەکر دەدا و لایەن و کەسایەتییەکانی دیکەی کورد بینرا و باسێك لەناو ماڵی کوردان کرا. سەرۆك بارزانی دەتوانێ ببێتە چەتری کۆکەرەوەی کوردان، لەم هەلومەرجە ناسك و وردەی ئێستاداو تەنیا و تەنیا بە یەکێکی وەك ئەو دەکرێ، چ وەکو کەسایەتیی خۆی، چ بە حوکمی پێگەی فەرمیی خۆی وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان، چ وەکو میراتگری بنەماڵەیەکی گەورەو خەباتکارو ناسراوی کوردستان کە سەدەیەکە دەستیان لە هەموو پارچەکاندا هەبووەو هەیە، چ بە حوکمی پێوەندییە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکانی.



## جەنگیز چاندار:
## بارزانی تو بخێرهاتی بو ئامەدێ

**پێشوازی کردن لەسەرۆکی هەرێمی کوردستان مسعود بارزانی بۆ ناوەندی هەرچوار پارچەی کورد کە دیاربەکرە، وەکو میوانێکی سەرۆک وەزیرانی تورکیا، بەشێکی کوردەکانی دڵخۆش کردووە و بەشێکی تری تووشی دڵەراوکێ کردووە.**
**بەهۆی پێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ناوی بارزانی، پێشوازی کردنی بەشێوەیەکی کەرنەڤاڵی لەدیاربەکر وەک شارێکی کوردی، بێگومان کوردەکان دڵخۆش دەکات.**
**من وەکو کەسێک کە هەموو ژیانم بۆ ئاشتی و برایەتی تورکیا و کوردەکان تەرخان کردووە زۆر دڵخۆشم بەم سەردانە، بەتایبەتی بە هاتنەوەی دۆستم شڤان پەروەر دوای ٣٧ساڵ.**
**لەو سەردانەی ئامەدی (بارزانی) دا داواکاری و چاوەڕوانی خەڵکی کورد لە AKP زیاترە، بۆیە لێدوانەکانی بارزانی لە ئامەد زۆر گرنگە بۆ دەرهێنانی خەنجەری «دابەش بکە- بەڕێوەبیە» کە لە دڵی کوردەکاندا دەچەقێنن.**

## هنری بارکی بۆ گوڵان:

# سەردانی بارزانی بۆ ئامەد پەیامێکە بۆ ئەوەی رۆژگاری دوژمنایەتی کورد و تورک بەسەرچوو

**پرۆفیسۆر هنری بارکی لەگەڵ گراهام فۆلەری بەڕێوەبەری پێشووی CIA ئەمریکا نووسەری کتێبی کێشەی کورد لە تورکیا، هەروەها تایبەتمەندە لەسەر پرسی کورد و رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئێستاش پرۆفیسۆر بارکی تایبەت لەسەر هەرێمی کوردستان لە ئامۆژگای کارنجی تۆژەرە، ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی لیهی، بۆ قسەکردن لەسەر سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە داوەتی فەرمی حکومەتی تورکیا بۆ شاری ئامەد لە تورکیا، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر بارکی ئەنجامدا و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** سەردانی ئەمجارەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەداوەتی فەرمی حکومەتی تورکیا بۆ شاری ئامەدە لەتورکیا، پرسیاری ئێمە ئەوەیە بۆچی حکومەتی تورکیا بەفەرمی داوەتی بارزانی بۆ ئامەد دەکات؟**

- پێموایە ئەمە ڕێگایەکە بۆ ئەوەی بارزانی پیشانی بدات کە پشتیوانی پرۆسەی ئاشتی دەکات لە تورکیا، ئەمە ڕێگایەکە بۆ ئەوەی حکومەتی تورکیا بە ئاشکرا پشتیوانی بارزانی بۆ پرۆسەی ئاشتی بخاتەڕوو، کەواتە لەو رووەوە-سەردانێکی- گرنگ و بێ وێنەیە. هەروەها سیمبولیە لەبەر ئەوەی داننانە بەوەی کێشەی کورد تەنها کێشەیەك نییە لە عێراقدا، بەڵکو لە تورکیاشدا ئەم کێشەیە هەیە. لەم گۆشەنیگایەوە دەتوانین بڵێین ئەمە هەنگاوێکی زۆر گرنگ و دراماتیکی بوو لەلایەن ئەردۆگانەوە. خاڵی سێیەم ئەوەیە ئەمە ڕێگایەکە بۆ ناردنی پەیامێك بۆ ڕای گشتی تورکیا کە بڕوانن ڕۆژگاری دوژمنایەتی تورك و کورد بەسەرچووە و دەبێت تورك و کورد ڕێگایەك بۆ پێکەوە هەڵکردن بدۆزنەوە.

*** بێگومان سەرۆکی هەرێمی کوردستان هاوکاری پرۆسەی ئاشتی یە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەتورکیا، بڕیاری ئاشتی لە ئەنقەرەیە، ئایا تاچەند ئەم سەردانە دەبێتە هۆکارێك بۆ خێراکردنی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا؟**

- ئەوە ڕاستیە ئەوانەی بڕیار لەبارەی ئاشتیەوە دەدەن لە تورکیا، سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو ئەوە حکومەتی تورکیا و کوردەکانی تورکیان، بۆیە مەسەلەکە ئەوەیە تا چەند پەکەکە دەیەوێت ئەم کارە بکات، بەڵام سەردانەکەی بارزانی لە بنەڕەتدا دەبێتە هۆی متمانەبەخشین بە خەڵکی ناوچەکە کە کوردەکانی عێراق پشتیوانی ئەم هەنگاوە دەکەن. ئەمە مەسەلە گەورەکەیە لێرەدا. هەروەها گرنگە لەوە تێبگەین کە ئەوە بارزانی نییە ئاشتی بەرپا دەکات، بەڵکو دەبێت کوردەکانی تورکیا ئەم کارە بکەن، هەموو ئەوەی بارزانی دەیکات ئەوەیە پشتیوانی خۆی بۆ پرۆسەکە پیشان دەدات.

*** لە چوارچێوەی مێژووی تورکیاو مێژووی پەیوەندی**





**سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێگایەکە بۆ ئەوەی حکومەتی تورکیا بە ئاشکرا پشتیوانی بارزانی بۆ پرۆسەی ئاشتی بخاتەڕوو و سەردانێکی گرنگ و بێ وێنەیەو سیمبولیە**

**نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، بۆ یەکەمجارە لە مێژوودا سەرکردەیەکی کورد بانگهێشت بکرێت بۆ سەردانکردنی شارێکی کوردی لە تورکیا، ئەمەش ئاماژەیە بە گۆڕانی سیاسەتی تورکیا لە ئاست هەرێمی کوردستاندا، ئایا تا چەند بارزانی دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لەوەی کێشەی کورد بە ئاشتیانە چارەسەر بکرێت لە تورکیا و تا چەند ئەردۆگان ئامادەیە بۆ گوێگرتن لە بارزانی لەبارەی چارەسەرکردنی کێشەی کوردی وڵاتەکەیەوە؟**

- من پێشتر وەڵامی ئەمەم دایە، پێموایە ئەمە سەردانێکی زۆر گرنگە، ئەمە ڕێگایەکە- کە بارزانی سەردانی ئامەد دەکات کە بە پایتەختی کوردستانی تورکیا دادەنرێت- بۆ ئەوەی پشتیوانی تەواوی خۆی پیشان بدات بۆ پرۆسەی ئاشتی. بەڵام لە کۆتاییدا لەبەر ئەوەی پەکەکە بنکەی لە کوردستان هەیە- لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان-، ئەوا ئەوەی بارزانی دەیڵێت و ئەوەی ئەنجامی دەدات لەبارەی پرۆسەی ئاشتیەوە گرنگە، چونکە ئەگەر بارزانی پشتیوانی پرۆسەی ئاشتی نەکردایە، ئەوا شتەکان تەواو جیاواز دەبوون، بەڵام ڕوونە لەبەر پەیوەندیە ئابوریەکان، لەبەر پشتبەستنی هەرێمی کوردستان بە تورکیا، هەروەها بە گشتی لەبەر ئەوەی حکومەتی ئێستای تورکیا- دەبێت ئەوەی بۆ بنووسرێت- کاری زۆر گەورەی کردوە بۆ چارەسەرکردنی هەندێ لە کێشەکانی ڕابردووی نێوان تورکیا و کوردستان، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت. ڕەنگە هەندێ کەس تووڕە بن، ناسیۆنالیستە تورکەکان تووڕە دەبن و ڕەنگە هەندێ لە پشتیوانەکانی پەکەکەش تووڕەبن، چونکە ڕەنگە وادەربکەوێت بارزانی پشتیوانی ئەردۆگان دەکات. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەمە پەرەسەندنێکی ئیجابییە. دەبێت ئەوەمان لەیاد بێت کە هەر پەرەسەندنێکی ئیجابی لەم چەشنە، وەك دروستکردنی باڵەخانەیەك وایە، واتە تۆ بە شێوەیەکی لەسەرخۆ خشت بە خشت بنیاتی دەنێیت و بناغەیەك دروست دەکەیت، ئەمەش مەسەلەیەکی گرنگە لێرەدا، کە ئەوان بناغە بۆ ئایندە دادەنێن، ڕەنگە هەمیشە ڕاستەوخۆ دەرئەنجامەکان نەبینین و ئاشکرا نەبن، بەڵام لە کۆتاییدا بناغەیەکی پتەو دادەنێن کە بتوانن بینای لەسەر بکەن.

**سەردانەکەی بارزانی بۆ ئامەد لە بنەڕەتدا دەبێتە هۆی متمانەبەخشین بە خەڵکی ناوچەکە کە کوردەکانی عێراق پشتیوانی ئەم هەنگاوە دەکەن. ئەمە مەسەلە گەورەکەیە لێرەدا**

*** بێگومان لە وتووێژەکانی نێوان بارزانی و ئەردۆگان کۆمەڵێك پرس دەکرێن، یەکێك لەو پرسە گرنگانە بێگومان مەسەلەی سوریایە، ئایا تاچەند ئەم پرسە بۆ هەرێمی کوردستان و تورکیا گرنگن و بۆچوونی هاوبەشی لەسەر دروست دەبێت؟**

- مەرج نییە من دڵنیابم لەوەی بارزانی و ئەردۆگان سەد دەر سەد هاوڕان لەسەر ئەوەی لە سوریادا ڕوودەدات، ڕەنگە هەندێ جیاوازی هەبێت، لەبەر ئەوەی بارزانی ڕەنگە زۆر نیگەران بێت لەبارەی بەری ئەلنوسرەوە، و. . . هتد، پێدەچێت بە جۆرێك لە جۆرەکان هاوڕابن لەبارەی ڕۆژئاڤا و پەیەدە و هەردوولا حەز بە پەیەدە ناکەن. بە دڵنیاییەوە هەموو ئەو پرسانە گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت، ئەمەش دەرفەتێکە بۆ ئەوەی گفتوگۆیەکی دوورو درێژیان لەبارەوە بکەن، کەواتە بەڵێ هەموو ئەو پرسانە گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت.

*** بەڵام هەردوو لەسەر ئەو مەسەلەیە هاوڕان کە کێشەی سوریا بە ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد، دەرگای چارەسەری بۆ وەڵا دەبێت، لەم دۆخەدا تاچەند دەتوانن بەرەو ئەم ئامانجە هەنگاو هەڵبگرن؟**

- کێشەی سوریا کێشەیەك نییە بارزانی و ئەرۆدگان بتوانن بەهەردووکیان چارەسەری بکەن، ئەمە کێشەیەکی زۆر ئاڵۆزەو ئەوان گفتوگۆی لەبارەوە دەکەن، بەڵام ناتوانن چارەسەری بکەن. لەبەر ئەوە من بەو شێوەیە سەیری ناکەم کە ئەوە مەسەلەیەك بێت ئەوان بگەنە دەرئەنجامێك لەبارەیەوە. ئەوان بیروڕا ئاڵوگۆڕ دەکەن و باس لەوە دەکەن کە چییان پێدەکرێت، بەڵام ناتوانن چارەسەری بکەن، چونکە ئەمە کێشەیەکی زۆر زۆر قورسترە لەوەی دوولایەن بتوانن چارەسەری بکەن.



## هێمن هەورامی بۆ (گوڵان):

# ئەم سەردانەی ئامەد دەرخەری ئەو راستیەیە سەرۆک بارزانی وەک مەرجەعی پرسی کورد لەسەر ئاستی ناوچەکە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت

**لەم قۆناخەدا کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گۆڕانکارییەکی گەورە تێدەپەڕێت و پرسی گەیشتۆتە ئاستێك کە چیدیکە بۆ دواوە ناگەڕێتەوە، لەنێو ئەم هاوکێشە سیاسییەدا بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ناوچەکە پەیامی ئاشتی و دیموکراتی هەڵگرتووە و ئەو وای دەبینی کێشەی کورد پێویستە بە ئاشتی و دیالۆگ چارەسەر بکرێت، هەربۆیە ئەم هەڵوێست و لۆژیکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆتە نەخشەی رێگە بۆ چارەسەری کێشەی کورد نەك تەنها لە کوردستانی باشور، بەڵکو لەسەر ئاستی پارچەکانی دیکەش، سەردانی ئەمجارەشی بۆ شاری ئامەد بە داوەتی فەرمی حکومەتی تورکیا، هەنگاوێکی دیکەیە بۆ هاندان و بەردەوامی پرۆسەی چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە تورکیا، بۆ هەڵسەنگاندن و قسەکردن لەسەر ئەم سەردانە مێژووییە و هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان، چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی بەڕێز هێمن هەورامی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** سەردانی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە داوەتی فەرمی سەرۆك وەزیرانی تورکیا بۆ ئامەد کە گەورەترین شاری کوردە لە تورکیا، ڕووداوێکی دەگمەنە لە مێژووی تورکیادا، ئایا ئەم سەردانە فەرمییەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئامەد چ مانا و مەدلولێکی سیاسی هەیە؟**

- سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بۆ ئامەد کۆمەڵێك ڕەهەند و مانای سیاسی و ئاماژەی گرنگی تێدایە، لەوانەش سەرۆك بارزانی بە سیفەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەو سەردانە دەکات، هەربۆیە بۆ سەردانێکی مێژوویی وەها (کەسەکان، شوێن، کات و سیاقی گشتی ڕۆڵی گرنگ لە بەخشینی مانا سیاسییەکان دەبینن. سەردانی سەرۆك بارزانی بە سیفەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، واتە قوڵتر بوونەوەی پێگەی هەرێمی کوردستان بە ئاراستەی لایەنێکی ئاکتیڤی ناوچەکەیە کە هێزە هەرێمایەتییەکان نەك ناتوانن ڕۆڵی هەرێمی کوردستان نادیدە بگرن، بەڵکو دەبێت مامەڵەی لەگەڵ بکەن و بەرژەوەندی و سەرنج و ڕوانگەو ئەولەویەتەکانی لە بەرچاو بگرن. ئەم سەردانە، بەو مانایەیە کە پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ پێشەوە دەچێت و پاشەکشە ناکات. دەرخەری ئەو ڕاستییە کە سەرۆك بارزانی، وەك مەرجەعی پرسی کورد لە سەر ئاستی پارچەکانی دیکە و حکومەتی ئەو وڵاتانەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. دەرخەری سەرکەوتووی ئەو ستراتیژەیە، کە سەرۆك بارزانی داڕێژەریەتی بەوەی کە پرسی کورد بە ڕێگا چارەی سەربازی چارەسەر ناکرێت و کورد بەهێز لە ناو ناچێت و ئەگەر هەر لایەنێك ئامادەی گفتوگۆ و ڕێگا چارەی ئاشتی بێت، ئەوا کوردیش ئامادەیە. ئەم سەردانە بە مانای سەرکەوتنی ئەو لۆجیکە سیاسییەیە کە سەرۆك بارزانی هەر لە سەرەتاوە بۆ مامەڵە لەگەڵ پرسی کورد لە باکور کردویەتی.

گرنگی سەردانەکە لەڕووی کاتەوە ئەوەیە، کە پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی خۆیدایە و جێگای خۆیەتی کە هەم حکومەتی تورکیا زیاتر هان بدرێت کە دەستکراوەتر بێت لە ناسینی مافە نەتەوەیی و دیموکراسییەکانی کورد لە باکوری کوردستان، هەوڵ بدرێت پرۆسەی ئاشتی بۆ پێشەوە بچێت نەك بوەستێ یان پاشەکشە بکات. بواری فراوانتر بۆ گفتوگۆی نێوان حکومەتی تورکیا و نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی تورکیا و بەڕێز ئۆجەلان زیاتر بڕەخسێنرێت و ئاستی گفتوگۆکان بۆ ئاستی دانوستاندن بەرز بکرێتەوە. لایەنێکی دیکەی گرنگی سەردانەکە لەڕووی کاتەوە، مەسەلەی بەرەو ئاسایی بوونەوەی پەیوەندی نێوان تورکیا و عێراق و سەردانی وەزیرانی دەرەوەی هەردوو وڵات بوو بۆ لای یەکتر و ئەگەری سەردانی مالیکی بۆ تورکیایە. ئەم سەردانەی سەرۆك بارزانی دەرخەری ئەوەیە، کە ئاسایی بوونەوەی پەیوەندی تورکیا و عێراق، لە سەر حسابی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان نابن، چونکە هەردوو لایەنی تورکی و عێراقی ناتوانن بەرژەوەندییەکانی خۆیان و پێگەی هەرێمی کوردستان لەناو ئەو پەیوەندییانە نادیدە بگرن یان بە پێچەوانەی کار بکەن یان ئیحتیوای بکەن. جگە لەوانەش لەڕووی کاتەوە، گۆڕانکارییە خێراییەکانی ناوچەکە، پرۆسەی جنێڤ ٢ لە سەر پرسی سوریا و کۆمەڵێك بابەتی دیکەی هەنوکەیی هەن، کە وا دەکات ئەم سەردانە لەڕووی کاتەوە بایەخێکی مێژوویی، جیۆپۆلەتیکی گرنگی هەبێت.

لەڕووی شوێنەوە، ئامەد وەك چەقی پرسی کورد لە باکور و پرۆسەی ئاشتی پێگەیەکی جوگرافی، مێژوویی و سیاسی گەورەی هەیە، بۆیە ئەم سەردانەی سەرۆك بارزانی لە سەر ئاستی پێگەی نەتەوەیی کورد لە ناو هاوکێشەکان، لەڕووی کات و سیاقی گشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بایەخێکی یەکجار گەورەی هەیە.

*** لەم کاتەدا کە کرانەوەیەك بۆ پرۆسەی ئاشتی و چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا لە ئارادایە؛ ئایا تاچەند ئەم سەردانە پرۆسەی ئاشتی کورد لە تورکیا هاندەدات؟**

- پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا بۆ ئێمەی کورد، لە هەموو پارچەکانی کوردستان پرسێکی ستراتیژییە. چونکە هەرجۆرە پێشکەوتنێکی سیاسی، دەستووری و ئاشتی و ڕێگا چارەی دیموکراسییانە بۆ پرسی کورد لە باکور، پێگەی ئێمە لە هەرێمی کوردستان بەهێزتر دەکات، ئاسۆی چارەسەر بوونی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات ئاوەڵاتر دەکات و لە ڕۆژئاواش تەکانێکی باشتر بە پرسی کورد دەدات، بۆیە سەردانەکەی سەرۆك بارزانی وێڕای پەیوەندی دوولایەنەی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، بۆ پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا و هەڵسەنگاندنی قۆناغی ئێستا و ئاستەنگەکانی بەردەم زیاتر بەرەوپێشچوون و دوایین هەڵوێستی هەریەك لە حکومەتی تورکیا و نوێنەرانی کورد، بەشێك دەبێت لە گفتوگۆکان، ڕۆڵی سەرۆك بارزانی و سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان هەر لەسەرەتاوە ڕۆڵێکی میحوەری بووە لەوەی کە باوەڕ بە حکومەتی تورکیا بهێنێت کە دیدگای ئەمنی و سەربازی ئەوان بۆ پرسی کورد و ئینکار و چەوساندنەوەی کورد و نەبوونی مافی یاسایی و دەستووری، سیاسەتێکی شکستخواردوو بووە. بە هەمان شێوە پەیامی سەرۆك بارزانی و سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان بۆ برایانمان

**سەردانەکەی سەرۆک بارزانی بۆ تورکیا قوڵتر بوونەوەی پێگەی هەرێمی کوردستانە بە ئاراستەی لایەنێکی ئاکتیڤی ناوچەکە و، پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ پێشەوە دەچێت و پاشەکشە ناکات**

**سەرۆک بارزانی، وەک مەرجەعی پرسی کورد لە سەر ئاستی پارچەکانی دیکە و حکومەتی ئەو وڵاتانەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، ئەمەش دەرخەری سەرکەوتوویی ئەو ستراتیژەیە، کە سەرۆک بارزانی داڕێژەریەتی بەوەی پرسی کورد بە ڕێگا چارەی سەربازی چارەسەر ناکرێت و کورد بەهێز لەناو ناچێت**

**سەردانەکەی بارزانی بۆ تورکیا هاندانی حکومەتی تورکیایە لەناسینی مافە نەتەوەیی و دیموکراسیەکانی کورد لەباکوری کوردستان**

**پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا پرسێکی ستراتیژییە و هەرجۆرە پێشکەوتنێکی سیاسی و دەستووری و ئاشتی و ڕێگا چارەی دیموکراسییانە بۆ پرسی کورد لە باکور، پێگەی ئێمە لە هەرێمی کوردستان بەهێزتر دەکات**

**هەڵوێستی سەرۆك بارزانی لە ڕوانگەی بەرژەوەندی کورد و ئایندەی دۆزی کورد لە ڕۆژئاواو یەکڕیزی کوردەوە دەڕوانێتە سوریا**

**هەڵوێستی شۆڤێنییەکانی مەهەپە، بایەخێکی ئەوتۆیان نییە، چونکە لەناو ڕای گشتی تورکیادا کەمینەیەکی کەمن. ئەمانە گیرۆدەی هەستی نەتەوەپەرستییەکی نەفەس کورتن. ئەمانە پاشماوەی ئەو عەقڵیەتە شکستخواردووەن کە لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا بە ئاگر و ئاسن کوردقڕانیان دەکرد**

لە باکور ئەوە بووە، کە ئێستا قۆناغێکی نوێیە، ڕێگای ململانێی چەکداری سوود بە دۆزی کورد ناگەیەنێت، بۆیە بۆ هەردوولا هیچ ئەلتەرناتیڤێکی باشتر لە پرۆسەی ئاشتی و دیالۆگ و چارەی دیموکراسی نییە.

*** حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیا وەك مەهەپە و جەهەپە، ئەم سەردانەی بارزانی بۆ دیاربەکر بە دابەشکردنی تورکیا دەزانن، ئایا بۆ نەتەوە پەرستەکانی تورکیا هێندە مەترسییان لەم سەردانەی بارزانی هەیە؟**

- ڕەنگە جیاوازییەك هەبێت لە هەڵوێستی جەهەپە و مەهەپە. هەفتەی پێشوو ئێمە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال بووین کە بە میوانداریی جەهەپە لە ئێستانبوڵ بەڕێوچوو. بەرپرسانی باڵای جەهەپەمان بینی، ڕەخنەی وامان لەوان گوێ لێ نەبوو. هەڵوێستی شۆڤێنییەکانی مەهەپە کە نەتەوە پەرستییەکی ڕاستیانە دەکەن، بایەخێکی ئەوتۆیان نییە، چونکە لەناو ڕای گشتی تورکیادا کەمینەیەکی کەمن. ئەمانە گیرۆدەی هەستی نەتەوەپەرستییەکی نەفەس کورتن کە جگە لە تورك بوونێکی توندڕەوانە، نایەنەوێت ئەسڵەن گوێ لەناوی کوردیش بگرن. ئەمانە پاشماوەی ئەو عەقڵیەتە شکستخواردووەن کە لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا بە ئاگر و ئاسن کوردقڕانیان دەکرد و خاکی کوردستانیان سوتماك دەکرد و ئینکاری بوونی نەتەوەی کوردیان دەکرد. بۆیە هەر لەو ڕوانگەیەوە، هەرجۆرە ئاسایی بوونەوەیەك بە هەڕەشە لەسەر خۆیان دەزانن. ئەمانە بە جێماوی شەمەندەفەری مێژوون، بۆیە لە ڕاستیدا هەڵوێست و بۆچوونەکانیان هیچ جێی بایەخ نین.

*** ئەم سەردانە گرنگەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئامەد، ڕاستەوخۆ دوای سەردانی وەزیری دەرەوەی تورکیایە بۆ بەغدا، ئەمەش مانای ئەوەیە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا، بە تەنگژە و ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی ئەنکەرە و بەغدا گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، ڕاشکاوانەتر هەولێر ئەمڕۆ لەسەر ئاستی هەرێمایەتی ئەو توخمەیە کە زیاتر ڕۆڵی سەقامگیری و ئاشتی دەگێڕێت، ئایا تۆ چۆن سەیری پێگەی هەولێر دەکەیت وەك پایتەختی هەرێمی کوردستان لە سایەی سەرکردایەتی لۆژیکانەی سەرۆك بارزانی؟**

- هەروەك لە وەڵامی پرسیاری پێشووتریش وەڵامم دایەوە، ئەمڕۆ هەولێر ڕۆڵی میحوەری پرسی کورد لە سەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش دەبینێت. فاکتەری کوردی، لە ڕێگای هەولێرەوە کۆڵەکەیەکی گرنگی سەقامگیری هەرێمایەتی و پێشکەوتنە دیپلۆماسییەکانە و ئەوەی پێی دەگوترێ Geopolitical Weight. سەرۆك بارزانی بە لۆجیکێکی ستراتیژیانە پێگەی کورد و هەولێری بەم ئاستەی ئێستا گەیاند. هەر لە سەرەتاوە، سەرۆك بارزانی ڕەنگرێژی ئەو ستراتیژەی بەوە کرد کە کورد، خاوەن ئەجێندای خۆیەتی و بەشێك نییە لە ئەجێندای (تورکیا، ئێران، ئەمریکا) یان هەر وڵاتێکی دیکە، ئەسڵی مامەڵەی کورد لەگەڵ هەر کام لە بلۆکبەندییەکانی ناوچەکە لەسەر ئەو بنەمایەیە کە کامیان زیاتر لە مەسەلەی کورد دێنە پێشەوە و مامەڵەی تەندروست لەگەڵ ماف و داخوازییەکانی کورد دەکەن. ئەوەی کرۆکی ستراتیژی هەرێمی کوردستان بووە لە لۆژیکی سەرۆك بارزانیدا پرسی نەتەوەیی کورد و بەرژەوەندی کورد و بەهاکانی دیموکراسی، ئاشتی، ئازادی و دیالۆگ و پێکەوە ژیان و هاوسەنگی و دەستێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی و بەرژەوەندی هاوبەش بووە. ئەمەش وایکردووە، کە لایەنەکانی هاوکێشەکان، ئەگەر لەگەڵ هەرێمی کوردستان و تەنانەت سەرۆك بارزانیش لە قۆناغێك یان لە پرسێك ناکۆك بووبن، بەڵام نەیانتوانیوە نە پێگەی سەرۆك و نە پێگەی هەرێمی کوردستان نادیدە بگرن، بۆیە ناچار مامەڵیان لەگەڵ کردووە ئێستاش هەولێر سەلماندییەوە کە ڕووەگەی سیاسی کوردە.

*** لایەنێکی دیکەی ئەم سەردانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئامەد، پیشاندانی کەسێتی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە وەك سەرۆکێکی نەتەوەیی بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ناوچەکە، بێگومان ئەمە بەو مانایەی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕۆڵی کەسایەتییەکی میانگیر و ئاشتیخواز لەناوچەکە دەگێڕێت، ئایا لەم قۆناخە تاچەند پێگەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ هەموو کورد گرنگە؟**

- سەرۆك بارزانی خاوەنی کۆمەڵێك خەسڵەت و شەرعییەتی یاسایی، سیاسی، شۆڕشگێڕی و مێژوویی و پێگەی نێودەوڵەتییە کە لە ڕێگای سەرۆك بارزانی وەك نوێنەرایەتی کردنی کورد لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی لێی دەڕوانرێت. وەك جارێك کینیس پۆلاك لە بروکینگز لە ناساندنی سەرۆك بارزانیدا وتی ((وەك چۆن هەموو ڕێگاکانی ئەورووپا دەچنەوە پاریس، هەموو ڕێگاکانی کورد لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەچنەوە لای مەسعود بارزانی)). ڕۆڵی سەرکردە، لە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی بۆ کۆکردنەوە و سەرکردایەتی گەلێك، یەکخستنی وزەی نەتەوەیی و ئاراستەکردنی بە ئامانجی بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکان و دەستکەوتی زیاتر، لە مێژووی سیاسی خەباتی گەلان بایەخێکی یەکجار گەورەی هەیە. ئێستاش لەسەر ئاستی هەرچوار پارچەی کوردستان هیچ کەسێك ئەو خەسڵەت و پێگە




و مەشـــروعییەتە مێژوویی و سیاسی و یاسایی و پێگە نێودەوڵەتییەی نییە کە ســـەرۆك بارزانی هەیەتی، بۆیە سەرۆك بارزانی بۆ هەموو کورد مەرجەعە.

*** ئێستا جموجوڵێکی گرنگ سەبارەت بە کێشەی کورد و کۆبوونەوەی نوێنەرانی هەر چوارپاچەی کوردستان بە ئاشـــکرا دەبینرێت، بەڕێزت ماوەیەك لەمەوبەر نوێنەری پارتـــی دیموکراتی کوردســـتان بوویت لە کۆنفرانســـی نوێنەرانی هەر چوارپارچەی کوردســـتان، وا بڕیاریشـــە کۆبوونـــەوەی داهاتـــوو لە هەولێر بێت، ئایـــا لەمبارەوە دەکرێت باسێکی ئەم لایەنەمان بۆ بکەیت؟**

-کۆنفرانســـەکە، لەلایەن IMPR کە دامەزراوەیەکی لێکۆڵینەوەی ستراتیژییەوە ڕێکخرابوو. بایەخی گەورەی کۆنفرانســـەکە لەوەدا بوو کە لـــە پایتەختی تورکیا بوو، زۆربەی هەرە زۆری لایەنە کوردســـتانییەکان بەشـــدار بوون و ڕوانگەی خۆیان لەســـەر پرســـی کورد لە باکور خستەڕوو. نوێنەرانی زۆرێك لە باڵیۆزخانە گرنگەکانی جیهان بەشداربوون، ژمارەیەکی گەورەی میدیای تورکی ئامادە بوون. ئێمە ڕوانگەی پارتیمان بە وردی شیکردەوە، ئـــەم جۆرە کۆنفرانســـانە بۆ ڕای گشـــتی تورکیا زۆر گرنگن، چونکە بوونی تێگەیشتنێکی باشتر لەلای ڕای گشتی تورکیا، پاڵپشتییەکی باش دەبێت بۆ سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا.

*** لایەنێکی دیکەی ئەم سەردانە وەك باسدەکرێت، تایبەت دەبێت بە کێشـــەی ســـوریا و پەیەدە، ئایـــا لەم لایەنەوە هەڵوێستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان چۆن دەبێت؟**

- پرسی سوریا بووەتە پرسێکی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی، بۆیە زۆر ئاساییە لە کۆبوونەوەیەکی وەها گرنگدا، پرسی ڕۆژئاوای کوردســـتان و پرسی ســـوریاش باس بکرێت. هەڵوێستی سەرۆك بارزانی هیچ پەیوەندی بە ڕوانگەی تورکیا بۆ سوریا یان ئێران بۆ سوریا یان ئەمریکا بۆ سوریا یان ڕوسیا بۆ ســـوریا نییە. هەڵوێستی سەرۆك بارزانی لە ڕوانگەی بەرژەوەنـــدی کورد و ئایندەی دۆزی کورد لە ڕۆژئاواو یەکڕیزی کوردە لەم ڕووەوە. سەرۆك بارزانی هەر لەسەرەتاوە هەڵوێستی دیاری هەبووە بەوەی کە کورد لە ســـوریا نەبێتە بەشێك لە ملململانێی ئەجیندا دەرەکی و ناوەکییەکان و شەڕە سیاسی و مەزهەبییەکانی ناو سوریا. کورد، هەوڵی ئەوە بدات کە بە مافە دەســـتوورییەکانی خۆی بگات، ئیدی لەگەڵ ئۆپۆزســـیۆنی سوری بێت یان لەگەڵ ڕژێمی ســـوریا بێت. بۆ ئەوەش دەبێت بڕیار، بڕیارێکی هەمەلایەنی لایەنەکانی ڕۆژئاوای سوریا بێت، نەك بڕیاری تاکلایەنی پەیەدە بێت. بۆیە هەڵوەســـتەی سەرۆك بارزانی لەم ڕووە نەگۆڕەو جەختکردنەوە دەبێت لە سەر هەمان ستراتیژ.




## سامی کۆهین بۆ گوڵان:

# بارزانی تەنها سەرۆکی هەرێمی کوردستان نییە بەڵکو کەسایەتیەکی گرنگە لەسەر ئاستی ناوچەکە و لەناو کوردی تورکیا رێزێکی تایبەتی هەیە

**سەردانی سەرۆك بارزانی بۆ شاری ئامەد وەك رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا ئاماژەی پێکردووە، سەردانێکی مێژوویيە و هەوڵێکە بۆ دووبارە بەگەڕخستنەوەی پرۆسەی ئاشتی بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەتورکیا، بۆ قسەکردن لەسەر گرنکی ئەم سەردانە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ رۆژنامەنووسی ناودرای تورکیا و ستوونووسی رۆژنامەی میللیەتی تورکی سامی کۆهین کرد و بەڕێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** سەردانی بارزانی بۆ دیاربەکر لەسەر بانگهێشتی سەرۆك وەزیران ئەرۆدغان، جیاوازە لە سەردانەکانی دیکەی بارزانی بۆ تورکیـــا، چونکە ئەمجارە بۆ دیاربەکـــرە، ئایا گرنگی ســـەردانەکەی بارزانی چیە و بۆچی لە دیاربەکر پێشوازی لێدەکرێت؟**

- ئەمە سەردانێکی زۆر گرنگ و گەورەیە، دوای چەندین ســـاڵ، بۆ یەکەمجارە بەڕێـــز بارزانی دێتـــە دیاربەکر، بە دڵنیاییـــەوە -هاتنی بۆ دیاربەکر- مانای خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی دیاربەکـــر دڵی ناوچەکەیە، دانیشـــتوانێکی زۆری کوردی لێیە، لەلایەن کوردەکانەوە بە نیشتمانی راستەقینەی خۆیانـــی دەزانـــن. رەنگە ئەوە هەڵگـــری هێمایەك بێت کە ســـەردانەکە لە دیاربەکر دەبێت، کە بە دڵنیاییەوە ســـەرۆك وەزیرانیش سەردانەکەی بەوێ دەستپێکرد. ئەمە دەرفەتێکی باشـــە بۆ ناردنی پەیامێك بۆ خەڵکی تورکیا و هەروەها بۆ خەڵکی ناوچەکەش دەربارەی برایەتی هەردوو نەتەوەی کورد و تورك، کەواتە لـــەو روانگەیەوە —هەنگاوێکی- گرنگ و سیمبولی یە، و بە ئەنجامدانی چەند کارێکی زۆر جوانیش بەهێزتـــر دەبێت، وەك هاوســـەرگیری بەکۆمەڵی گەنجان و



هەروەها ئاهەنگی مۆسیقا بە ئامادەبوونی شیڤان پەروەر و ئیبراهیم تاتلّیساس. کەواتە بە شێوەیەکی گشتی ئەمە ساتەوەختێکی بایەخدارە لە پرۆسەی ئاشتەوایی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستانی عێراق.

*** وەزیری دەرەوەی تورکیا ئاماژەی بەوەکرد، پێشوازی بارزانی لە ئامەد، نیشانەی بڕوابەخۆبوونی تورکیایە و ئاماژەیە بەوەی تورکیا جددیە لەبارەی چارەسەرکردنی کێشەی کوردەوە، ئایا تا چەند سەردانەکەی بارزانی بۆ تورکیا یارمەتیدەرە بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد لە تورکیا؟**

- بە دڵنیاییەوە لە وەڵامی پرسیارەکەتاندا من جەختم لەسەر بێوێنەیی ئەم سەردانە کردووە، جەختم لەسەر لایەنی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی ئەم سەردانە کردووە کە زۆر گرنگە و بێوێنەیە. لە وەڵامی پرسیاری دووەمتاندا من باسی بەشێکی مەسەلەکە دەکەم. کاتێك دوو سەرکردە بە تایبەتی لەبارەی پرسەکەوە کۆدەبنەوە، کاتێك ڕووداوگەلێکی زۆر لە تورکیا و کوردستان و ناوچەکە و بە دیاریکراوی لە سوریا ڕوودەدەن، ئەوا بابەتگەلێکی زۆر هەیە کە هەردوولا گفتوگۆیان لەبارەوە بکەن و تێڕوانین و بۆچوونەکانی خۆیان لەم بارەیەوە بسازێنن. بە دیاریکراوی- هەروەك ئێوەش ئاماژەتان پێکرد- کە پرۆسەی ئاشتی هەیە لێرە و لە سەرەتای ئەمساڵدا دەستی پێکرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا، بەڵام بە داخەوە پرۆسەکە خاوکرایەوە و زۆر بە سستی دەڕوات. ئەگەرچی بە سستی ڕۆیشتووە و سەرەڕای هەموو تەحەفوزات و پاشەکشەکانیش، ئەوا ئیرادەیەکی بەهێز و خواستێکی بەهێز هەیە لەلایەن دەسەڵاتی تورکیا و حکومەتی تورکیاوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە و بۆ بەرەوپێشچوون لەم پرۆسەیەدا، ئەمەش هەستی گشتی نێو ڕای گشتیە، هەموو ڕاپرسیەکان و ڕای گشتی پێشانیان داوە کە زۆرینەی تورکەکان و هەورەها کوردەکانیش دەیانەوێت ئەم پرۆسەیە بەردەوام بێت و ئەم کێشەیە چارەسەربێت. کەواتە ئەو سەردان و گفتوگۆیانەی لەدیاربەکر ڕوودەدەن گرنگن لەم ڕووەوە. لەبەر ئەوەی بارزانی تەنها سەرۆکی هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو کاراکتەر و یاریزانێکی گرنگیشە لە ناوچەکەدا، و بە دڵنیاییەوە دەزانین کە نفوزێکی زۆری هەیە لەنێو کوردەکانی تورکیاش و هەروەها لە نێو پەکەکە و لای

**ئەگەرچی پرۆسەی ئاشتی بە سستی ڕۆیشتووە و سەرەڕای هەموو تەحەفوزات و پاشەکشەکانیش، ئەوا ئیرادەیەکی بەهێز و خواستێکی بەهێز لەلایەن دەسەڵاتی تورکیا و حکومەتی تورکیاوە هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە و بەرەوپێشچوونی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا**

**لە راستیدا پرۆژەی پڕ لە تموح لە هزری هەردوولادا هەیە، یەکێك لەو پرۆژانە بریتییە لەو بۆریە نەوتیەی کە ئەنجامدراوە لە ئێستادا و رەنگە ئەوی دیکەیان گفتوگۆی تێر و تەسەلی لەبارەوە بکرێت کە بریتییە لە غازی سروشتی**

**دەبێت تورکیا لەسەر هەردوو رێگا بڕوات، هەم پەیوەندیەکانی لەگەڵ بەغدا پەرە پێبدات، هەم لەگەڵ هەولێریش**



بەڕێز ئۆجەلانیش. ئومێدەکە ئەوەیە ئەم سەردانە ئاماژەیەکی هاندان بێت بۆ بەردەوامیدان بەم پرۆسەیەی ئاشتیە، هەروەها ئیرادەی هەردوولا زیاتر بکات بۆ رامالینی ئەو ئاستەنگانەی هاتوونەتەپێش پرۆسەکە کە بەم دواییە سستی تێکەوت. چونکە ئەمە پرۆسەیەکی ئاشتیە ئەوەندەی پەیوەندی بە تورکیاوە هەبێت. بەڵام بە دڵنیاییەوە کێشەی دیکەش هەن کە دەبنە بابەتی ئەجێندا لە کاتی گفتوگۆکاندا، بە شێوەیەکی سەرەکی دۆخی سوریا بە گشتی و دۆخی باکوری سوریا بە تایبەتی، وەك پرسی پەیەدە و چالاکیەکانی و راگەیاندنی ئەم دواییەی ئۆتۆنۆمی کە هەندێ نیگەرانی لە ئەنقەرە دروست کردووە، ئێمە دەزانین کە بەڕێز بارزانیش گوزارشتی لە هەندێ نیگەرانی کرد لەو بارەیەوە. کەواتە نزیکیەك هەیە لە بۆچوونەکاندا لەم بارەیەوە لە نێوان هەردوو ئیدارەکە، هەردوو حکومەتەکە، ئومێدەکە ئەوەیە هەڵوێستێکی هاوبەش وەربگرن کە ببێتەهۆی گرتنەبەری ستراتیژیەتێکی هاوبەش.

*** حاڵی حازر تورکیا و هەرێمی کوردستان پەیوەندیەکی ئابووری و بازرگانی بەتین لە نێوانیاندا هەیە، لەرووی سیاسی و دیپلۆماسیشەوە شەراکەتێکی گرنگ هەیە لە نێوانیاندا، کە لەئاست چەندین مەسەلەی سیاسیدا هەڵوێستی هاوبەشیان هەیە، بۆ نموونە لە ئاستی کێشەی سوریادا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لە چوارچێوەی سەردانەکەی بارزانیدا، تا چەند کێشەی سوریا و دۆخی ناوچەکە و باری عێراق دەبنە بابەتی گفتوگۆکان و کۆبوونەوەکانیان؟**

- هەروەك ئاماژەم پێکرد چەندین پرسی سیاسی هەیە کە گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت، بە دڵنیاییەوە یەکێك لەو پرسانە پرۆسەی ئاشتی تورکیا دەبێت، و یەکێکی دیکە بریتی دەبێت لە دۆخی سوریا بە گشتی و دۆخی باکوری سوریا بە تایبەتی. هەروەها ئەگەرێکی باش هەیی بۆ برەودانی زیاتر بەو پەیوەندیە ئابووریانەی لە ماوەی دوو بۆ سێ ساڵی رابردودا دروستبوونە لە نێوان هەردوو ولاتدا. لە راستیدا پرۆژەی پڕ لە تموح لە هزری هەردوولادا هەیە، یەکێك لەو پرۆژانە بریتییە لەو بۆریە نەوتیەی کە ئەنجامدراوە لە ئێستادا و رەنگە ئەوی دیکەیان گفتوگۆی تێر و تەسەلی لەبارەوە بکرێت کە بریتییە لە غازی سروشتی یان ئەو بۆریەی باسی لێوەدەکرێت. سەرەڕای ئەو بازرگانیە ئاساییەی کە برەوی پێدراوە و سەرەڕای پەیوەندیە ئابووریەکانی دیکە، وەك وەبەرهێنان و بنیاتنانەوە و جۆرەکانی دیکەی بزنس لە هەرێمەکەدا، ئەوا ئەوەی زیاتر دەبێتەهۆی دروستبوونی هاوکاری لە نێوان ئەم نەتەوەیەدا، بریتییە لەو پرۆژانەی لە ئارادان کە پەیوەستن بە وزەوە، کە بەرژەوەندی هەردوولای تێدایە، بە دڵنیاییەوە دەبێت لەلایەن هەردوولاوە بایەخ بەوە بدرێت، هەروەها لەلایەن حکومەتی تورکیاوە، کە کارێك نەکات پەیوەندیەکانی بخاتە مەترسیەوە لەگەڵ بەغدا، لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی، هەروەها پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا. کەواتە دەبێت دیپلۆماسیەتێکی زۆر بە حەزەر و لێهاتووانە پیادە بکرێت لەم رووەوە. بە دڵنیاییەوە پەرە بە پەیوەندیە ئابووریەکان بدرێت لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، بەڵام نابێت راوێژکردن و رێککەوتن لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا بکرێتە دەرەوەی ئەم پرۆسەیە. هەروەك ئێوە دەزانن ئێستا حکومەتی تورکیا دەستپێشخەری نوێی خستۆتەڕوو بۆ گەڕاندنەوەی پەیوەندی ئاسایی لەگەڵ حکومەتەکەی مالیکی، کە لە ماوەی دوو بۆ سێ ساڵی رابردودا ئەو پەیوەندیانە خراپ ببوون، سەردانەکان ئاڵ و گۆڕکران و پەیام و لێدوانی باش دران، کەواتە بە شێوەیەکی بەرچاو کەشی نێوان ئەنقەرە و بەغدا باشتر بووە، کە نابێت بخرێنە مەترسیەوە، پێموایە دەبێت تورکیا لەسەر هەردوو رێگا بڕوات، هەم پەیوەندیەکانی لەگەڵ بەغدا پەرە پێبدات، هەم لەگەڵ هەولێریش.

*** بابەتی گەرمی ناوچەکە رووخانی رژێمەکەی ئەسەد و سازدانی کۆنفرانسی جنێڤ ٢وە، ئامانجی هەرێمی کوردستان و تورکیا کۆتایی هێنانە بە کێشەی سوریا و ئەو ناکۆکیەی لەو ولاتەکەدا هەیە، تا چەند بارزانی و ئەردۆغان هەڵوێست لە ئاست دۆخی سوریادا وەردەگرن، ئایا پێشبینی ئەمە دەکەن؟**

- هەڵوێستی تورکیا باش زانراوە، هەڵوێستی تورکیا زۆر بەهێزە، هەمیشە حکومەتی تورکیا جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە هەر چارەسەرێك بۆ سوریا دەبێت دەرکردنی ئەسەد لە دەسەلات لە خۆبگرێت، بە داخەوە هێشتا ئەمە روونەداوە، ئەمە تێڕوانینی تورکیایە. حکومەتی تورکیا رەخنەی لە هەندێ ولاتی ئەوروپی گرتووە لەبەر ئەوەی هەڵوێستێکی نەرمیان هەبووە لەئاست ئەسەددا. سەرکردەکانی تورکیا جار لە دوای جار داوایان لە هاوپەیمان و دۆستە رۆژئاواییەکانیان کردووە کە زیاتر کارا بن و ئەوە لەیاد نەکەن کە هەر چارەسەرێك دەبێت دوورخستنەوەی ئەسەد لە دەسەلات لە خۆبگرێت. ئەمە زۆر روونە، کە سیاسەتی تورکیا زۆر توندە لەم رووەوە تا ئەو رادەدەی هەندێ لە رەخنەگرانی حکومەتی تورکیا پێیانوایە- بە تایبەتی سەرۆك وەزیران ئەردۆغان- یەکێکە لە



هەڵۆکان و هەڵوێستێکی هەڵۆئاسای هەیە، بەڵام مەسەلەکە بەم شێوەیەیە و ئەمە هەڵوێستی تورکیایە. بە دڵنیاییەوە لە گفتوگۆکانی نێوان بارزانی و ئەردۆگان لە دیاربەکر، ئەمە پرسێکی گەورە دەبێت کە هەردوولا ئاڵوگۆڕی بیروڕا بکەن لەبارەیەوە. من حەزدەکەم بۆچوونی بارزانی لەم رووەوە بزانم، ئەگەرچی بەپێی تێگەیشتنی من بەڕێز بارزانیش باوەڕی وایە بە شێوەیەك لە شێوەکان دەبێت ئەسەد بڕوات، ئەگەر وابێت، ئەوا هەردوولا بۆچوونی چوونیەکیان هەیە.

*** لە چوارچێوەی مێژووی تورکیاو مێژووی پەیوەندی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، بۆ یەکەمجارە لە مێژوودا سەرکردەیەکی کورد بانگهێشت بکرێت بۆ سەردانکردنی شارێکی کوردی لە تورکیا، ئەمەش ئاماژەیە بە گۆڕانی سیاسەتی تورکیا لە ئاست هەرێمی کوردستاندا، ئایا تا چەند بارزانی دەتوانێت رۆڵی هەبێت لەوەی کێشەی کورد بە ئاشتیانە چارەسەر بکرێت لە تورکیا و تا چەند ئەردۆغان ئامادەیە بۆ گوێگرتن لە بارزانی لەبارەی چارەسەرکردنی کێشەی کوردی وڵاتەکەیەوە؟**

- لە وەڵامی یەکەم پرسیاردا وتم کە بە دڵنیاییەوە ئەمە مانایەکی زۆر گەورەی هەیە، لەبەر ئەوەی دیار بەکر بە دڵی ئەو ناوچەیە دادەنرێت کە کوردەکانی تورکیای تێدا دەژین، بە دڵنیاییەوە بانگهێشتکردنی سەرکردەیەکی کوردی وەك بارزانی، کە رێزلێگیراو و خاوەن نفوزە، تەواو مانادارە. من لە وەڵامی پرسیاری پێشوومدا وتم کە پرۆسەی ئاشتی- هەروەك ئێمە لێرە وای پێ دەڵێین-، پرۆسەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا بەردەوامە و لەسەرەتای ئەم ساڵەوە دەستی پێکردووە، ئەمە کەناڵێکی کراوەیە و هێشتا بەردەوامە، بەڵام زۆر بە سستی. بەڵام ئامادەبوونی بارزانی و ئەوەی دەیلێت بە ئاشکرا یان لە دانیشتنی تایبەتیدا دەبێتەهۆی خێراترکردنی ئەم پرۆسەیە و ئومێدەکە ئەوەیە ببێتەهۆی نزیکبوونەوە لە کۆتایی هێنان بەم پرۆسەیە. هەروەك پێشتر وتم ئەو نفوزێکی زۆری هەیە لەنێو کوردانی تورکیادا و کوردەکانی تورکیا گوێ بەوە دەگرن کە دەیلێت، ئەوەی پەیوەندی بە حکومەتی تورکیا و بەڕێز ئەردۆغان و بەڕێز داود ئۆغلۆوە هەبێت ئەوا بە جدیەوە قسەکانی بارزانی وەردەگرن کە لەبارەی چارەسەرەوە گوزارشتیان لێدەکات. بەرپرساتی تورکیا دەڵێن ئێمە سیاسەتی خۆمان هەیە و پیادەی دەکەین. بە مانایەکی دیکە ئێستا سیاسەتێك خراوەتەگەڕ، بەڵام ئەگەر ئەم گفتوگۆیانەی دیاربەکر ببنەهۆی خێراترکردنی پرۆسەکە و ئەگەر ئەم کۆبوونەوەیە رێگاخۆش بکات بۆ بەرەوپێشچوون، ئەوا دەبێتە دەستکەوتێکی مەزن.

*** بەڕێزت وەك رۆژنامەنووسێکی بە ئەزموون لەسەر ئەم پرسە دوا وتەت چیە؟**

- لە کۆتاییدا دەڵێم کە من بۆ چەندین ساڵە لەم پیشەیەدام و مامەڵەم لەگەڵ کێشە ئیقلیمیەکاندا کردووە، کاتێك لە رابردو دەڕوانم، رابردویەکی دوور نا، بەڵکو شەش بۆ هەشت و تەنانەت دە ساڵ پێش ئێستا، ئەوا پەیوەندی نێوان تورکیا و کوردەکانی عێراق، لە نێوان حکومەتی تورکیا و سەرکردایەتی بارزانی بە تایبەتی، زۆر خراپ بوو و زۆر گرژ بوون، وتە و لێدوانی توند لە دژی یەکتر دران. ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ کتێبەکانی مێژووی ئەم دواییە و رۆژنامەکان، هەموو ئەمانە دەبینیت. بەڵام ئەم ساتەوەختەو و ئەم قۆناغەی پێیگەیشتووین ئاماژەیە بە پێشکەوتنێکی گەورە و گۆڕانێکی گەورە، کە هاوشێوەی فەڕەنسا و ئەڵمانیایە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، کە لە دووژمنەوە بوونە دۆست و بگرە هاوپەیمان، بۆچی ئەمەش لە نێوان تورك و کورد و باقی ناوچەکەدا روونەدات. کەواتە ئەوەی لە دیاربەکر روودەدات رەمزیەتێکی بێئەندازە گرنگی هەیە، ئەوە پێشان دەدات کە بە بوونی ئیرادەی باش و لەبەرچاوگرتنی واقیعیانەی بەرژەوەندیە راستەقینەکانی نەتەوەکان، ئەوا دەگەنە ئاشتی و سەقامگیری و دۆستایەتی.

**ئەوەی پەیوەندی بە حکومەتی تورکیا و بەڕێز ئەردۆغان و بەڕێز داود ئۆغلۆوە هەبێت ئەوا بە جدیەوە قسەکانی بارزانی وەردەگرن کە لەبارەی چارەسەرەوە گوزارشتیان لێدەکات**

**ئەم ساتەوەختەو و ئەم قۆناغەی پێیگەیشتووین ئاماژەیە بە پێشکەوتنێکی گەورە و گۆڕانێکی گەورە، کە هاوشێوەی فەڕەنسا و ئەڵمانیایە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، کە لە دووژمنەوە بوونە دۆست و بگرە هاوپەیمان**

# پەرەسەندنە نوێیەکانی هێڵی هەولێر- ئەنقەرە- بەغدا

پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و عێراق (یان باشتر بڵێین حکومەتی بەغدا) زیاتر رووەو گرژی و تێکچوونە. بەڕێز زێباری وەزیری دەرەوەی عێراقیش سەردانی ئەنقەرەی کرد و دوا بە دوای ئەویش هاوشانە تورکییەکەی بەڕێز داودئۆغلۆ سەفەری بەغدای کرد، بەمەبەستی نوێکردنەوەی پەیوەندییە دۆستایەتییەکانی نێوان هەردوولا.

چەند هۆکارێك هەن بۆ ئەم ئاشتەواییە- دوای بارگرژی و ساردیی نێوانیان-. یەکێك لەو نیگەرانییانەی لە زیادبووندایە لەبارەی ئەو سەنگ و کاریگەرییە رێژەییەیە کە تیرۆریستە رادیکاڵەکان بەدەستیان هێناوە لە هەوڵیاندا بۆ بنیاتنانی پردێك هەم لە عێراق و هەم لە سوریادا، کە بوونەتە تەحەددی بۆ هەموو دەسەڵات و رژێمە سیاسییەکان. ئەم رێکخراوە توندڕەوانەی کە نیازی دروستکردنی ئیمارەتی ئیسلامییان هەیە، هەڕەشەن بۆ سەر ئاشتی و سەقامگیریی تەواوی میللەتە موسڵمانەکان.

خاڵێکی دیکەی تێککردنەوەی نێوان بەغدا و ئەنقەرە بریتییە لە پەیوەندییە ئابوورییە گەشەکردووەکانی و ئەمەی دواییان-ئەنقەرە- لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق (KRG). تورکیا بە رەوتێکی خێرا گەشە دەکات و تینووی وزەیە. هەرێمی کوردستان خاوەنی سەرچاوەگەلێکی دەوڵەمەندی نەوت و غازە. هیچ لایەکیان سنوورێك نابینن لەبەردەمیاندا بۆ ئەوەی ئەم سەرچاوانە بۆ بەرژەوەندیی هەردوولا بەکاربهێنن. بەڵام بەغدا ئیدیعای ئەوە دەکات مافێکی دەستووری خۆیەتی کە کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی وزەی وڵاتەکە بکات. لەو روانگەیەوە مامەڵەی راستەوخۆی ئەنقەرە لەگەڵ هەولێردا، بێ گەڕانەوە بۆ بەغدا بە توندی رەخنەی لێگیرا و بەو شێوەیە سەیری کرا کە پێشێلکردنی سەروەریی عێراقە.

واشنتۆن گوێی لەم هاوارەی بەغدا گرت و هۆشداری دایە حکومەتی تورکیا لە دژی ئەنجامدانی هەر رێککەوتنێك بە تەنها لەگەڵ هەولێردا کە بەغدای تێدانەبێت. ئەمەریکییەکان دەیانەوێت یەکێتیی عێراقێکی لەرزۆك بپارێزن و رێگریی لە مەیلی دابەشبوون بگرێت. ئەنقەرەش گوێی بەم هۆشدارییە دا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەنقەرە نایەوێت دەستبەرداری رێککەوتنە پڕ لە سوودو قازانجەکانی بێت لەگەڵ هەرێمی کوردستان (KRG)کە لێیەوە نزیکە، بەڵکو دەیەوێت بەغداش بکاتە بەشێك لەوە. بەو شێوەیە نەك هەر تەنها ناکۆکیی نێوان ئەنقەرە و بەغدا و هەولێر و بەغدا کۆتایی پێدێت، بەڵکو یەکێتیی سیاسیی عێراقیش دەپارێزرێت. گومانی تێدا نییە سەردانی مالیکی بۆ تورکیا لە مانگی داهاتوودا دەبێتە دەرفەتێك بۆ بنیاتنانی ئەو متمانە بزرەی نێوان هەردوو حکومەتەکە و گفتوگۆکردنی تێروتەسەل لەسەر ئەم خاڵانە.

خستنەڕووی دەستپێشخەرییەکانی ئاشتی لە کاتی خۆیاندا بوون و پێویست بوون، لەبەر ئەوەی گرنگە بۆ ئەنقەرە کە پشتیوانیی بەغدا بەدەست بهێنێت بۆ کۆمەڵێك رێککەوتن لەوانە راکێشانی بۆریەکانی نەوت و غاز کە نرخەکانیان بە ملیارەها دۆلارە، ئەویش بۆ هەناردەکردنی یەدەگی



دۆغو ئەرگیل*
تایبەت بە گوڵان ئامادەی کردووە



**ئەنقەرە نایەوێت دەستبەرداری رێککەوتنە پڕ لە سوودو قازانجەکانی بێت لەگەڵ هەرێمی کوردستان (KRG)کە لێیەوە نزیکە، بەڵکو دەیەوێت بەغداش بکاتە بەشێک لەوە**

هایدرۆکاربۆنی باکووری عێراق (لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان«KRG») بۆ بازارەکانی جیهان. لە کۆتاییدا نزیکەی ٢ ملیۆن بەرمیل رۆژانە و بەلای کەمەوە ١٠ ملیار مەتر سێجا غاز ساڵانە لە کوردستانی عێراقەوە بەم زووانە هەناردەی تورکیا دەکرێت. ئەنقەرە دەیەوێت رێگری لەوە بکات ئەم رێککەوتنانە نەبنە کێشەگەلێکی سیاسی، بەڵکو دەیەوێت بیکاتە شەراکەتێکی سێ قۆڵی پڕ لە قازانج. پێشبینی دەکرێت ئەم پرۆژە گرنگانە ئاکامگەلێکی جیۆپۆلەتیکی گرنگیان هەبێت بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە ببێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی تورکیا و عێراق(بە تایبەتی هەرێمی کوردستان«KRG»)، کە گەشەکردن و هاوکاری و سەقامگیری بۆ ئەم ناوچە لەرزۆکە بەدی بێنن. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە دەبێت ئەنقەرە و بەغدا ئاشت ببنەوە.

بەپێی دەستووری عێراق، هەموو داهاتەکانی نەوتی هەناردەکراو دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا. هەرێمی کوردستانی خۆبەڕێوەبەریش(ئۆتۆنۆم) مافی ئەوەی هەیە لە سەدا ١٧ی ئەو داهاتەی پێبدرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان(KRG) دەڵێن هەموو عێراق سوودمەند دەبێت ئەگەر ئەوان پەرە بە سەرچاوەکانی هەرێمەکەیان بدەن. بەڵام بەغدا ترسی هەیە لەوەی ئەم کارە سەربەخۆیەی هەولێر لەبارەی سەرچاوە سروشتییەکانی خاکەکەیەوە ببێتەهۆی بەهێزکردنی کورد کە لە کۆتاییدا هەوڵی سەربەخۆیی دەدەن. ئێستا تورکیا دەیەوێت ئەو نیگەرانیانە کەم بکاتەوە. هەروەها ئەم پەرەسەندنانە مانایەکی دیکەشی بۆ تورکیا هەیە: لەبەر ئەو هەستیارییەی بەرامبەر کێشەی کورد هەیەتی، ئەوا لە رابردوودا سوپا کاریگەر بوو بەسەر حکومەتی تورکیاوە و وەك لایەنێکی دوژمنکار لە هەرێمی کوردستان(KRG)ی دەڕوانی کە بۆی هەیە کوردی وڵاتەکەیان بۆ سەربەخۆیی هانبدەن. بەلەبەرچاوگرتنی ئەم نیگەرانییە ئەوا ئەنقەرە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ بەغدا دروستکرد. دوو شت لەم سیاسەتە تاکڕەهەندیە گۆڕان: حکومەتی نوێی تورکیا بڕیاریدا نەهج و ئامرازی خۆی بگۆڕێت لە مامەڵەکردنی لەگەڵ کورددا. لە هەمان کاتدا کوردی عێراقیش ئەنقەرەیان دڵنیاکردەوە کە دەستوەرنادەنە « کێشەی کورد»ی- ئەو وڵاتەوە- و دەتوانن شەراکەتێکی پڕ لە قازانج بکەن بۆ دابینکردنی پێداویستی روو لە زیادی وزە.

لە ماوەی دە ساڵی رابردوودا پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان(KRG) ئەوەندە گەشەی کرد کە ئاوێتەبوونێکی راستەقینە لە نێوان هەردوو خاکەکەدا روویدا. لەوەش زیاتر، لەگەڵ دروستبوونی رۆژئاقا، کە ناوچەیەکی کوردی نیمچە ئۆتۆنۆمییە لە باکووری سوریا کەوتە ژێر کاریگەریی پەکەکەوە. تورکیا رووی کردە هەولێر بۆ جڵەوکردنی کوردی سوریا. ئەنقەرە و هەولێر نیگەرانن لەبارەی زیادبوونی دەسەڵاتی پەکەکەوە لە ناوچەکەدا. دەزانن کە پەکەکە حەز بە دابەشکردنی دەسەڵات ناکات و درەنگ یان زوو ئیدیعای سەرکردایەتی سەرجەم کوردەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات. لە کۆتایی ئەم هەفتەیەدا و لە غازی عەنتاب گفتوگۆ لەسەر نەخشەی کارکردنی پەیوەست بەم ستراتیجییەتە و دوایین بەرەوپێشچوونەکانی نێوان ئەنقەرە و بەغدا لە نێوان بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان(KRG) و سەرۆك وەزیرانی تورکیا، بەڕێز رەجەب تەیب ئەردۆغاندا دەکرێت. لەگەڵ بوونی چەندین ئەگەردا، ئەوا ناوچەکە لەبارە بۆ چەندین بەرەوپێشچوون، بەرەوپێشچوونی پێشبینیکراو و پێشبینی نەکراو.

**بە پێی دەستووری عێراق، هەموو داهاتەکانی نەوتی هەناردەکراو دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا**

**هەرێمی کوردستانی خۆبەڕێوەبەریش(ئۆتۆنۆم) مافی ئەوەی هەیە لە سەدا ١٧ی ئەو داهاتەی پێبدرێت**

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**

# سەربەخۆبوونی کوردستان و کاردانەوەی هەرێمایەتی

**چیا کوردستانی**

دەمێکە باسی سەربەخۆبوونی هەرێمی کوردستان یان باشووری کوردستان لە میدیاکانی دەرەوە و ناوەوەی هەرێم چڕبۆتەوە. خەڵکیش بە گشتی تامەزۆرن و دەیانەوێت بزانن ئاخۆ تا چ رادەیەک ئەگەری ئەم خەونە هەیە. سەربەخۆبوونی هەرێمی کوردستان کارێکی ئاسان نییە و کاردانەوەی زۆری ناوچەیی و جیهانی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. یەکێک لە وڵاتە هەرە گرنگەکان سەبارەت بە ئەم پرسەش کۆماری تورکیایە، کاریگەریی ئەم وڵاتە لەسەر هەرێمی کوردستان لە گشت وڵاتانی تری دەوروبەر زیاترە و رازی بوونی ئەم وڵاتەش بە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان واتە سەربەخۆییەکی سەرکەوتوو و رازی نەبوونیشی واتە سەربەخۆییەکی پڕ لە کێشە.

رۆژ بە رۆژ کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر گرفتە هەڵواسراوەکان ئاڵوزتر دەبن و ئەمەش وای کردووە کە هەولێریش رۆژ بەرۆژ زیاتر سیاسەتێکی سەربەخۆ بگرێتەبەر و حکومەتی فیدرالیش لەم واقیعە تێگەیشتووە و دەزانێت کە ناتوانێت هیچ بڕیارێکی ستراتیژی بەسەر هەرێمی کوردستاندا بسەپێنێت و هەروەک سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی لە ١٣ی مانگی ١٠ بۆ یەکەم جار بە راشکاوی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رۆژنامەی الشرق الاوسط گوتی کە «بەغدا هەرگیز ناتوانێت خۆی بەسەر هەرێمی کوردستاندا بسەپێنێت».

وەک دیارە گرێبەستی فیدرالیی نێوان هەولێر و بەغدا سەرکەوتووبووە لە ئیدارەکردنی گرفتەکانی نێوان هەردوولا بەڵام نەیتوانیوە کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکات، ئەمەش بۆتە هۆی بێزاریی کورد و لە دەستدانی متمانە و دروستبوونی گومان بەرامبەر بە حکومەتی فیدرال کە نیازی چارەسەری ئەم کێشانەی هەبێت. وێڕای ئەمەش هەرێمی کوردستان بۆتە نموونەی ئەزموونێکی سەرکەوتوو و شوێنێکی سەقامگیر و ئاوەدانی و پێشکەوتنێکی زۆری بەخۆوە بینیوە کە بۆتە مایەی سەرنجڕاکێشی کۆمپانیاکانی جیهانی و ئەم پێشوەچوونەش وایکردووە



**گرێبەستی فیدرالیی نێوان هەولێر و بەغدا سەرکەوتووبووە لە ئیدارەکردنی گرفتەکانی نێوان هەردوولا، بەڵام نەیتوانیوە کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکات، ئەمەش بۆتە هۆی بێزاریی کورد و لە دەستدانی متمانە و دروستبوونی گومان بەرامبەر بە حکومەتی فیدرال**

کە ئاســـتی ژیان لە هەرێمی کوردستان بەرزتر بێت تاکو ناوچەکانی تری عێـــراق و لە کاتێکدا حکومەتی بەغدا رۆژ بە رۆژ بە دەست گرفتی ئەمنی و ناکۆکیی سیاسیی نێوان شیعە و ســـوننە و نەبوونی خزمەتگوزاریی پێویست دەناڵێنێت. ئەمەش ئەم پرســـیارەی دروست کردووە کە تا چ رادەیەک هەرێمی کوردستان دەتوانێت بەم شێوەیە و لە چوارچێوەی ئەم گرێبەســـتە فیدرالییە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بەردەوام بێت؟

ئەگـــەر هەرێمی کوردســـتان لە چەند ســـاڵی داهاتوودا بڕیار بدات بۆ هەڵوەشـــاندنەوەی ئەم گرێبەستە فیدراڵییە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی ئەو کاتە هەرێمی کوردســـتان خۆی لە بەردەم دوو ڕێگـــەدا دەبینێتەوە: کۆنفیدراڵی یان سەربەخۆیی. لە سیستمی کۆنفیدراڵیدا هەرێمەکان بڕیار دەدەن کـــە حکومەتی ناوەندی چ دەســـەڵاتێکی هەبێت و حکومەتی ناوەندی ناتوانێت دەســـەڵاتی خۆی بەســـەر هەرێمەکاندا بسەپێنێت، نەتەوەیەکگرتووەکان نموونەیەکی بەرچاوی شێوەی بڕیاردان و مامەڵەکردنی حکومەتێکی کۆنفیدڕاڵە. بـــەڵام داواکردنـــی کۆنفیدراڵیەت لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە تا چ رادەیەک کارێکی پڕاکیتکی دەبێت؟ چونکە ئێمە داوای هەرێمێکی کۆنفیدراڵ دەکەین لە ناو وڵاتێکی فیدراڵ کە واتە حکومەتی ناوەندی هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نییە بەڵام لە هەمان کاتدا لە چوارچێوەی فیدراڵیەتیش مامەڵە لەگەڵ بەشەکانی تری عێراق دەکات.

لە ئێســـتادا کۆنفدراڵی بۆ هەرێمی کوردستان بڕیارێکی زۆر باش دەبێت، چونکە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی یاسایی دەسەڵاتی زۆر زیاتری لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆییـــدا دەبێت لـــە هەمان کاتـــدا سنوورەکانیشـــی لە چوارچێوەی ســـەروەریی عێراق دەپارێزرێت، بەڵام پرسیار لێـــرەدا ئەوەیە ئایا حکومەتی بەغـــدا ئامادەیە ئەوە قبوڵ بـــکات؟ یان بە واتایەکی تـــر چ مەجبورە هەرێمێک لە چوارچێـــوەی عێـــراق بپارێزێت و هیچ دەسەڵاتێکیشـــی

**لە ئێستادا کۆنفدراڵی بۆ هەرێمی کوردستان بڕیارێکی زۆر باش دەبێت، چونکە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی یاسایی دەسەڵاتی زۆر زیاتری لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆییدا دەبێت**

بەسەر ئەو هەرێمەدا نەبێت. جگە لەمەش چارەنووسی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە چ شێوەیەک دەمێنێتەوە؟

ڕێگای دووەم لە بەردەم کورددا پەنابردنە بۆ سەربەخۆیی، ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لەلایەن هەرێمی کوردستان نارەزایی خودی هاوپەیمانەکانی کوردی وەک تورکیا و وڵاتانی ڕۆژئاوای لێ دەکەوێتەوە. بەڵام با بزانین سیناریۆکانی کاردانەوەی تورکیا لە بەردەم ئەم بڕیارە چارەنووسسازە چ دەبن.

وێڕای ئەو هاوپەیمانیی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری تورکیا کە بۆ هەردوولا هاوپەیمانییەکی پێویست و سوودبەخش بووە، بەڵام ئەوە ناگەیێنێت کە پاڵپشتی کردنی حکومتێکی سەربەخۆ لە هەرێمی کودرستان کارێکی ئاسان بێت بۆ حکومەتی تورکیا و بەهەمان شێوەش پێچەوانەکەشی کارێکی ئاسان نییە، واتە پشت تێکردنی حکومەتێکی کوردی سەربەخۆ لە هەرێمی کوردستاندا بۆ تورکیا کارێکی ئاسان نییە. نەک تەنها تورکیا بەڵکو وڵاتانی ڕۆژئاواش دەستەوەستان دەمێننەوە کە چ هەڵوێستێک وەربگرن.

هەرێمی کوردستان و تورکیا لە ئێستادا زۆر خاڵی بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیە بە تایبەتی لە بواری وزەدا. ئێستا بازرگانیی نێوانیان نزیکەی ١٢ ملیارد دۆلار دەبێت ئەمەش قازانجێکی دوولایەنەی بەخشیوە، چونکە هەرێمی کوردستان بۆتە بازاڕێکی بەهێز بۆ کەلوپەل و کۆمپانیای تورکی و هەروەها بەهۆی ئەم دەروازیەوە هەرێمی کوردستان پێشوەچوونێکی بەرچاوی بینیوە کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان لەچاو ناوچەکانی عێراق جیاواز بێت. لە بواری سیاسی و ئەمنییش هەرێمی کوردستان جیاواز لە ناوچەکانی تری عێراق شوێنێکی سەقامگیر بووە کە ئەمەش خزمەتێکی باشی بە تورکیا کردووە و وەک پشتێنەیەکی ئەمنی تورکیای لە ناسەقامگیری بەشەکانی تری عێراق پاراستووە.

بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئایا تورکیا دەیەوێت هەرێمی کوردستان سەربەخۆ بێت؟ وەڵامەکەشی ئاسانە: نەخێر تورکیا نایەوێت چونکە نازانێت ئەم سەربەخۆییە چ کاریگەری لەسەر خودی تورکیا و کورد دەبێت، بەڵام ئەگەر تورکیا نارازیی بێت و هەرێمی کوردستانیش سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت ئایا پەرچەکرداری تورکیا چی دەبێت؟!

تورکیا چەند ڕێگەیەکی لە بەردەمدا هەیە کە مامەڵە لەگەڵ حاڵەتێکی ئاواها بکات:

١. دژی بوەستێت و بڕیار بدات کە هێرشی سەربازی بکاتە سەر ئەو حکومەتە سەربەخۆیە نوێیەی کوردستان. بەڵام هێرشی سەربازی تورکیا بۆ سەر حکومەتی سەربەخۆی هەرێمی کوردستان کارێکی ئاسان نابێت بۆ حکومەتی تورکیا، چونکە ناتوانێت سەرکەوتنی پێویست بە دەست بهێنێت ئەو کاتە بەرەیەکی گەورەتر دژ بە خۆی لە ناوچەکە دروست دەکات، هەروەها نارەزایی چەند وڵاتێکی هاوپەیمانی ڕۆژئاوای تورکیای لێدەکەوێتەوە.

٢. نە هێرش بکاتە سەر حکومەت و نەدانی پێدابنێ، بەڵام کارتی ئابووری دژ بەم حکومەتە بە کاربهێنێت و وەک پێویست مامەڵەی لەگەڵ نەکات.

ئەمەیان ڕێگەیەکی ئاسانتر دەبێت بۆ تورکیا بەڵام کارتی ئابووری دژ بە حکومەتی نوێی کوردی لەلایەن تورکیا دووبارە هاوکێشەکان دەگۆڕێت و حکومەتی نوێی کوردی بە دوای هاوپەیمانی تر دەگەڕێت کە ئەمەش دەبێتە هۆی لە دەستدانی هاوپەیمانێکی سەرەکی لە ناوچەکە و لە عێراق. جگە لەمەش تورکیا خۆی زەرەرمەندی سەرەکی دەبێت لە بواری ئابووری بە تایبەتی بە لە دەستدانی نەوت و غازی هەرێم.

٣. دانی پێدا نەنێت بەڵام مامەڵەشی لەگەڵ بکات. ڕەنگە تورکیا دان بە حکومەتی سەربەخۆیی نوێی کورددا نەنێت بە هۆی مەترسیی کوردی لە تورکیا و کاردانەوەی ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆی و بەتایبەتی پارتی کۆماری خەڵک (CHP) بەڵام لە هەمان کاتدا بە هۆی بەرژەوەندییەکانی ئابووری خۆی و بەمەبەستی تاڕادەیەک کۆنترۆڵ کردنی ئەم حکومەت نوێیە و هێشتنەوەی وەک هاوپەیمانێک لە ناوچەکەدا مامەڵەی لەگەڵدا بکات و دژی نەوەستێت. بەڵام کاتێک تورکیا ئەم حکومەتە بە مەترسی لە سەر بەرژەوەندییەکانی نەبینێت و وەک هاوپەیمانێکی بەسوود لە ناوچەکەدا ببینێت ئەوا دان پێدانانی ئەم حکومەتە لە لایەن تورکیاوە بە کارێکی ئەستەم نابینرێت.

٤. دانی پێدابنێت و وەک حکومەتێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا بکات. ئەمەیان هەروەک لە پێشتر ئاماژەی پێدرا بەهۆی گرفتی کورد لە تورکیا و ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆ کارێکی ئاسان نابێت.

سیستمی فیدراڵیەت لە عێراق نەیتوانیوە چارەسەری کێشەکانی کورد بکات و لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان پێشوەچوونێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە بەلای هەرێمی کوردستانەوە سەخت دەبێت خۆی بە حکومەتێکی سەرنەکەوتوو لە بەغدا ببەستێتەوە. هەرچەندە کۆنفیدرالی بۆ هەرێمی کوردستان وەڵامێکی باشە بەڵام تا چ ڕادەیەک کۆنفیدراڵی کارێکی پراکتیکی دەبێت بۆ حکومەتی عێراق و ئایا حکومەتی ناوەندی قبوڵی دەکات؟! بەڵام سەربەخۆبوونی هەرێمی کوردستانیش چ زوو یان درەنگ چی تر وەک خەونێک لە لایەن چاودێرانی نێودەوڵەتی سەیر ناکرێت و بە تایبەتی ئێستا کە هەرێمی کوردستان بڕیارە ڕاستەوخۆ نەوتی خۆی لە ڕێگای بۆری نوێی نەوت بۆ تورکیا هەناردەی بازاڕی جیهانی بکات.

**هەرێمی کوردستان و تورکیا لە ئێستادا زۆر خاڵی بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیە بە تایبەتی لە بواری وزەدا. ئێستا بازرگانیی نێوانیان نزیکەی ١٢ ملیارد دۆلار دەبێت ئەمەش قازانجێکی دوولایەنەی بەخشیوە**

# نابێت کوردستان لێکبترازێت



کاکەمین نەجار*

کورد خوێنێکی زۆری رشت تا گەیشتە ئەو رۆژەی کە ئێستا ئەزموونەکەی بۆتە نموونەیەکی زیندووی چەسپاندنی دیموکراسییەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و دۆست و دوژمنیش دان بەوەدادەنێن کە کوردستان بۆ ئاوەدانی و گەشەسەندن و بووژانەوە هەنگاوی گەورەی ناوە و رۆژبەڕۆژ دەبێتە مایەی سەرنجڕاکێشانی زیاتر، ئەمیش لە ئەنجامی ئەو سیاسەتە راستەقینەی کە سەرۆك بارزانی پیادەی کردووە و بەلای هەمووان سیاسەتێکی نەتەوایەتی و نیشتیمانیی گەورەیە و بۆتە مایەی قبووڵکردنی ئەو سیاسەتە کە حیکمەتی سیاسەتی کوردیی بەرجەستە کردووە.

بەرامبەر بەمەش، لەسەر هەموومانە وەك هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دەست بەو ئەزموونەوە بگرین، کە ئەنجامی خەباتی چەندین ساڵەیە، بە تایبەتی لەو قۆناغەدا کە کورد شەڕی جددی دەکات بۆ بەدیهێنانی خەونە گەورەکان و جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و کێشەی کەرکوك و مافە نەتەوایەتییەکان کە هەموو لایەك دەزانن سەرۆك بارزانی سەرقاڵی ئەوەیە کە بتوانێت لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکان کاری تەواو بکات بەو ئاراستەی کە گرفتی ناوچە دابڕاوەکان چارەسەر بکات و لە خەمی ئەوەدایە کە کورد بگاتە هەموو ئاواتە دوور و نزیکەکانی. کەچی لەو بارودۆخە ناسکەدا، دوور لە یاساو شەرعییەت هەوڵی ترازانی شاری سلێمانی دەدرێت کە لە راستیدا ئەوە لە ژێر هەر پاساوێکدا بێت هەوڵدانە بۆ لەباربردنی شەرعییەت کە بە دڵنیاییەو دەڵێم: نەك ئێمە، بەڵکو هەموو خەڵکی کوردستان رووبەڕووی دەبنەوە، چونکە ناکرێت ئێمە ئیدعای سەربەخۆیی بکەین کەچی بمانەوێت شارێك لە شارێکی دیکە دابڕێت، ئەویان زوڵمێکە کە هەرگیز پاساوی بۆ نییەو بە هەر پاساوێك رەت دەکرێتەوە و لە نرخ و بەهای کورد کەم دەکاتەوە، کە هەنگاو دەنێت بۆ یەکڕیزی و لەوەشدا دەبێت بە رۆحی کودەتا بیر نەکەینەوە، بەڵکو هەوڵی هەموو لایەنە سیاسییەکان یەك بخرێت بۆ چەسپاندنی گیانی دیموکراسییەت و خۆ دوورخستنەوە لەو هەوڵانەی کە ئەزموونی کوردستان لەکەدار دەکات.

گەورەیی و پیرۆزیی کوردستان لەوەدایە کە بتوانین لە ژێر یەك رەشماڵی نیشتیمانیی کۆببینەوە و مەسەلەی سەرەکیمان خەمی نیشتمان و مەسەلە رەواکەی کورد بێت، نەك هەوڵی لێکترازان و ناکۆکی و ئاژاوە، کە بە خەسارەتی کوردو دۆزە رەواکەی تەواو دەبێت و پێویستە لەو روانگەوە هەست بە بەرپرسیارییەتی مێژوویی خۆمان بکەین و نەهێڵین درز بکەوێتە نێوان شارەکانی کوردستانەوە کە هەموو پارچەکانی کوردستان و کەسیش لەو خەونە نەزۆکە سوودمەند نییە تەنیا دوژمنانی کورد نەبێت کە چاویان بە ئەزموونە پیرۆزەکەی کوردستان هەڵنایەت.

هەر بیرۆکەیەك بەدەر لەو بیرکردنەوەیە نیشتیمانی و نەتەوەییە گەمەیەکی زۆر ترسناکە کە کوردستان بەرەو هەڵدێرێکی سەخت دەبات و خەڵکی کوردستانیش هەرگیز قبووڵی ناکات.

*** بەرپرسی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر**

# دیموكراسی و تونێلی ئاشتی لە توركیا

پرۆسەی ئاشتی لە توركیا خەریكە تەگەرەیەكی زۆری بۆ پەیدا دەبێ. لەسەرەتادا پرۆسەكە بەچاوێكی گەشبینانە سەیر دەكرا، بەڵام ئێستا ئەگەری بەدیهێنانی ئاشتی بەگومانەوە باسی لێوە دەكرێ. راپرسییەكی مانگی رابردووی سەنتەری لێكۆڵینەوەی سیاسی و كۆمەڵایەتی نیشانی داوە كە رێژەی ٥٤٪ی هاووڵاتییانی كورد لە توركیا نیگەرانن لە ئەگەری هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە نێوان هێزەكانی حكومەت و هێزەكانی پەكەكە. بەرچاوترین خاڵی راپرسییەكە ئەوەیە كە تەنها سێیەكی هاووڵاتییان بەگەشبینییەوە دەڕواننە پرۆسەكە. بەهاری رابردوو، پاش پەیامەكەی نەورۆز، رێژەی ٧٤٪ی هاووڵاتییان كەمترین گومانیان لەسەركەوتنی پرۆسەكە هەبوو. ئێستا رێژەكە دابەزیوەتە ئاستی ٣٩٪.

سستیی بەڕێوەچوونی پرۆسەی ئاشتی لە توركیاو دژوارییەكانی بەردەمی، بۆچوونێكی باوی ناو چینی سیاسیی كوردی عێراق لە پەنجاكان و شەستەكانی سەدەی رابردوو پوچەڵ دەكاتەوە. لەو سەردەمەدا تیۆریی زاڵی ناو چینی سیاسیی كوردی عێراق ئەوە بوو كە دیموكراسی دەتوانێ رێگە چارەیەكی گونجاو بۆ مەسەلەی كورد لە عێراق بدۆزێتەوەو هەر بەهۆی ئەم تیۆرییەشەوە كوردی عێراق وای دەبینی كە تا دیموكراسی لە عێراق نەیەتە دی، مەسەلەی كورد چارەسەری بۆ نادۆزرێتەوە. لەم بۆچوونەدا زێدەڕۆیی بەتوانای دیموكراسی لەبواری چارەسەركردنی مەسەلەی نەتەوایەتی كراوە. ئەوە بۆ خۆی بەڵگەیەكی رۆشنە كە یەكێ لە سەقامگیرترین دیموكراسییەكانی ناوچەكە كە دیموكراسیی توركیایەو خاوەنی ئەزمونێكی نیو سەدەییە، دەستەوسان وەستاوەو كێشەكەی پێ چارەسەر ناكرێ.

ئەمە نیشانی دەدا كە دیموكراسی بەتەنها چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی پێ ناكرێ، چونكە هێشتا زۆر فاكتەری نەبینراو هەیە كاریگەریی خراپی لەسەر رەوتەكە دروست كردووە. لەمۆدیلەكانی ناوچەكەدا، داننانی میسر بەجیابوونەوەی سودان لە پەنجاكانداو داننانی سودان بەجیابوونەوەی باشوردا، كە دوو رووداوی گرنگن، هیچ كامێكیان لەسەر دەستی فەرمانڕەوایانی دیموكراسیخواز نەهاتۆتە دی. لەمۆدێلی عێراقدا، داننان بەچەمكی «شەریكایەتی لە نیشتماندا» لە نێوان كوردو عەرەب لەساڵی ١٩٥٨و داننان بەمافە نەتەوەییەكانی كورد لە دەستوورەكانی ١٩٦٣و ١٩٦٤و ١٩٦٨داو ١٩٧٠و داننان بەمافی ئۆتۆنۆمی بۆ كورد لە دیكۆمێنتی ١١ ئازاری ١٩٧٠دا، هیچ كامێكیان لەسەر دەستی رژێمی هەڵبژێردراو نەهاتۆتە دی.

لەمۆدێلی توركیا، دیموكراسی لە هەندێ رووەوە بۆتە تەگەرە لەبەردەم خێراكردنی پرۆسەی چارەسەركردنی مەسەلەی نەتەوایەتی. لەهەلومەرجی توركیا سەرەك وەزیران ئەردۆغان لەسیاسەتەكەیدا دەستی ئاوەڵا نییە، چونكە بەقەد ئەوەی كەگەیشتن بەچارەسەرێكی پەسندكراو بە پێویست دەزانێ، بەقەد ئەوەش دەستەبەركردنی دەنگی پێویست بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنەكان بە پێویست دەزانێ. لە كۆمەڵگایەكدا كە هێشتا دیدێكی رۆشنی بۆ مەسەلەی كوردو شێوەی چارەسەركردنی نییەو هێشتا دوودڵە لە ناسینی مەسەلەكە وەك مەسەلەیەكی سیاسی، دەستەبژێری سیاسی ناتوانێ لەسەر مەسەلەی كورد شەقام لەخۆی برەنجێنێ. لەدۆخێكی وادا پەراوێزی مانۆڕكردن زۆر تەنگەبەرەو تێپەڕین ئاسان نییە. ئەمەش بەڕوونی لە راگەیاندنی پاكێجی چاكسازییە دیموكراتییەكانی ئەردۆغاندا دەردەكەوێ. لەم پاكێجەدا ئەردۆغان شەقامی كوردی پێ رازی نەكرا، بەڵام لانی كەم توانی شەقامی تورك لەخۆی نەڕەنجێنێ.

پارتی دادو پەرەپێدان لەژێر فشاری دوو هەڵبژاردندایە. یەكێكیان هەڵبژاردنی ئازاری ئایندەی شارەوانییەكانەو ئەوی تر هەڵبژاردنی هاوینی ئایندەی سەرۆكایەتییە كە دیارە بەتەمایە هیچ كامێكیان نەدۆڕێنێ و پێدەچێ لەهەردوو هەڵبژاردندا دووچاری دژواری ببێ. ئەمە وای لێدەكا هیچ هەنگاوێكی وا نەنێ شەقامی تورك برەنجێنێ. بەڵام لەبەرامبەردا، پارتی دادو پەرەپێدان كە لەناسنامەدا حزبێكی پارێزگارو نەریتپارێزە، زێدەڕۆییەكی زۆر لەم سیمایەی پارێزگاری و نەریتپارێزیی خۆی دەكاو بەهەنگاوی خێرا فایلی مەسەلەی نەتەوایەتیی كورد بەڕێوە نابا. لەبیركردنەوەی پارێزگارانەیدا، حزب بەنیازە تا ساڵی ٢٠١٣ هەندێ هەنگاو بۆ چارەسەركردنی مەسەلەی كورد بنێ، بەڵام ئەو دەستكەوتانەی كە حزبەكە دەیەوێ لەماوەی دە ساڵی داهاتوو بۆ كورد بەدەستیان بێنێ، لێیان رانابینرێ بتوانن شەقامی كورد بەئارامی بهێڵنەوە. ئەمەش بەخوێندنەوەی دیكۆمێنتی «تێڕوانینی سیاسیی پارتی دادو پەرەپێدان تا ساڵی ٢٠٢٣» باشتر روون دەبێتەوە كە تێیدا حزب بەڵێنی داوە تا ساڵی ٢٠٢٣ یاسایەك بۆ بەرگری لەخۆكردن بەزمانی دایك لە دادگاكان دەربكاو هەلومەرجی پێویست بۆ نەهێشتنی جیاكاریی رەگەزی فەراهەم بكات كە ئەمەش، بەدڵنیاییەوە، بەس نییە بۆ دۆزینەوەی رێیە راستەكە.



فەرید ئەسەسەرد
بۆ گوڵان دەینووسێت

# کۆنگرێسی ئەمەریکا هەوڵی تێکدانی چارەسەری دیبلۆماسی دەدات لە ئاست ئێراندا

پرۆفیسۆر تید گەلن کارپێنتەر*

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی



سەرەڕای شکستهێنانی گفتوگۆکانی ئەم دواییەی جنێڤ لە نێوان ئێران و هێزە گەورەکانی جیهان لە پێناو گەیشتن بە « قۆناغی یەکەم»ی چارەسەری ئەو ناکۆکییەی لەبارەی بەرنامەی ناووکی تارانەوە هەیە، بەڵام بەرپرسان گەشبینن بەوەی، بە ئارامگرتن، بەرەوپێشچوون بەدی دێت. ئەگەرچی، هەڵۆکانی کۆنگرێسی ئەمەریکا، بۆچوونێکی جیاوازیان هەیە. تەنها دوای چەند کاتژمێرێك لە گفتۆگۆکانی جنێڤ- کە دووچاری ئاستەنگ بۆوە- (کە بە زۆری هۆکارەکەی هەڵوێستی سەرسەختانەی فەڕەنسا بوو)، چەند سەرکردەیەکی سەرەکیی کۆنگرێس ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان خستەگەڕ بۆ لەباربردنی هەر دەرفەتێك کە لە ئاییندەدا بێتەپێش بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتییانە.

ڕۆبەرت مەنەندەز، (نیو جێرسی)، سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئەنجومەنی پیراندا، ڕاستەوخۆ ڕایگەیاند کە ئەنجومەنەکەی «هەنگاوێك بۆ پێشەوە هەڵدەگرێت» و پرۆژە یاسایەك دەخاتەڕوو بۆ کەمکردنەوەی زیاتری هەناردەی نەوتی ئێران. چەند هەفتەیەك پێشتر ئەو پرۆژە یاسایە لە ئەنجومەنی نوێنەراندا -بە دەنگدانێکی ناهاوسەنگ لە بەرژەوەندیی پرۆژەکە- تێپەڕی، کە ٤٠٠ دەنگ بەرامبەر ٢٠ دەنگ بوو، کە ئەمە دوایین ئەڵقەی ئەو زنجیرەیە بوو بۆ توندکردنی سزا ئابوورییە سەختەکان لە دژی ئێران.

هەروەها سیناتۆر مەنەندەز ڕایگەیاند کە پێویستە هەر ڕێککەوتنێك لەگەڵ ئێراندا پابەندبوونی ئێران بە ڕاگرتنی سەرجەم کارەکانی پیتاندنی یۆرانیۆم لە خۆبگرێت. ئەم داوایە بۆ چەندین ساڵە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، داوایەکە ئەگەری قبوڵکردن یان سەرکەوتنی لێناکرێت، لەبەر ئەوەی تەنانەت سیاسییە میانڕەوەکانی ئێرانیش ئەم سازشکردنە سوکایەتیئامێزە ڕەتدەکەنەوە. پێداگیریی کردن لەسەر ئەوەی دەبێت ئێران دەستبەرداری هەموو مافێکی پەیوەست بە پیتاندنی یۆرانیۆم بێت، توندترین دواکارییە و هەڵوێستێکی سازش هەڵنەگرە کە هەڵۆکانی وەك سیناتۆر جۆن مەککەین (ئەریزۆنا)، و لیندسی گراهام (ساوز کارۆلاینا) گرتویانەتەبەر. هەروەها، ڕێککەوت نییە، کە ئەمە ئەو هەڵوێستەیە کە حکومەتەکەی بنیامین نەتنیاهۆ گرتوویەتیەبەر.

ئەگەرچی لە ژێر فشاری کۆشکی سپیدا، مەنەندەز پاشەکشەی کرد لە تەوقیتی تێپەڕاندنی یاسای سەپاندنی سزای زیاتر، سیناتۆرە کۆمارییەکان ( هەروەها دیموکراتە هەڵۆکانی وەك چارلێس سچەمەر لە نیویۆرك)، کەمترین ئەم کارەیان نەکردووە.

سیناتۆر مارك کیرك( ئیلینۆیس)، کە یەکێکە لە پەرۆشترین پشتیوانەکانی ئیسرائیل، ستراتیجیەتی گفتوگۆکردنی ئیدارەی ئۆباما بە ئاشتەواییە بەدناوەکەی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لەگەڵ ئەدۆلف هیتلەردا- کە لە نەڤیل چامپەرلین و لە کۆتاییەکانی سییەکانی سەدەی ڕابردوودا ئەنجامدرا- بەراورد دەکات. ئەمە بەراوردکردنێکی بێ مانا و سواوە، بەڵام ئەوە دەردەخات کە هەڵۆکان چەند نیگەرانن تەنانەت لە ئاست ئەگەری ئاشتەواییەکی دیبلۆماسی لە نێوان ئەمەریکا و ئێراندا.

ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران کە ئەنتی ئێرانین ململانێی هاوشانەکانیان دەکەن لە ئەنجومەنی پیراندا بۆ ڕێگرتن لە هەر ئەگەرێکی گەیشتن بە ڕێککەوتن لەبارەی کێشە ناووکییەکەوە. وەزیری دەرەوە جۆن کێری بە توندی هۆشداری دا لەوەی سزای زیاتر و ڕێکارە دوژمنکارییەکانی دیکە ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت ببنەهۆی لەناوبردنی ئەو گفتوگۆیانەی لە ئارادان. لەگەڵ ئەوەشدا ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران (کالیفۆڕنیا)، کە سەرۆکی لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوەیە لە ئەنجومەنەکەدا، کە بە نیازە دەنگی بخاتە پاڵ ئەو دەنگانەی دەیانەوێت ڕێکاری نوێ بگیرێتەبەر کە لیستێکی دورودرێژ ئەو مەرجانە لە خۆبگرێت کە دەبێت بهێنرێنەدی پێش ئەوەی ئیدارەکە بگاتە ڕێککەوتنێك لەگەڵ تاران و سزاکانی لە سەر هەڵبگرێ.

ئێمە شایەتحاڵی خراپترین جۆری هەوڵی کۆنگرێسین کە لە سەر ئاستی لیژنەکانی کاروباری دەرەوە ئەنجام دەدرێن. لە ڕاستیدا، ڕێکارە جۆراوجۆرە پێشنیارکراوەکانی کۆنگرێس دەستێوەردانێکی ئاستەنگ نانەوەن، ئەگەر نەڵێین ڕقئامێزن. گفتوگۆکان لەگەڵ ئێراندا لە قۆناغێکی زۆر هەستیاردان، دەستێوەردانی کۆنگرێسیش بۆی هەیە هەر بەرەوپێشچوونێکی گەورە لە بارببات بۆ هێورکردنەوەی قەیرانێکی مەترسیدار لە لەرزۆکترین ناوچەی جیهاندا.

پێویستە دەسەڵاتی جێبەجێکردن(ئیدارەی ئۆباما) ئازادییەکی زیاتری، نەك کەمتری، کارکردنی هەبێت بۆ ئەوەی درێژە بە دیبلۆماسییەتی خۆی بدات. بۆی هەیە بەدیلەکەش جەنگێك بێت کە کاریگەرییەکی بێ ئەندازە پێچەوانەی لێبکەوێتەوە نەك تەنها لەسەر ئەمەریکا و ئێران، بەڵکو لەسەر تەواوی دراوسێکانی ئێران.

*** توێژەری باڵا و جێگری سەرۆکی پرۆگرامەکانی ئامۆژگای کاتۆ و نووسەری گۆڤاری (زە ناشناڵ ئینتریست) و (وەرزنامەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) و (گۆڤاری گوڵان).**



## ئەیاد سامەرائی
سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# ڕەوتی سەدر و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی دەنگ بە مالیکی نادەن و سەرۆک وەزیرانێکی دیکە هەڵدەبژێرن

**پرۆسەی سیاسی لە عێراق لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا جۆرێك لە چەقبەستوویی پێوە دیارە و بارودۆخی ئەمنیش رۆژ لەدوای رۆژ خراپترە، تەقینەوە و کردەوە تیرۆریستییەکان روو لە زیادبوونن و قوربانییەکانیش تەنیا هاوولاتیانن و تێکچوونی باری ئابووری و پاشڤەچوونی عێراقە لە هەموو رووەکانەوە، ئەیاد سامەرائی سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە وەڵامی چەند پرسیارێکی (گوڵان) دا تیشك دەخاتە سەر هۆکارەکانی شلەژانی بارودۆخی عێراق و چەقبەستنی پرۆسەی سیاسی و ئاڵۆزبوونی بارودۆخی ئەمنی و گوزەرانی هاوولاتیان، ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.**

*** لەبەر رۆشنایی ئەو بارودۆخەی ئێستای عێراق و ئاییندەی ئەم ولاتەو پەیوەندییەکانی دەرەوەی چۆن دەخوێننەوە؟**

- چەندین پاڵنەر و هۆکار هەن کە رەوشی ناوخۆی عێراقیان گرژ و ئاڵۆز کردووە، کە راستەوخۆ کاریگەریان هەیە بۆ سەر هەوڵە سیاسییەکان و رەوشی ئەمنیی وڵات،

دیارە زیادبوون و پەرەسەندنی کردەوە تیرۆریستییەکان لەلایەك و ئەو ڕێکار و هەنگاوە ئەمنییانەی حکومەتی عێراق بوونەتە هۆی زیاتر هەستکردنی هاووڵاتیان بە بێزاریی و نارەحەتی دەربارەی ئەو بارودۆخەی کە لە ئاکامدا کاریگەریی نێگەتیڤیان دەبێ بۆ سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها لێرەو لەوێ دیاردەی پەیدابوونەوەی میلیشیاکان سەری هەڵداوەتەوە جا چ بە نهێنی بێت یان بە ئاشکراو بە پاڵپشت و پارێزگاریی هێزە ئەمنییەکان، ئەو پەرەسەندنە ترسناکەی باری ئەمنی شکست بە هەموو ئەو هەوڵانە دێنێ کە بۆ سەقامگیریی ڕەوشی عێراق و ئاشتەوایی نێوان هێزو لایەنە سیاسییەکان دەخرێنەگەڕ، سەبارەت بە ڕەوشی سووریاش دەبینین ناوچەکە پشێوی پێوە دیارە، دەربارەی تورکیاش پێشتر هەوڵی یەکلایی کردنەوەی دۆسێی سوریای دەدا، بەڵام ئێستا ئەوپەڕی ئامادەیە بۆ گەیشتن بە یەکلایی کردنەوە، حەزو ئارەزووی تورکیاش بۆ نزیك بوونەوە لە عێراق دروست و بەجێیە، بە شێوەیەکی گشتی هەوڵی زۆر لەئارادایە بۆداڕشتنەوەی نەخشەی پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ دەرەوەدا، ، بەڵام زۆر ئاستەنگ و لەمپەری دێتە پێش جا چ لەسەر ئاستی ناوخۆ یان ئیقلیمی بێت.

*** کاتێك باس لە بارودۆخی ئەمنی دەکەن، دەپرسین بۆچی هاوپەیمانی و سازان و ڕێککەوتن ناکرێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە عێراقدا؟**

- من دەتوانم ئەوە بڵێم کە لەبەرچی ئەم هاوپەیمانێتییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر نایەتەدی، هۆیەکەی ئەوەیە کە مەسەلەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بۆتە پڕوپاگەندە لە پێناو جێبەجێ کردنی ئەجیندای سیاسی، ئەم پرۆسەیە پێویستی بە ڕێکەوتن هەیە لەسەر سیاسیەتێکی هاوبەش، بۆیە زیاتر پێویستیمان بە ستراتیژییەتێکی ئەمنی هەیە کە ئەمە لە عێراقدا نییە، بە رووکەش هێزە سیاسییەکان دژی تیرۆرن، بەڵام لە ڕاستیدا ڕێك ناکەون لەسەر دیدێکی هاوبەش و کارا بۆ بنبرکردنی بە ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەتدا لەم ئەرکە گرنگەیدا، چونکە پێمانوایە کە ئەگەر هاوکاریی حکومەتمان کرد مانای وایە هاتینە ژێرباری ئەجینداو گوشاری سیاسی کە لەئەنجامدا زیان بە هەموو هاووڵاتیان دەگەیەنێت.

*** ئێستا عێراق بەرەو هەڵبژاردن دەچێت، پێتانوایە کە ئەنجامدانی هەڵبژاردن نەخشەی سیاسیی عێراق دەگۆڕێت؟**

- جارێ زووە پێشبینی ئەم گۆڕانکارییە بکەین، چونکە هەموو لایەنە سیاسییەکان هەوڵدەدەن ئەنجامی بەرچاو بەدەست بێنن و بتوانن سیستەمێکی بەڕێوەبردنی باشتر بێننەکایەوە، ڕەنگە لەو هەڵبژاردنەدا گۆڕانکاری لە هەندێ شت بکرێ، بەڵام لە هەشت ساڵی ڕابردوودا بینیمان ناونیشانەکان گۆڕان، بەڵام سیاسەت و بەرنامەکە هەروەکو خۆیان مانەوە، بۆ نموونە سەرۆك وەزیران شوێنی دەوڵەتی یاسای گرتەوە و لیستی عێراقیە شوێنی تەوافوقی نیشتمانی، بەڵام هاوپەیمانیی کوردستانی هەروەکو خۆی مایەوە، عێراقیەش کە هاتە ناو حکومەت زۆر بە گوڕوتین نەهات، بەڵکو وەکو تەوافوق بەشداری کرد. ژماری وەزیرەکانی بەقەد تەوافوق بوو، ئەو پۆستانەشی کە وەریگرتن هەمان پۆستن، وەکو جێگری سەرۆك کۆمار و جێگری سەرۆك وەزیران و ژمارەیەك لە وەزیرانی دیکە، بۆیە لەو هەشت ساڵەدا خاڵەکان هاوبەش بوون و هیچ گۆڕانکارییان بەسەردا نەهات، من پێموایە لە قۆناغی داهاتووشدا ڕەوشەکە هەروەکو ئەو ساڵانەی ڕابردوو هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

*** عێراقیەو هاوپەیمانیی کوردستانی و دەوڵەتی یاسا لەسەر هەڵبژاردنەوەی مالیکی بۆ سەرۆك وەزیران گلەییان کەمە، بەڵام موقتەدا سەدر ڕازی نییە بە هەڵبژاردنەوەی بۆ جارێکی دیکە.**

- من پێم گوتیت، ڕەنگە هەندێ گۆڕانکاری بێتەئاراوە، بەڵام گرنگ دەرئەنجامەکانە، گریمان دەوڵەتی یاسا ڕێژەیەکی زۆری دەنگی بەدەست هێنا، دەوڵەتی یاسا پێی باشە حکومەتێکی زۆرینە دابمەزرێت، بە حکومەتی شەراکەت قایل نابێت، ڕەنگە لەگەڵ چەند لایەنێك هاوپەیمانی بکات، لەوانە لەگەڵ کورد یان هەندێ سوننە، بەڵام گومانم لەوەیە کە دەوڵەتی یاسا جارێکی دیکە وەك پێشتر بیر لە دامەزراندنی حکومەتی شەراکەت بکاتەوە، بەڵام هەنگاو بۆ حکومەتی زۆرینە دەهاوێژێت، هەروەها من پێموایە ئەمجارە ڕەوتی سەدرو ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی ڕێك دەکەون لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆکێکی وەزیران کە لەخۆیان بێت، واتا قایل نابن بە دەنگدان لەسەر شێوازی تەوافوق بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆکی وەزیران لە نێو کوتلەی شیعە هەروەکو پێشتر ئەمە ڕوویدا کاتێ نوێنەران کۆدەبوونەوەو هەڵیاندەبژارد، ڕەنگە ئەگەر جیاوازییەکیش لە دەنگەکانی ئەو دوو لایەنە لەگەڵ دەوڵەتی یاسا هەبێت، ئەوا دیسان قایل نابن و پێیان باشترە کە مامەڵە لەگەڵ کورد یان سوننە بکەن نەك لەگەڵ دەوڵەتی یاسا، بەڵام لەبەرامبەر ئەمەشدا دەبینین لە ڕەوتی هەڵبژاردنەکاندا هەندێ لایەنی کوردی هەن کە حەزدەکەن مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتی یاسا بکەن هەروەها لایەنی سوننەش هەن بەهەمان شێوە حەزیان لە هاوکاری کردنە لەگەڵ دەوڵەتی یاسا بە پێچەوانەی ئاراستە گشتییەکە.


**بە ڕووکەش هێزە سیاسییەکان دژی تیرۆرن، بەڵام لە ڕاستیدا ڕێک ناکەون لەسەر دیدێکی هاوبەش و کارا بۆ بنبڕکردنی بە ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەتدا**

**مەسەلەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بۆتە پڕوپاگەندە لە پێناو جێبەجێکردنی ئەجیندای سیاسی**

**لە قۆناغی داهاتووشدا ڕەوشەکە هەروەکو ئەو ساڵانەی ڕابردوو هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە**

**لە هەشت ساڵی ڕابردوودا بینیمان ناونیشانەکان گۆڕان، بەڵام سیاسەت و بەرنامەکە هەروەکو خۆیان مانەوە، بۆ نموونە سەرۆک وەزیران شوێنی دەوڵەتی یاسای گرتەوە و لیستی عێراقیە شوێنی تەوافوقی نیشتمانی**

# سیاسەتی ئەمنیی عێراق تەنیا بە متمانەو هاوپەیمانیی راستەقینە مسۆگەر دەبێت



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*
بۆ گوڵان دەنووسێت

سەرەتا پێویستە جەخت لە پەیوەندیی جومگەکانی نێوان کۆمەڵگەو دەوڵەتان بکرێتەوە، بۆیە پرسی ئەمن و ئاسایش تایبەتە بە خودی دەوڵەتەکانەوە، راستە ئەم ئەرکە لەلایەن دەزگاکانی دەوڵەتەوە جێبەجێ دەکرێت، بەڵام رۆڵی هاووڵاتیانیش لە بواری هۆشیاریی و هەماهەنگی لەوە کەمتر نییە، بۆیە زۆر جار دەبینین ئەو دەوڵەتانەی بەدەست کێشەی ئەمنییەوە دەناڵێنن، هەروەها رووبەڕووی دیاردەکانی تیرۆر و هەرەسهێنانی ئەمنی و سەرپێچییەکانی مافیاو باندە رێکخراوەکانی گەندەڵی و ململانێی هێزە سیاسییەکان دەبێتەوە ئەوانە ئەو کێشانە بۆ بەرژەوەندیی و مەرامی حزبی دەقۆزنەوە. ئەم دەوڵەتانە پێویستیان بە بەرنامەگەلێکی تۆکمە هەیە هەر لە میدیاو گوتاری پەروەردەیی و فێرکردن و رۆشنبیری و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تا دەگاتە شارەزایی نیشتمانی و نێودەوڵەتی لە پاڵ تازەکردنەوەی دەزگاو دامەزراوەکان و پاڵپشتکردنیان بە زانیاری و داتای موخابەراتی و هەواڵگری و دەستەبەرکردنی کارمەندی بەتوانای دەستپاك و چەك و پێداویستییەکانی دیکە.

دیارە ئەو هەموو توخمانەی ئاماژەمان پێکردن بە تەنیا ناتوانن ئامانجەکە بپێکن، بەڵکو پێویستیان بە سەرکردایەتییەکی بە توانا هەیە کە بیر لە راپەڕاندنی ستراتیجی و تەکتیکیەکان بکاتەوە و پلانە سیاسییەکان بە ئاراستەی گشتی پەیڕەو بکات.

ئەوەی پەیوەیستیشە بە عێراقەوە هەروەك دەبینین کە بەڕێز مالیکی جڵەوی حوکمی حکومەتی فیدرالی گرتۆتەدەست و زۆربەی پۆستەکانی لە بەرگری و ناوخۆو ئاساییشی نیشتمانی لەدەست خۆی کۆکردۆتەوە لەگەڵ دانانی ژمارەیەك لە دەستو پێوەندەکانی کە گوێڕایەڵی فەرمان و بۆچوونەکانی دەکەن، هەر لەبەر ئەوەیە کە یەکەمین مەرجەکانی بەڕێوەبردنی وڵات بە شێوەی سەرکردایەتییەکی تۆکمەو رێك و پێك پێشێل دەکرێت، چونکە لە هیچ یاساو عورفێکی ئیداریی نییە لە دنیا کە هەموو ئەو بەرپرسیارێتییە لە لای یەك کەس کۆببێتەوە و بێجگە لەو، ئەوانەی ریزی یەکەم و دووەمیش تەنیا ئامراز و جێبەجێکاری تاکە سەرکردەو فرمانڕەوای عێراقن.

ئەم دەروازەیە بواری ئەوە دەخاتە بەردەست کە بە شێوەیەکی راست و دروست بیر لە ئامادەکردنی پلانگەلێکی کردەیی مەیدانی بکرێتەوە یان دانانی ستراتیژیگەلێکی تۆکمە کە بەر لە پیادەکردنی سیاسەتی تاکڕەوەی بگرێت، چونکە لە مێژوودا دەرکەوتووە ئەوانەی پەنایان بۆ ئەم شێوازە بردووە هەمیشە تووشی شکست بوونە بە تایبەتیش لە بواری سەربازی و ئەمنیدا نموونەشمان بۆ ئەوەی لە نێوان نێڕون و رۆما هەروەها نێوان هیتلەرو بەرلین روویداوە، بۆیە ناکرێ ئەم ستەمکارو کاربەدەستە چەوسێنەرانە جارێکی دیکە دروست ببنەوەو هەوڵی لاسایی کردنەوەی ئەوانە بدەنەوە، بەڵام ئەگەر سەیرێکی حاڵی عێراقیش بکەین بە چاوی خۆمان ئەو ستەم و ماڵوێرانی و کاولکارییە دەبینین کە هەموویان لە ئەنجامی نەبوونی ستراتیژییەتێکی زانستی و لۆژیکی هاتوونەتە ئاراوە کە رۆژانە بەرۆکی هاووڵاتیانی عێراقی گرتووە، پلان و بەرنامەکانی فەرماندەیی گشتیی عێراق ئەوەیان روونکردۆتەوە کە گرفت و کێشەکە تەنیا پەیوەست نییە بەوەی کە حوکمڕانێك ئەو هەموو دەسەڵات و پۆستانەی لە دەستی خۆی کۆکردۆتەوە، بەڵکو کێشەکە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندایە کاتێ رووی لە روسیا کرد بۆ کڕینی فڕۆکەی مۆدیل کۆن کە تواناو ئەدای شەڕیان

وەکـــو ئەو فرۆکانـــە نین کە وڵاتانی دراوســـێ هەیانە، تەنانەت ناتوانرێت بۆ شـــەڕکردن دژی تیرۆریســـتان بەکاربهێنرێن، بەڵام دەتوانرێت بۆ بەکارهێنانی دژی خەڵکێك لە پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە ببێتە فاکتەری مەترسی و تۆقاندن لە کاتێکدا ئەگەر ناکۆکییەکان توندتر ببنەوە هەروەکو پێشـــتر بینیمان چـــۆن حکومەتی فیدراڵ هێزەکانی دیجلەی بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەرێمی کوردستان خستە ئامادەباشـــییەوە، هەروەها بەکارهێنانی ســـوپا بۆ دامرکاندنەوەی خۆپیشاندانەکانی شـــارۆچکەی حەویجە و نموونەی دیکەش لەم بارەیەوە زۆرن.

بەڵام کـــوا پلانە ســـتراتیژییەکانی چەکدارکردن؟ شـــێوازەکەیان چۆنە؟ لەسەر چ بیروباوەڕێکە؟ باشـــە بۆچی تائێستا نەتوانراوە ئـــەو ئەمانەتـــەی لای ئێرانە کە بریتییە لـــە چەندین فڕۆکە بۆ عێـــراق بگەڕێنرێتەوە کە رەنگە بایـــی نزیکەی دوو ملیار دۆلار دەبێت؟ ئەدی بۆچی (بەڕێز فەرماندەی گشتی)پاشگەز دەبێتەوەو ئەو جۆرە چەکانە دەکرێت کە ســـوپای عێراق بەجێی هێشـــتوون؟ بۆچی لەو چەکە مەیدانیانەی لە روسیا داوانەکرد کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داوای دەکات کە چاك دەشزانێت ئەمریکا پێی نادات؟.

لێرەدا پرسێك سەرهەڵدەدات ئەویش ئەوەیە کە چۆن دەشێت داوای چـــەك لە دەوڵەتێك بـــکات لە کاتێکدا کە خۆی بەشـــێوەیەکی راســـتەوخۆ یان نا راســـتەوخۆ لە رووی ئیقلیمیەوە هاوپەیمانی دەوڵەتێکە کە ئەو دوژمنیەتی، بە شـــێوەیەکی دیکە چۆن داوای چەکی پێشـــکەوتوو لە ئەمریکا دەکات لە کاتێکدا کە پەیوەندیی بەهێـــزی لەگەڵ ئێراندا هەیە و بە ئاشـــکراش رێگە دەدات کە چەك و تەقەمەنی لەڕێی ئەوەوە بگاتە رژێمی ســـوریا و حزبوڵا کە لـــە رووی نێودەوڵەتییەوە و لە یەکێتیـــی ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یاساغە.

هاوکات پرســـیارێك دێتە پێشەوە کە چۆن شـــەڕ لەگەڵ تیرۆر دەکرێت لە کاتێکدا کە سیاســـەتی گشتیی وڵات لەسەر بنەمای تاکڕەویی دەســـەڵات بەڕێوە دەچێت هەروەهـــا گوتاری تایفی سیاســـی خۆی لە هاوکێشـــەکەدا دەبینێتەوە تەنانەت سیاسەتی تەسکی حزبایەتی زیاتر باڵی بەســـەر ئەم بەڕێوەبردنەدا کێشاوە کە هەمیشـــە لە دەرفەت دەگەڕێت بۆ لێدانی هاوپەیمانەکانی و لەناوبردنیان بە هەموو شێوازێك!

هـــەر فاکتەرێك کە ببێتە مایەی ئاڵوگۆڕکردنی متمانە و دواتر گەیشتن بە دید و بۆچوونێك بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو پێویســـتە لەبەرچاو بگیرێت، چونکە نە سیاسەتی گشتی و نە بەرنامەی بەڕێوەبردن و ســـەرکردایەتیی کردنی حکومەت بەبێ پەیوەندیی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی ئەستەمە هیچ چارەسەرێك بۆ بارودۆخـــی ئەمنی بەدوادابێت. بۆیە ناکرێ لە رێی توندوتیژی و دەستگیرکردنی هەڕەمەکی کە پشت بە هیچ یاسا و بنەمایەك نابەستێت ئەم ئەرکە جێبەجێ بکرێت.

ئـــەو رێگەبژاردانەی بۆ عێراق رەخســـاون بریتین لە قووڵایی راستەقینەی ئیقلیمی لە رووی جوگرافی و مێژوو و سیاسییەوە، بـــەڵام نەك بـــۆ بەکارهێنانی ئەو قوڵاییە لە میانی بەســـتنی هاوپەیمانـــی لەگەڵ ئەو رژێمانەی کـــە زیانی پێ دەگەیەنن، بەڵکو لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ کە لە کۆتاییدا دەخرێتە خزمەت بەرژەوەندیی عێراق و برەودان بە کاروانی بنیادنان و ئاوەدانکردنەوە بە پێچەوانەی ئەو هاوپەیمانێتییەی کە لەگەڵ رژێمێکی وەکو سوریادا ببەسترێت کە هەروەك بۆ هەموو دنیا دەرکەوتووە چۆن دەســـتی بە خوێنی رۆڵەکانی سووربووەو رۆژانە ماڵوێرانی و کاولکاریی بەرۆکی ئەم وڵاتە زیاتر دەگرێت و گەلەکەشـــی ئاوارەو دەربەدەرو کارەساتبار دەبێت. هاوپەیمانی بەستن لەسەر بنەماکانی تایفی هیچ سەقامگیری و ئاسوودەیی بۆ ناوچەکە دابیـــن ناکات بەقـــەد ئەوەی کە زیاتر دەبێتە هۆی رشـــتنی خوێن و بەهەدەردانی سامانی مرۆیی و ماددی و قۆناغێکی دوژمنکاری و رکابەریی و توندوتیژی دێنێتەکایەوە، ئەوەی لە بەڕێز مالیکی بینیمان و دەیبینین ئەو راستییە دەسەلمێنێت کە پەنای بردۆتە بەر هێزە ئیقلیمییەکان و سەرۆکایەتیی ئەمریکا تاکو پشتیوانی بکەن لە جارێکی دیکە وەرگرتنەوەی دەسەڵات، بەڵام ئەو بەڕێزە ئەوە نازانێت لەسەر ئاستی ناوخۆ چۆن دەبێت واز لە هەندێ شـــت بهێنێت و دەســـتبەرداری چەندین خاڵ بێت لە بەرژەوەندیی ئیدارەیەکی دەســـتووری بەر لەوەی هەر رێکەوتنێك لەگەڵ هێزو لایەنەکانی ناوخۆ مۆربکات، ئەو دەبێ چاك بزانێت کە گوێڕایەڵی کردن و لەبەرچاوگرتنی بەهاکانی دەنگەکانی هەڵبژاردن و هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەی لایەنە سیاسییەکان تاکە رێگەیە بۆ زیاتر تۆکمەکردنی هاوپەیمانێتی و دواتر پارێزگاری کردن لە قەوارەو پێگەی عێراق.

کەواتە پرسی ئەمن پێویستی بە گۆڕانکاریی جەوهەری هەیە لە سیاســـەتی گشتیی تایفی بۆ نیشـــتمانی و گرتنەبەری پلانێکی بەهێز و تۆکمە بۆ دەربازبوون لە دەزگا حکومییەکان کە مۆرکی ئایینیان پێوەیە بۆ بنیادنانی دەزگاکانی دەوڵەتی مەدەنی، شانبەشـــانی دۆزینەوەی چارەسەرێکی جەوهەری و بنەڕەتی بۆ دیاردەی گەندەڵی کە سەرتاپای جومگە ئیداری و دارایی و ئابوورییەکانی گرتۆتەوە، هەر لەم روانگەوە ئەگەر عێراق بیەوێت وڵات لەلایەن رۆڵە دڵسۆزەکانیەوە بەڕێوەبچێت، ئەوا پێویســـتە پلانێکی ئابـــووری بخرێتەگەڕ بۆ کەرتەکانی کشـــتوکاڵی و پیشەســـازی ئەویـــش بەســـوود وەرگرتن لە وەبەرهێنان و بەکارخستنی توانا مرۆییە بێکارەکان کە دەسەڵات و شارەزایی ئەوتۆیان هەیە ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەم عێراقە نوێیە بنیادبنێنەوە.

بنیادنانی پەیوەندیی دروستی هاوتەریبی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لەســـەر بنەمای بەیەکەوەژیان و ئاشتەوایی تاکە زەمانەتە بۆ دابین کردنی ســـەقامگیریی ئەمنی و پاراســـتنی سامان و دەســـتکەوتە نیشـــتمانییەکان، هاوکات درێژکردنی دەســـتی هاوکاری بۆ هەرێمی کوردســـتان لـــە رووی هەماهەنگیی ئەمنی فاکتەرێکـــی یاریدەدەرە بۆ حکومەتـــی عێراق تاکو بتوانێت بە سوودوەرگرتن لە توانا و کارامەیی ئاسایشی هەرێم چاوێك بە دامودەزگا ئەمنییەکانیدا بخشـــێنێتەوە، ئەگەر نا بڕواناکەم ئەم وڵاتە لە کەش و هەوایەکی سەقامگیری و دوور لە ئاشووب و بێ سەروبەریی خۆی بەڕێوەببات و ئەم گەلەش کە ســـاڵانێکی زۆرە بێجگە لە قوربانی و کارەسات و تراژیدیا هیچی نەدیوە، درێژە بە ژیانێکی پڕ لە ئەمن و ئاســـاییش و سەقامگیری دەروونی و کۆمەڵایەتی بدات.

*** توێژەری ئەکادیمی زانستە سیاسیەکان**

**ئەو رێگەبژاردانەی بۆ عێراق رەخساون بریتین لە قووڵایی راستەقینەی ئیقلیمی لە رووی جوگرافی و مێژوو و سیاسییەوە، بەڵام نەک بۆ بەکارهێنانی ئەو قووڵاییە لە میانی بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو رژێمانەی کە زیانی پێ دەگەیەنن**

**پرسی ئەمن پێویستی بە گۆڕانکاریی جەوهەری هەیە لە سیاسەتی گشتیی تایفی بۆ نیشتمانی بەمەبەستی دەربازبوون لە دەزگا حکومییەکان کە مۆرکی ئایینیان پێوەیە بۆ بنیادنانی دەزگاکانی دەوڵەتی مەدەنی**

**بنیادنانی پەیوەندیی دروستی هاوتەریبی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای بەیەکەوەژیان و ئاشتەوایی تاکە زەمانەتە بۆ دابینکردنی سەقامگیریی ئەمنی و پاراستنی سامان و دەستکەوتە نیشتمانییەکان**

# ئۆپۆزسیۆنی سوریاو دۆزی کورد



د.سەربەست نەبی
بۆ گوڵان نووسیویەتی

تا ئێستاش هەموو شۆڕشە عەرەبیەکان لە چاو شۆڕشە ڕاستەقینە مێژووییەکاندا، تەنیا چەند پرۆڤەیەکن، ڕەنگە واتای گشتی ئەم شۆڕشانە لەسەر ئەوە ڕابوەستێن کە چۆن گەلانی عەرەبی ڕابهێنن بۆ ئەوەی لە دژی ستەم ڕاپەڕن، یان چۆن ئازادی وەدەست بخەن و بڕوایان بە ئازادی ئەوانی تریش هەبێت و بە چ شێوازێك لە کۆیلایەتی ڕزگار بن، بەڵام شۆڕشی سوریا هەموو ئەم واتایانە نایگرێتەوە، مرۆڤ سەرسامە لە ئاستی ئەوەی کە نازانرێت ئەم شۆڕشەی سوریا دەیەوێت بگاتەچی، سەرەڕای ئەو قوربانیە زۆروزەبەندەی لە ڕووی مرۆییەوە لێی دەکەوێتەوە، ئەمە بۆ خۆی دەمانخاتە بەردەم ئەو ڕاستیەی کە ڕەوایەتی هەر شۆڕشێکی مێژوویی بە قەبارەی قوربانیەکانی لێی دەکەوێتەوە ناپێورێت، بەڵکو بە قەبارەی دەسکەوتەکانیەوە دەپێورێت..

شۆڕش لە سوریا وەك شۆڕشێکی مەزن دەستی پێکردو بەڵام گەیشت بە سێرکێکی زەبەلاحی کوشتار وماڵوێرانی، ئێستا بە دۆزەخێکی کراوە گەیشتووە کە هەموو شەیتانەکانی سەر زەوی و بەچکەکانی جرت و فرتی تێدا دەکەن، ئێستا لە توانای هەموو چەتەو ڕێگرو بەهلەوان وفێڵزانێکدایە تەراتێنی تێدا بکەن و خەسڵەتی قەدیس لە خۆی بنێت وخۆی تێدا بخزێنێت..

لە بەرانبەریشدا سیاسەتمەدارانی کورد پەندیان لە وانەکانی مێژوو و سیاسەت وەرنەگرت، بۆ جارێکی تر سەلماندیانەوە کە ناتوانن ببنە نوێنەرانی ڕاستەقینەی دۆزی نەتەوەییانەی گەلی کورد، غیابی گوتارێکی سیاسی هاوبەش ئاماژەیە بۆ شکستهێنانیان لە وەرگرتنی بڕیارێکی نەتەوەییانەی سەربەخۆ، هەروەها دەستەبژێرێکی سیاسی بە توانا شك نابرێت تا سەرکردایەتی دۆزەکە لە سوریا بکات، بەمەش وایکردووە شۆڕشەکە بکەوێتە بەر دەستێوەردانی دەرەکییانەی ئەو هێزە دوژمنکارانەی بۆ ماوەی نیو سەدەیەکە ڕشتنی خوێنی کورد حەڵاڵ دەکەن، شکستەکە هەمووی لەم سێ ساڵەدا سەلمێنرا..

کێشەی کورد بە پلەی یەکەم کێشەی نێوان کوردو کوردە، هاوکات بڕیارو ویستی ناوەندییانەی تێدا بزرە، ئێستا فرەویستێکی تر دەیجووڵێنن و دەستانی شاراوە جڵەوگیری چەند دەستێکی لاوازی دیاری ئێرەو ئەوێیان پێ کردووە..

بۆچی ڕانەهاتوین لەسەر دانپیانان و ڕەخنە لەخۆ گرتن، پرۆژەی سیاسیانەی کورد لە سوریا بە درێژایی مێژوو بێ کاریزمای سیاسی دەستەبژێر کاتەکانی بەڕێکردووە، بکەرانی سیاسی بە درێژایی ئەو مێژووە ئامادەی سازش بوون و بەهانەی زۆریان بۆ قەیرانە درێژخایەنەکەیان هێناوەتەوە، لە کۆتاییدا بڕوای ڕاستەقینەیان بەو پرۆژەیە نەبووە کە هەوڵی نوێنەرایەتییان بۆ داوە، هاوکوفی ئەمەش کۆمەڵگەی کوردەواری ڕۆڵی پێشەنگانی کۆمەڵایەتی و کەسانی ڕوانگەیی پێشکەوتووی تێدا بزرە، بە شێوازێك ئێمە لە کۆمەڵگەیەکی ئاسۆییدا دەژێین، واتا بێ قوچەکیانەی کۆمەڵایەتی و کەلتوورییە، لەبەر ئەوە کۆمەڵگەیەکی سادەو ساکارەو زۆر بە سانایی دەتوانرێت لە گرێژنەوە لێکهەڵوەشێنرێتەوە، کۆمەڵگەیەکی

دوور لــە ناوەندگەرایی و دوور لــە گردبوونەوە بە دەوری ناووکی ڕەمــزی و ماددیدایــە، دەچوێنرێت بە دوورگــەی ئەرخەبیل کە چەندیــن دوورگەی لێکهەڵوەشــاوەی لە ناو شــەپۆلە بە هاژو هووشــەکاندا بێت،ئەم کۆمەڵگەیە مێژوو گوزاریشتی لێ دەکات و نــاوی دەبات بە بێ ئەوەی خودی مێژووەکە ددانی پیادا بنێت یــان ئاوڕێکی لێ بداتــەوە، لەوانەیە ئێمە بــێ توانا بین لەوەی کاریگەریمان بۆ سەر مێژوو هەبێت بەم شێوازەی ئێستامان..

لە لایەکی ترەوە گەورەترین بەڵگە لەســەر ئەوەی هزری سیاسی ئۆپۆزسیۆن جیاوازی نییە لەگەڵ هزری سیاسی ڕژێمی سوریا، ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆنی سوریا خواستی نییە گۆڕانێکی دیموکراتی لەو وڵاتە بێنێتە پێشەوە، تەنیا هەموو هەوڵەکانی چڕکردۆتەوە بۆ ڕوخاندنی سەری ڕژێمەکە بە پاڵپشتی فاکتەری تایەفەگەرییانەوە، تا ئێستاش ئۆپۆزســیۆن بە هیچ شێوازێ لە شێوازەکان ڕەخنەی ئاڕاســتەی ئیدیۆلۆژیای بەعس نەکردووە، بێدەنگی هەڵبژاردووە لە بەرانبەر ڕەفتارەکانی بەعسیەکاندا، ئەم بێدەنگ بوونەشی وەك ئەوەیە ناڕاستەوخۆ ڕێگەخۆش بکات بۆ بەعسیەکان خۆیان بێتاوان نیشان بدەن لەو تاوانکارییانەی دەیکەن و هەمووی بهێننەوە بەسەر ســەری ڕژێمەکەدا تا حزبی بەعس وەك شــەریکە تاوانکارێکی ڕژێم نەخەنەڕوو، لەسەر ئاستی کوردیشدا تا ئەم کاتەش وشەیەکی خێرمان لە ڕەمزەکانی ئۆپۆزســیۆن نەبیستووە ئومێدو ئارامییەك ببەخشــێت، هەمــووان لە پێشــبڕکێدان بۆ وروژاندنــی کورد بە هەڵوێســتی دوژمنکارانەو ڕاگەیانراوە سەقەتەکانی کە گوزارشتە لە زەینیەتە پڕ لە کینەو ڕق و تەنگەچیلە ڕەگەزپەرســتانەکانیان، هەموو ئۆپۆزســیۆن کە باسەکە بێتە سەر مافەکانی کورد دەکەونە وڕێنەکردن و هاوارو شاتە شات، کینەو گومان و پەرگیربوون بریتیە لە گەوهەرو سیمای ڕاستەقینەی هەموویان لە بەرانبەر باسکردنی هەبوونــی کورددا، زەحمەتە بە قســەی بریقەداری یەکســانی و دیموکراتیەت و هاووڵاتیبوون قایل بکرێن، ماسکە ژەنگرتووەکانی سیمایان بە ســانایی لێ هەڵدەماڵرێت، وەك لە ڕۆژانی ڕابردوودا ڕووی ڕاســتەقینەیان ئاشکرا بوو، چۆن ئەم ڕاستیە ڕاڤە دەکرێت ئیتر ئەمەیە حەقیقەتی ئۆپۆزسیۆنی سورییی و واقیعی ئێستاکێی ئەم ئۆپۆزسیۆنە..

شــتێکی تر کە حەقیقەتی ئەم ئۆپۆزسیۆنە بخاتە ڕوو بریتیە لە پەرچەکردارەکانی بەرانبەر پرۆژەی ئۆتۆنۆمی، کە سادەترین مافە بۆ گرووپێکی مرۆڤایەتی کە ناسنامەیەکی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە، بەڵام کاردانەوەی فاشســتانەی فۆبیا ئاسا بە ڕووخساری هەموو ئۆپۆزسیۆنگەرانی سووریاوەیە، لە سەپانەکانیانەوە تا سەردارەکانیان، بێ ئەوەی هەوڵێکیان لێ شــین بێتەوە بۆ لاکرنەوە لە مافەکانی ئەوانیترو بۆ لێبوردەیی،ژەنگی ڕەگەزپەرستانەی قەناعەتێکەر کە وەك کاغەزێك پێچراوە لە چەمکەکانی ئەم نیشتمانە بۆ هەموانەو دەوڵەت مەدەنیانەیە تەنیا بۆ چاوڕاوەو لە ژێرەوە ناعەقڵانیبوون و فیزولە خۆبایی سیاســی و لووتبەرزی خۆسەپێن هەمووان لە یەك جەســتەی مەتین کۆدەکاتەوە کە تژییە بە هەستی دوژمنایەتی، تەنانەت خانەدانەکانیان بە شێوازێك خەڵکی سادە هان دەدەن دژ بە هەڵوێستی کوردان بوەستنەوە، هاندانەکانیان پڕیەتی لە هەڵچوونی سیاسیانەی هەڵبەســتراوو ئەوانیشیان هێناوەتە سەر هات و هاوار لە بازاڕی هەینیدا دەیفرۆشنەوە، پاش ئەوەی لە ویقارو خەسڵەتی جوامێرانە خۆیان داشــۆریوە کە بە درێژایی ســەدەکانی پێشــوو شــانازییان بەو خەسڵەتانەی خۆیانەوە دەکرد، ئەمەش ئێمە دەخاتە ســەر گومانکردن لە نیەتەکانیان، بــە بەڵگەی ئەوەی هیچ کام لەم خانەدانانەش ئەگــەر بۆ تۆزقاڵێکیش بوو بێت توڕەیی خۆیان دەرنەبڕیوە بەرانبەر ئەو میرنشینە تیرۆریزمیانەی کە وەك قارچك هەڵتۆقیون لە ناو قووڵایی سوریادا تەراتێنی خوێنڕشتنیانە، ئەمە هەمووی ســەلمێنەری ئەوەیە کە تەنیا خاڵێکی هاوبەشــی نێوان ئۆپۆزسیۆن و ڕژێم بریتی بێت لە دوژمنایەتی کوردو چەوسانەوەی گەلی کورد..

مانەوەی کورد وەك هێزێکی سەربەخۆی سیاسی باشترە لە هەموو شتەکان بەڵام چۆن ئەمەش ئەنجام دەدرێت، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی بــە چوونەپاڵیان بۆ لای ئیئتیلاف وەك خیانەتێك وایە بۆ هەموو ڕێبازە سیاسیەکان کە پێشتر ئەنجومەنەکە ڕایگەیاندبوو..

پێشــتر وترابوو کە دۆزی کورد وەك وردە پارەی ئاسن وایە بەسەر مێزی قومارچییە گەورەکانەوە، ئێســتاش ئەمە ســەلمێنرا کاتێ هەندێك لە سیاســەتمەدارانی کورد چوونە ســەر مێزی ئەوانەی هەموو شــێوازێکی هەبوونی کورد لە خۆرئاوای کوردستان ڕەت دەکەنــەوە، ئەمە دەستبەســەراگرتنی بڕیــاری نەتەوەیی کوردە لە ســوریاو ڕادەستکردنیەتی بۆ لای دەســتەیەك ڕەگەزپەرستی پەڕگیری ئیســلامیی، ئەمە نە بە خۆڕایی کــراوە نە بە نیەت ســافییەوە، بەڵکو سازشــی ژێراو ژێری نهێنی لە پشــتەوەیە، کەمتریــن زیانێك لێــی بکەوێتەوە گێڕانــەوەی دۆزی کوردە بۆ پاش دیمەنــەکان و پاش بایەخپێدانــەکان، ڕەنگە بیخاتە کونجی لەبیرچوونەوە یان ئەجیندەی بچکۆلە بخاتە بەر چاو تا دۆزەکەی کورد بێ بەها بــکات، هەروەها قوماربازییەکی خراپە بە بڕیاری نەتەوەیــی و ئیرادەی گەلی کــوردەوە لە لایەن سیاســەتمەدارە کورتبینە بچکۆلەکانەوە کــە دەرئەنجامی ڕەفتارەکانی خۆیان بە هەنــد وەرنەگرتووە، ئەمەش دیارترین پەڕگیر لە کۆنگرەی جنیف ٢ دەهێنێتە سەر ئەوەی بە ناوی دۆزی کوردەوە بدوێت..

بەرچاوترین ئامانج لە دەســتەی ئۆپۆزسیۆنەکانەوە ئەوەیە ددانبە نوێنەرایەتی ســەربەخۆدا نانێن، بۆ ئەوەی سەربەخۆیی لە دۆزی کــورددا مۆمیا بکەن، بە چاوێکی پەراوێزکارانەوە لێی بڕوانن، تا لەو پەراوێزەدا ســەنگێکی نێودەوڵەتی بەخۆوە نەگرێت، ئەمە ئەو ئامانجەیە کە جەمســەرە هەرێمایەتیەکان هەوڵی لەگەڵ دەدەن و هەندێ سیاسەتمەداریان بۆ کردۆتە مقاش، سەرەکیترین پرسیار کە پێویســتی بە وەڵام بێت ئەوەیە کە ئایا دۆزی کورد بەســتراوەتەوە بەم ڕژێمەوە کە وا بزانین بە لەناوچوونی ڕژێم ئیتر چارەسەرێکی دادوەرانەی دۆزەکە دێتە پێش، یان بەستراوەتەوە بە ڕەگوڕەچەڵەکی مێژوویی و سیاسی شێواوی پشتەوەی دامەزرانی دەوڵەتی سوریا لــە بنەڕەتدا، ئایا تراژیدیای کورد بــە تەواوبوونی ڕژێم کۆتایی دێت، ئەمە جێگەی گومانە..

ئۆپۆزسیۆنی ئێستا پێی ناکرێت کورد ڕازی بکات بەوەی گۆڕانێکی ڕاستەقینە دێنێتە پێشــەوەو لە پێناوی ئازادی و یەکسانیدا ستەم ناهێڵێت، تا کەس نەبێتە هاوڕای ئەو چارەســەرە بنجییەی دۆزی کورد لە ســوریای پێ چارەسەر بکرێت، بەڵام کوردیش لە سوریا هێندە ســاویلکە نین قوربانییەکــی زۆر بدەن لە پێناوی گۆڕینی دیکتاتۆرێك بە کەسانێکی لە دیکتاتۆر تاوانبارتر..

**شۆڕش لە سوریا وەک شۆڕشێکی مەزن دەستی پێکرد، بەڵام گەیشت بە سێرکێکی زەبەلاح بۆ کوشتار و ماڵوێرانی، ئێستا بە دۆزەخێکی کراوە گەیشتووە کە هەموو شەیتانەکانی سەر زەوی و بەچکەکانی جرت و فرتی تێدا دەکەن**

**پێشتر وترابوو کە دۆزی کورد وەک وردە پارەی ئاسن وایە بەسەر مێزی قومارچییە گەورەکانەوە، ئێستاش ئەمە سەلمێنرا کاتێ هەندێک لە سیاسەتمەدارانی کورد چوونە سەر مێزی ئەوانەی هەموو شێوازێکی هەبوونی کورد لە خۆرئاوای کوردستان ڕەت دەکەنەوە**

**سەرەکیترین پرسیار کە پێویستی بە وەڵام بێت ئەوەیە کە ئایا دۆزی کورد بەستراوەتەوە بەم ڕژێمەوە، تا وا بزانین بە لەناوچوونی ڕژێم ئیتر چارەسەرێکی دادوەرانەی دۆزەکە دێتە پێش**





## پرۆفیسۆر مالیک موفتی بۆ گوڵان:

# نابێت ئەگەری رووداني شەڕێکی ئایینی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاوشێوەی ئەوەی لە ئەوروپادا لە سەدەکانی رابردوودا روویدا بە دوور بگرین

**پرۆفیسۆر مالیك موفتی ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی توفتس و تایبەتمەندە لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی دوای فەشەل هێنانی گرووپی ئیخوان لەمیسر و حزبە ئیسلامیەکانی دی لە وڵاتانی دیکە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر مالیك موفتی کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** گۆڕانکارییەکانی بەهاری عەرەبی، حزبە ئیسلامیەکانی بردە دەسەڵات، بەڵام ئەو حزبە ئیسلامیانە نەیانتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنن، ئایا دەکرێت بڵێین حزبە ئیسلامیەکان لە حکومڕانی فەشەلیان هێناوە؟**

- ئەو راپەڕینانەی پێکەوە پێیان دەوترێت «بەهاری عەرەب» تەمەنیان لە سێ ساڵ کەمترە، لەبەر ئەوە دەبێت وریابین و نەگەینە دەرئەنجامی پێشوەختە لەبارەی سەرکەوتن و شکستی کاراکتەرە سیاسییە جیاوازەکانەوە، یاخود لەبارەی گشتاندنی ئەزموونی وڵاتە جیاوازەکانەوە. بۆ نموونە لە تورکیادا، چەند دەیەیەکی ویست تاوەکو ئیسلامیەکان و رکابەرە عەلمانی- ناسیۆنالیستیەکان بگەنە دۆخێك کە لە چوارچێوەیەکی دیموکراتی تا رادەیەکی سەقامگیردا (بەڵام هێشتا لەرزۆکە) پێکەوە بژێن. بە هەمان شێوەی هاوشانە تورکەکان، عەرەبە ئیسلامیستەکان پێویستیان بە بەدەستهێنانی ئەزموون هەیە لەبارەی واقیعەکانی حکومڕانێتیەوە، لە نێویاندا مامەڵەکردنێکی کارا و رێزدارانە لەگەڵ دامەزراوە و چین و توێژەکانی دەوڵەت کە رەنگە خاوەنی هەمان بیروبۆچوونی ئەوان نەبن. هەمان شت بۆ رکابەرە عەلمانییە- ناسیۆلیستیەکان راستە و پێدەچێت پرۆسەی فێربوون بۆ هەردوولا پرۆسەیەکی دژوار و درێژخایەن بێت. ئەگەر سەرکردەکانی هەردوولا ئەم دەوڵەتمەداریە ژیرانە بخەنەڕوو، ئەوا تا رادەیەك وەرچەرخان بەرەو دیموکراسی ئاسانتر دەبێت. ئەگەرنا،، ئەوا ئەگەری هاتنەئارای رووداوی زۆر خراپ لە ئارادا دەبێت- نابێت رووداني شەڕێکی ئایینی هاوشێوەی ئەوەی لە ئەوروپادا لە سەدەکانی رابردودا روویدا بە دوور بگرین.

*** ئەگەر پارتە سیاسییە ئیسلامیەکان نەتوانن تەبەنی دیموکراسی بکەن، ئایا ئایندەی وڵاتە عەرەبییەکان چی دەبێت؟**



- لە نێو هەموو ئەو نادڵنیاییانەی هەیە تەنها لە دوو شت دڵنیاین. یەکەمیان ئەوەیە سیاسەتی ئیقلیمی بەردەوام لە سیاقی باوەڕ و کەلتوری ئیسلامیدا گوزارشتی لێدەکرێت، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە پارتە ئیسلامیەکان بەردەوام دەبن لە بینینی رۆڵێکی باڵادەست- کە بەدیلێکی تەواو عەلمانی لە ئارادا نییە. دووەمیان، بەرەبەیانی رۆژگاری دیموکراسی لە ناوچەکەدا قابیلی پێچەوانەکردنەوە نییە، ئەگەرچی بە دڵنیاییەوە ئەگەری روودانی پاشەکشە و شکست لێرە و لەوێ دەکرێت. ئەم دوو فاکتەرە پێکەوە بە مانای ئەوە دێن کە پرسیاری ئەوەی چۆن پارتە سیاسییە ئیسلامیەکان خۆیان لەگەڵ نۆرم و پراکتیکە دیموکراتیەکاندا دەگونجێنن وەك پرسیارێکی میحوەری ئەم سەردەمە دەمێنێتەوە، بەڵام رۆڵی لایەنە دەرەکییەکان لەم پرۆسەیەدا رۆڵێکی سنوردا دەبێت. کاراکتەرە ئیقلمیەکانی وەك تورکیا دەتوانن بەشداریەکی سوودبەخشانە بکەن بەحوکمی ئەو ئەزموونە سیاسی و دامەزراوەییەی هەیانە، و ئەو کاراکتەرانەی دوورترن وەك ئەوروپی و ئەمریکیەکان دەتوانن ژینگەیەکی لەبارتر بخوڵقێنن- بۆ نموونە لە رێی برەودان بە بڕیارێك بۆ سەقامگیرکردنی ناکۆکی فەلەستینیەوە- بەڵام لە کۆتاییدا گۆڕانکاریە پێویستەکان دەبێت لە ناوخۆوە سەرچاوە بگرێت.

*** هەندێ لە شارەزایان پێیانوایە وڵاتە ئیسلامیە غەیرە عەرەبییەکانی وەك مالیزیا و تورکیا مۆدێلێکی جوانی دیموکرسیان پێشکەش کردووە، ئەگەرچی پارتی داد و گەشەپێدان حاڵی حازر لە دەسەڵاتدایە لە تورکیا، بەڵام دەستووری تورکیا دەستوورێکی عەلمانییە. بە بۆچوونی ئێوە بۆچی پارتە سیاسیەکانی وڵاتە عەرەبیەکان ناتوانن بەشداری ژیانی سیاسی بکەن بە چەشنی وڵاتانی مالیزیا و تورکیا؟**

- ئەزموونی وڵاتانی وەك تورکیا و مالیزیا ئاماژە بەوە دەکەن کە بە راستی ئەگەری بە دیموکراتیکردن لە سیاقی ئیسلامیدا بوونی هەیە. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا سەرکردایەتییەکی ژیر دەتوانێت رێگری لەوە بکات کە پرۆسەکە بە لاڕێدا نەڕوات بەرەو ناکۆکییەکی ئایدیۆلۆژی یان بەرەو ئەوە نەڕوات بەها ئیتیکیە جەوهەریەکانی موسڵمانەکان لاواز بکات.

*** لایەنێکی دیکەی پارتە سیاسییە ئیسلامیەکان کە پیادەی دەکەن بریتییە لە توندوتیژی و پشتگوێخستنی لێبوردەیی. ئیخوانەکانیش هەمان رێچکەی توندوتیژیان گرتبەر، پرسیار ئەوەیە ئیخوان بانگێشەی میانڕەوی دەکرد، بۆ کە گەیشتە دەسەڵات توندوتیژی گرتەبەر؟**

- دەبێت هەمیشە گوێ لە دەنگە توندڕەوەکان بگیرێت لە قۆناغی ئینیتقالیەکانی لەم چەشنەدا، بە تایبەتی کاتێك ئەزموونی رابردوو و پراکتیکی دیموکراتیانە بوونی نەبێت. بەڵام هیچ هۆکارێك نییە رێگر بێت لەوەی لایەنە ژیرەکان باڵادەست بن لە چوارچێوەی سەرکردایەتیی ئیخوان موسلمیندا، وەك ئەوەی لە ئیسلامیستەکانی تورکیادا روویدا کە باوەڕیان بە دیموکراسی هێنا.

*** ئایا تا چەند حکومڕانی ئیسلامی زەمینەی پێکدادانی شارستانیەتیەکان خۆش دەکات؟ ئەمە ئایینی ئیسلام نییە، بەڵکو ئەمە پارتە سیاسییە ئیسلامیەکانی وڵاتانی عەرەبن؟**

- دووبارە، پرسەکە جیاکردنەوەی ئیسلام و پارتە سیاسییە ئیسلامیەکان نییە- بە شێوەیەکی حەتمی سیاقێکی دیموکراسی راستەقینە پارتە ئیسلامیە سیاسییە گەورەکانی تێدا دەبن. ئەگەری خۆلادان لە ناکۆکی- ئیتر لە چوارچێوەی جیهانی ئیسلامیدا بێت، یاخود لە چوارچێوەی شارستانیەکانی دیکە- دەوەستێتەسەر ئەوەی چەند سەرکەوتووانە قۆناغی وەرچەرخان بەرەو دیموکراسی ئیدارە دەکرێت.

**ئەو راپەڕینانەی پێکەوە پێیان دەوترێت «بەهاری عەرەب» تەمەنیان لە سێ ساڵ کەمترە، لەبەر ئەوە دەبێت وریابین و نەگەینە دەرئەنجامی پێشوەختە لەبارەی سەرکەوتن و شکستی کاراکتەرە سیاسییە جیاوازەکانەوە**

**چۆن پارتە سیاسییە ئیسلامیەکان خۆیان لەگەڵ نۆرم و پراکتیکە دیموکراتیەکاندا دەگونجێنن وەک پرسیارێکی میحوەری ئەم سەردەمە دەمێنێتەوە. بەڵام رۆڵی لایەنە دەرەکییەکان لەم پرۆسەیەدا رۆڵێکی سنوردا دەبێت**

# سەرکەوتنی کارەکانی حکومەت لەجێبەجێکردنی بەرنامەکەیدایە

## لە پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٤ تاچەند گرنگی بە بونیاتنانی ژێرخانی هەرێمی کوردستان دراوە؟

بونیادنانی وڵاتی دوای شەڕ بەرنامەی وای دەوێت کە بتوانێت ئاسەوارەکانی وێرانی و دارمانی ئابووری تێپەڕێنێت و متمانەی هاووڵاتیان بەدەستبهێنێت، لە ڕێگای ئەوەی حکومەت لە بڕیارو پرۆگرامەکانیدا هەوڵبدات لەئاست داخوازی و خواستەکانی هاووڵاتیان بێت و جۆرە لێکتێگەیشتنێکی لەگەڵ هاووڵاتیاندا هەبێت. بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەش هەروا ئاسان نییەو ئەرکێکی قورسە بەتایبەت لەهەرێمێکی وەکو کوردستان کە ژێرخانەکەی وێرانکرابوو، بەرادەیەك ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتێکیاندا دەریانخستووە هەرێمی کوردستان بۆ بوژانەوەو پێشکەوتنی ژێرخانەکەی لەماوەی ٧ ساڵدا پێویستی بە ٣٠ ملیار دۆلار هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان توانی بۆ جیهان بیسەلمێنێت کە «عێراقێکی جیاوازە»و لێرە سەقامگیری سیاسی و ئارامی هەیەو ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکیەکانی وەکو ئاو و کارەباو دابینکردنی سوتەمەنی هەنگاوی باشی بڕیوە، بەرادەیەك توانرا لەپاشکەوتەیی حکومەتی ناوەندی دەربازمان بێت. ئەوەتا بەپێی رووپێوەکانی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێم و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان ڕێژەی هەژاریی تێکڕا دابەزیوەتە سەر لە ٣,٥٪ و بێکاریی بۆ لە ٥,٢٪ ئەمەش بەراورد ناکرێت لەگەڵ ئاستی هەژاری و بێکاری لەگەڵ ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق کە لە ١٩٪ی تێپەڕاندووە. ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان بووەتە ئەو ناوچەی کە وڵاتانی پێشکەوتووی دنیاو ناوچەکەش وەبەرهێنانی تێدا دەکەن و لەسەرجەم بوارەکاندا گۆڕانکاری نەوعی بەخۆوە بینیوە بەرادەیەك لە٢٠١٤ هەولێر دەبێتە پایتەختی گەشتیاریی و ئاستی بازرگانیشی لەگەڵ وڵاتێکی وەکو تورکیا گەیشتۆتە ١٢ ملیار دۆلار. لەگەڵ ئەم پێشکەوتنەو بەرزبوونەوەی کێرڤی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و جێبەجێکردنی پرۆژەکان ئاستی داخوازی و ئومێدی هاووڵاتیانیش رووی لەزیادبوون کردووە، ئەمەش شتێکی ئاساییە بەو پێیەی حکومەتی هەرێم حکومەتی خەڵکەو چاوەڕوانی کاری گەورەشی لێدەکرێت.

رەنگە لەم قۆناغەو بەپێی ئەو توانا داراییەی حکومەتی هەرێم لەبەردەستیدایە لەتوانادا نەبێت هەموو خواست و ویستەکانمان لە جێبەجێکردنی پرۆژەکان بهێنرێتەدی، بەڵام خۆ دەبێت بەرنامەو پلانی ستراتیژیی دابڕێژرێت بۆ ئەوەی بەتەواوی سوود لە پارەی بەردەست و تواناکانی ناوخۆ وەربگرین، ئەمەش بێ پلانی ستراتیژیی و ئابووری بەدی ناهێنرێت کە تاکو ئێستا لەمبوارەدا کەموکورتی هەیەو کاریگەریی خراپی لەسەر پرۆژەکان و بگرە جێبەجێکردنی پرۆژە یاسای بودجەی گشتی ٢٠١٤ی هەرێمی کوردستان هەیە. بەو پێیەی پرۆژە یاسای بودجە نەخشە ڕێگای حکومەتە بۆ بەرزکردنەوەی ئەدای حوکمڕانی باش و بودجە بۆ خەڵکە، هەربۆیە پێویستی بەپلانێکی زانستی و عەقڵانی واهەیە کەلەلایەك رەچاوی واقیعی هەرێمەکەی کردبێت و لەلایەکی دیکەیشەوە لەئاست ویست و داخوازیەکانی خەڵکیدا بێت، لەهەموو دنیای پێشکەوتوو بودجەیەك نییە بێ کەموکورتی بێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە بەهەموو لایەکان و لەقۆناغە جۆراوجۆرەکەی ئامادەکردن و پەسەندکردنی بودجەدا گفتوگۆ و دانوستانەکان لەسیاقی چاکردن و پێشخستنی ئەو پرۆژەیەدا بن کە هاووڵاتیان چاوەڕێی پەسەندکردنین.





بریکاری وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ (گوڵان):

# لەپەسەندکردنی پرۆژەکانی ٢٠١٤ ڕەچاوی داخوازی و پێداویستی هاووڵاتیان کراوە

## لەئاوەدانکردنەوەو دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکیەکان هەرێمی کوردستان هەنگاوی باشی ناوە

## ڕێژەی هەژاری و بێکاری لەهەرێمی کوردستان بەراورد بەعێراق زۆر کەمە؛ بۆ نموونە ڕێژەی هەژاری بەتێکڕا لە ٣,٥٪ـەو ڕێژەی بێکاریش لە ٥,٢٪ـە

**شـــێروان ئەسعەد بریکاری وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان لەم دیمانەیەی گۆڤاری گوڵاندا لەسەر زۆر تەوەرەی تایبەت بە بودجەی ٢٠١٤ی هەرێمی کوردستان و پلانی ستراتیژیی و ئابووری و سەرژمێریی قسەی کرد، بەڕێزی ئاماژەی بەوە کرد دابەشکردنی بودجە بەسەر هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك و قەزاکان بەپێی ژمارەی دانیشـــتوانە. ســـەبارەت بە ڕێژەی هەژاریی و بێکاری لەهەرێمی کوردســـتان کە قسەو باسێکی زۆری لەسەر دەکرێت پێی وابوو هەژاریی و بێکاریی لەهەرێمی کوردستان بەراورد بەناوچەکانی دیکەی عێراق زۆر کەمترە. ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.**

**دابەشكردنی بودجە بەسەر هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك و قەزاو ناحیەكانیش بەپێی ژمارەی دانیشتوانە**

**بەپێی توێژینەوەیەكی زانستی كە ١٣ ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان ئەنجامیانداوە پێشخستنی ژێرخانی ئابووری هەرێمی كوردستان لە ٧ ساڵدا پێویستی بە ٣٠ ملیار دۆلارە**

*** وەكو كەسێكی پەیوەندار بە داڕشتنی بودجەو گفتوگۆكانی تایبەت بەبودجەی وەزارەتەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان؛ دەكرێت بزانین دوا وردەكارییەكانی بودجەی ساڵی ٢٠١٤ی هەرێمی كوردستان بەكوێ گەیشتووە، ئایا تاچەند لەبودجەی ئەمساڵدا ڕەچاوی داخوازییەكانی هاووڵاتیان كراوە؟**

- بەشە بودجەی هەرێم كە لەبودجەی گشتی عێراق دادەنرێت و ناشەفافییەتی بۆ ئێمە تێدایەو تەنانەت بڕێكی زۆری بەناوی بودجەی حاكیمەو سیادیی لێ دەبڕێت، تەنیا بەرێژەی كەمتر لە ١١٪ بۆ هەرێم دەمێنێەوە، لەكاتێكدا وا پێویست بوو بەشە بودجەی هەرێمی كوردستان بەرێژەی لە ١٧٪ بێت. تەنانەت لەكۆتایی ساڵ بەشێكی زۆری بودجەی حاكیمەو سیادیی دەمێنێتەوەو خەرج ناكرێت كەچی بەشی هەرێمی كوردستان ناگەڕێتەوە، لەگەڵ بوونی ئەم كەموكورتیانەو دەیان تێبینی دیكە كە لەسەر بودجەی گشتی عێراق هەمانە، ئەو بەشە بودجەیەی بۆ هەرێم تەرخانكراوە بەشێوەیەكی زانستی و ڕێكوپێك بۆ پرۆژەكان تەرخان دەكرێت. ئاشكرایە بودجەی ٢٠١٤ی هەرێمی كوردستان بەهەردوو بەشەكەیەوە (بەكارخستن و وەبەرهێنان) بەشێوەیەكی زانستی و ڕێكوپێك گفتوگۆی لەسەر كراوە، هەرچی بودجەی بەكارخستنە بەسەر بوارەكانی مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان و بەڕێوەبردنی دامودەزگاكان تەرخان كراوە. بەشی بودجەی وەبەرهێنانیش لەسەر بنەمای زانستی و نێودەوڵەتی بەسەر وەزارەتەكاندا دابەش دەكرێت و ڕیزبەندی بۆ پرۆژە گرنگ و پێداویستیە سەرەكیەكان دانراوەو ڕێژەی جێبەجێكردنی پرۆژەكان و خەرجكردنی بودجەكە ڕەچاوكراوە؛ لەگفتوگۆكانیشدا بەجیا لەگەڵ هەموو وەزارەتەكان گفتوگۆی تێروتەسەل و زانستی لەسەر پرۆژەكانیان و ڕیزبەندییان كراوە.

*** ئامادەكردنی بودجەكە لەلایەن حكومەتەوە گەیشتۆتە دوا قۆناغەكانی؛ ئایا لەهەڵبژاردنی پرۆژەو ڕیزبەندی بودجە ڕەچاوڕێی چی دەكرێت؟**

- بەڵی؛ گفتوگۆكردن لەگەڵ وەزارەتەكان و پرۆژەكانیان كۆتایی پێهاتووەو لەسەر چەند بنەمایەك پرۆژەكانیان پەسەند كراوە لەوانە بنەماكانی بوونی (كەڵكی ئابووری و دیزاین و تەرخانكردنی زەوی پێویست..)، ئێستا ئەم قۆناغەمان تەواوكردووەو ئامادەی دەكەین و بەزووترین كات دەیگەیەنینە وەزارەتی دارایی و ئابووری و ئەوانیش لەگەڵ بودجەی ئاسایی یەكی دەخەن و ڕەوانەی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی دەكەن و پەسەند دەكرێت و دواتر بۆ گفتوگۆكردن و پەسەندكردنی كۆتایی بۆ پەرلەمانی كوردستان بەرز دەكرێتەوە.

*** چۆن هاوسەنگی لەنێوان پارێزگاكانی كوردستان و ناوچە جیاوازەكانی كوردستان لەدابەشكردنی پرۆژەكان دەكرێت، ئایا داخوازی هاووڵاتیان بۆ جێبەجێكردنی پرۆژەكان ڕەچاوكراوە؟**

- دابەشكردنی بودجە بەسەر هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك و قەزاو ناحیەكانیش بەپێی ژمارەی دانیشتوانە، بۆ نموونە گەربێتو باسی پارێزگای هەولێر بكەین ڕێژەی بودجەی قەزای سۆران زیاترە لەرێژەی بودجەی تەرخانكراو بۆ قەزای مێركەسۆر، لەهەڵبژاردن و ڕیزبەندی پرۆژەكانیشدا حكومەتی هەرێمی كوردستان ڕەچاوی داخوازی و پێداویستی سەرەكی هاووڵاتیانی كردووە. بەڵام لێرەدا ڕاستیەك هەیەكە هەمووان لێی ئاگادارن و پێویستە ئاماژەی پێبكرێت ئەویش ئەو وێرانكاریی و داڕمانەیە كە لەئاكامی سیاسەتە چەوتەكانی حكومەتە یەك لەدوای یەكەكانی بەغدا دووچاری هەرێمی كوردستان و ژێرخانەكەی بووە بەتایبەت لەقەزاو ناحیەكان و پرۆژە ستراتیژییەكانەوە، هەربۆیە هەوڵێكی زۆر دراوە تاوەكو ئاسەوارە وێرانكارییەكە نەهێڵدرێت و ژێرخانی ئابووری بونیاد بنرێتەوە.

*** بەڵام بەو بودجەیە دەكرێت پرۆسەی بونیادنانەوە خێرایی تێدا بكرێت؛ لەكاتێكدا زۆربەی وەزارەتەكان پێیانوایە بودجەی تەرخانكراو بۆیان لە ڕێژەی ١٠٪ی داواكارییەكانی ئەوان تێپەڕی نەكردووە؟**

- بۆ دیاریكردنی ئەو بودجەیەی كە لە بونیادنانەوەی ژێرخانی كوردستان پێویستمانە بەهاوكاری و بەشداری ١٣ ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان توێژینەوەیەكمان ئەنجامداو گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی: بونیادنانەوەو پێشخستنی ژێرخانی ئابووری هەرێمی كوردستان لەماوەی حەوت ساڵی داهاتوودا پێویستی بە ٣٠ ملیار دۆلارە. گەربێتوو ئەو بڕە پارەیەش تەرخانبكرێت ناتوانرێت لەماوەی چەند ساڵێكدا ئەو هەموو پارەیە لە جێبەجێكردنی پرۆژەكان خەرج بكرێت، هەربۆیە حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ڕێگای پلان و بەرنامەی ڕێكوپێكەوە هەنگاوی گەورەو باشی لەبواری ئاوەدانكردنەوەو گەشەكردن ناوە و ژێرخانی ئابووری و خزمەتگوزارییەكان بەرەو پێشەوە چوون و ساڵانەش بۆ بەدیهێنانی سەرجەم داخوازی و ئومێدەكانی هاووڵاتیان كێرڤی گەشەكردن و پێشكەوتنی ئابووری و بەرزكردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییەكان رووی لەهەڵكشان كردووە. لەمەشدا پاڵپشتی لەداواكارییەكانی هاووڵاتیان دەكەین و بەمافێكی ئاسایی و سروشتی خۆیانی دەزانین، لەو ڕوانگەیەشەوەیە ئێمە لەگەڵ وەزارەتەكانی دیكەی حكومەت هەموو تواناكانی خۆمان خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی باشترین خزمەتگوزاریی پێشكەش

بەهاووڵاتیان بکەین.

*** بەڵام کەمــی بودجە ڕێگــرە لەبەدیهێنانی بەرنامەو پلانەکانــی وەزارەتــەکان، ئەوەتا وەزارەتی کشــتوکاڵ و ســەرچاوەکانی ئــاو جێبەجێنەکردنــی تەواویی پلانە ستراتیژییەکەی بۆ کەمی بودجە گەڕاندەوە؟**

- چەندین ســاڵە بودجەی باش بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ و ســەرچاوەکانی ئاو تەرخان دەکرێت، بەڵام دروستکردنی هەندێك پــرۆژەی گەورە بودجــەی زۆری دەوێت وەکو پرۆژەکانی بەنداو کە زۆر ئاســان نییەو پارەیەکی زۆری دەوێت، هــەر لە قەرەبووکردنەوەوە تــا دیزاین و خەرجی جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیەی کە تەنیا لەتوانای کۆمپانیا گەورەکاندایــە، زۆرجــار ئەو بودجەیەی بــۆ ئەمجۆرە پرۆژانە تەرخان دەکرێت لەقۆناغی جێبەجێکردنەوە دەچێتە ساڵەکانی دواتر. ســەبارەت بەوەزارەتەکانی دیکەی وەکو پەروەردەو شــارەوانیش بەهەمان شێوە لەکاتێکدا وەزارەتی پەروەردە داوای دروســتکردنی ١٠٠٠ قوتابخانە دەکات ئێمەو وەزارەتەکەش بەپێی بودجەو تواناکانمان تەنیا ٥٠٠ قوتابخانە دەخەینە بەرنامەوە بۆ جێبەجێکردنی.

*** بــەڕای بەڕێزت وەزارەتەکان تاچەند لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانیان ســەرکەوتوو بوون؛ ڕەخنــەو گلەیی ئەوەتان لەسەرە کە ئێمە لەکوردستان پلانمان بۆ بودجەی پێویستی پرۆژەکان نییە؟**

- بەداخــەوە زۆر کەس لەئەرکەکانــی وەزارەتی پلاندانان نەگەیشــتووە کە شەش ئەرکی ســەرەکی لەسەر شانە( کوالێتی کۆنترۆڵ – دەســتەی ئاماری هەرێم – پلانی ستراتیژیی –هەماهەنگی و بەدواداچوون لەگەڵ ڕێکخراوە ناوخۆیــی و نێودەوڵەتیەکان – ســەرچاوە مرۆییەکان – پلانی پرۆژەکان)؛ وەڵامی پرسیارەکەتان پێوەندی بەپلانی پرۆژەکانەوە هەیە واتا بەڕێوەبەرایەتی گشــتی بودجە کە ئەرکی دانانی پلانە لەگەڵ وەزارەتەکان؛ بەدڵنیاییشــەوە هیچ وەزارەتێك بودجەکەی لەســەر خواســتی خۆی بۆ دانانرێت و بودجەی بەردەست بەپێی خواستەکانمان نییە، بەڵکــو بەپێی ئەو بڕە پارەیەیە کــە لەبودجەکەدا بۆمان تەرخانکراوە.

*** ئەی سەبارەت بە پلانی ستراتیژیی کە بۆ ئەم قۆناغەو قۆناغەکانــی داهاتووی ئابووری هەرێمی کوردســتان پێویستە؟**

- ناتوانرێــت بەتەواوەتــی پلانــی ســتراتیژیی بــۆ هەرێمی کوردســتان دابڕێژریــن، چونکە عێراق وڵاتێکی ناسەقامگیرەو بودجەکەشمان لەعێراقەوە بۆ دێت و سیاسەتە نەختینەییەکانیش هەر لەوێ دادەڕێژرێت، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی پێشکەوتوومان هەیە کە زۆربەیــان لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانەوە ســەبارەت بەژێرخانی ئابووری ئەنجامــدراوە، دەتوانین بەپلانێکی ستراتیژیی دابنێین و هەموو پێداویستی و وردەکارییەکانی تێدایە، بۆ ئەمســاڵ لەســەر ئەو بنەمایانە گفتوگۆمان لەگەڵ وەزارەتەکان کردووەو خستومانەتە ناو بەرنامەو کار و پرۆژەکانمانەوە.

*** پێتوانییە بۆ سەرکەوتنی بەرنامەو کارەکان پێویستیمان بە ئەنجامدانی پرۆســەی سەرژمێری هەیە، بۆچی ئەم پرۆسەیە دوادەخرێت؟**

- پرۆســەی ســەرژمێریی بەیەکێــك لــەکارە گرنك و پێداویستیەکان دادەنرێت و لەعێراقدا بەپرۆسەیەکی سیادیش دادەنرێت، بەو پێیە لەناوەندەوە بڕیاری لەســەر دەدرێت و ناتوانین بەتەنیا لەهەرێمی کوردســتان ســەرژمێرییەك بکەین کە بڕوای پێ نەکرێت، جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردســتان داوای لەحکومەتی عێراق کردووە پرۆسەی سەرژمێری گشــتی ئەنجام بدرێت، لەو ڕوانگەیەی کە پرۆسەکە زۆر پێویســت و گرنگە و ناکرێت وڵاتێك باس لە دیموکراسی و قۆناغی بونیادنانەوە بکات سەرژمێری دانیشــتوان و بگرە زانیاریی و داتاکانی ڕوون و ئاشکرا نەبێت. هەربۆیە هەموو لایەك ئەنجامدانی ســەرژمێری بێ خۆشــە، چونکە جگە لەوەی بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە، هاوکات بۆ گشــت عێراق و یەکلاکردنەوەی زۆر بابەتی تایبەت بــە ئابووری و بودجەو زۆر بواری دیکە گرنگە، هەرکاتێك حکومەتی عێراق بڕیاری ئەنجامدانی ســەرژمێری بدات، ئێمە ئامادەباشیمان تێدایە. وەزارەتی پلاندانانــی هەرێم پەیوەندی تەواویــی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانی عێراق هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوان لەڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە سەقامگیر نین، بۆیە زەحمەتە بتوانین بڕیار بدەیــن، گەر وەزارەتی پلاندانانی عیراق بڕیار بدات و ســەرژمێری یا پلانی ســتراتیژیی داڕێژرێــت، ئێمەش وەکــو وەزارەتی پلاندانــان ئامادەین جێبەجێی بکەین.

*** تاچەنــد داتاو ئاماری وردمان ســەبارەت بە ڕێژەی بێکاری و هەژاری و هەڵاوســانی نرخ و بوارەکانی دیکە هەیە، ئایــا دەکرێت ئەو ڕێژانە بزانین و باســێکمان بۆ بکەیت؟**

- دەســتەی ئامــاری هەرێم جگە لەوەی بــە بەردەوام ســەرقاڵی ڕووپێوە، هاوکات بــە بەردەوامیش ڕووپێوەکان نوێ دەکاتەوە، سەبارەت بەداتاو ئاماری ڕێژەی هەژاری و بێکاری کە لەهەرێمی کوردستان بەراورد بەعێراق زۆر کەمە، بــۆ نموونە ڕێژەی هەژاریی بەتێکڕا لە ٣,٥٪یەو ڕێــژەی بێکاریش لــە ٥,٢٪ە، ئەم ڕێژەیــەش لەقەزاو ناحیەکدا جیاوازە، بۆ بەدەستهێنانی ئەم ڕێژەیەش پشتمان بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بەستووە؟

**جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای لەحکومەتی عێراق کردووە پرۆسەی سەرژمێری گشتی ئەنجام بدرێت، لەو ڕوانگەیەی کە پرۆسەکە زۆر پێویست و گرنگە و ناکرێت وڵاتێک باس لە دیموکراسی و قۆناغی بونیادنانەوە بکات سەرژمێری نەبێت**

# ڕێکخستنی ریکلامە بازرگانییەکان بەیاسا



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

لەتوانادایە مرۆڤی ئەم سەردەمە بەوە بناسرێتەوە کە ئەو کەسەیە بەبازنەی ریکلام دەورە دراوە، چونکە لەماڵ بێت یان لەسەر شەقام، لەکاربێت یان لە پشوو، ئەوا بەردەوام گوێبیستی ریکلام دەبێت یان دەیبینێت، لەرێگەی هۆکارەکانی راگەیاندن و ئامێرە ئەلکترۆنییەکانییەوە، بۆیە زیادەڕەویی ناکەین ئەگەر بڵێین سەردەمەکەش بووە بەسەردەمی ریکلام.

ریکلام لەبنەڕەتدا هونەرێکە وەك هونەرەکانی دیکە پەرەسەندنی گەورەی بەخۆیەوە دیوە، بەتایبەت لەکۆتایی سەدەی رابردوواو لەسەرەتای سەدەی ئێستادا، کەجیهانی ریکلام لەڕووی دیزاین و دەرهێنان و بیرۆکەوە پێشکەوتنی کاریگەریی تێدا بەدی هاتووە.

- **چەمکی ریکلام:**

رەنگە ساکارترین مانا یان پێناسە بۆ چەمکی ریکلام بریتی بێت لەوەی کە ریکلام: هۆکارێکە بۆ ناساندنی کاڵایەك یان خزمەتگوزارییەك بەمەبەستی کڕین یان فرۆشتن.

یان بریتییە لە بەیەکگەیشتنی کەسێك بەزانیارییەکی پەیوەست بەکاڵایەك یان خزمەتگوزارییەك، لەرێگەی میدیاوە، بەمەبەستی قەناعەت پێکردن بۆ کڕین یان فرۆشتن.

یان بریتییە لە بەهێزترین پەیامێك بۆ لاوازکردنی بەرگریی بەرامبەر.

یان بریتییە لە: خەرجکردنی کەمترین مایە بۆ بەبەدەستهێنانی زۆرترین قازانج.

- **سیفاتەکانی ریکلام:**

أ- ریکلام پەیامێکە بۆ شوێن یان بۆ کات یان هەردووکیان، واتە ریکلامکار بڕێك پارە دەدات لەبری ئەو (رووبەر)ەی کەلەگۆڤارێك یان لەبڵاوکراوەیەکدا بۆی تەرخان دەکرێت، یان لەبری ئەو (کات)ەی کەدەیکڕێت لەمیدیایەکی بیستراو یان بینراودا.

ب- ریکلام پەیامێکە لەکەمترین وشەو کاتدا بۆ زۆرترین ژمارە لە خەڵك.

ج- ریکلام خێراترین هۆکاری گەیاندن بەکار دەهێنێت بۆ لەسەرخۆکارکردن لەسەر هزرو سۆزی بەرامبەر.

د- ریکلام لەدووبارەو چەندبارەبوونەوە بێزار نابێت و کۆڵ نادات.

- **بایەخی ریکلام:**

ریکلام زۆر گرنگە بۆ هەرکەسێك کە: شتێکی بۆ فرۆشتن هەبێت یان شتێك بکڕێت یان خزمەتگوزارییەك پێشکەش بکات یان بیرو بۆچوونێك بخاتە روو.

لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بڕێکی زۆری پارە لەبواری ریکلامدا خراوەتە گەڕ بۆنموونە:

لەساڵی (١٩٧٢)دا بڕی (٢٣)بلیۆن دۆلار.

لەساڵی(١٩٨٠)دا بڕی (٥٥) بلیۆن دۆلار.

لەساڵی (٢٠٠٠)دا بڕی (٣٢٠) بلیۆن دۆلار.

لەسەر ئاستی جیهانیشدا و هەر لە ساڵی (٢٠٠٠)دا بڕی (٧٨٠) بلیۆن دۆلار.

بەڵام بەداخـــەوە لەبەر نەبوونی داتا، نازانرێت لەســاڵێکدا لەعێــراق یان لەهەرێمی کوردســـتاندا بــڕی چەند لەپارە لەبواری ریکلامدا خەرج دەکرێت.

- **کێ ریکلام دەکات؟**

یەکەم: ئاژانسە سەربەخۆکانی ریکلام.

دووەم: بەشەکانی ریکلام لەکۆمپانیا گەورەکان.

سێیەم: بەشــەکانی پەیوەندییە گشــتییەکان لەدامەزراوەو کۆمپانیاکان.

چــوارەم: رۆژنامــەو گۆڤــارو دەزگاکانــی پەخــش و بڵاوکردنەوە.

پێنجەم: نووسینگە تایبەتەکانی بواری ریکلام.

لایەنەکانی پرۆسەی ریکلام:

یەکــەم: ئاژانســە ســەربەخۆکانی ریــکلام و کۆمپانیا گەورەکان.

دووەم: رادیۆو تەلەفزیــۆن و رۆژنامەو گۆڤارو دەزگاکانی پەخش و بڵاوکردنەوە.

- **ئامانجەکانی ریکلام:**

یەکەم: تێکردنی ئارەزووەکانی بەکاربەر.

دووەم: بەدەستهێنانی قازانج.

سێیەم: گەیشتن بەسیستەماتیك کردنی کاری ریکلام.

چوارەم: پارێزگاریکردن لەنەریتی کڕین لەلای بەکاربەر.

پێنجــەم: پارێزگاریکــردن لەرووبــەری خــۆ لەبازاڕی بازرگانیدا.

شەشەم: رێگرتن لەهاتنی رکابەری نوێ.

حەوتەم: کردنەوەی بازاڕی نوێ بەڕووی بەکاربەردا.

- **کارەکانی ریکلام:**

ریکلام وەزیفەو کاری زۆرە لەوانە:

أ – سەرنج راکێشانی بەکاربەر.

ب- وروژاندنی بایەخپێدانی بەکاربەر.

ج- دروستکردنی ئارەزووی کڕین لای بەرامبەر.

د – قەناعــەت پێکردنــی بەکاربــەر بەکڕینــی کاڵا یان قەبوڵکردنــی خزمەتگوزارییەکــە یــان بیروبۆچوونی نێو ریکلامەکە.

هـ- رێنمایی کردنی بەکاربەر بۆ ئەو شــوێنەی ریکلامەکە لێی دەوێت کەبۆی بچێت بەمەبەستی کڕین.

- **بنەما سەرەکییەکانی ریکلام:**

یەکــەم: زانیاریی تەواو لەبارەی ئــەو بەرهەمهێنراوەی کە ریکلامی بۆ دەکرێت.

دووەم: ناســینی ئەو بەکاربەرەی کە ریکلامەکەی ئاراستە دەکرێت.

سێیەم: باش دیزاین کردن و چاك دەرهێنانی ریکلامەکە.

چوارەم: پێویستە کاڵاکە سوودی راستەقینەی بۆ بەکاربەر هەبێت.

پێنجەم: پێویستە پەیامی ریکلامەکە جێی متمانەی بیسەران و بینەرانی بێت.

شەشەم: دوورکەوتنەوەی ناوەڕۆکی ریکلامەکە لەڕووشاندنی هەستی جەماوەر لەڕووی ئاینیی و کۆمەڵایەتییەوە.

حەوتــەم: پێویســـتە ریکلامەکە بەرژەوەندیـــی عادیلانەی ریکلامکارەکەی تێدا بێتەدی لەرووی ئابوورییەوە.

هەشتەم: نابێت لەریکلامدا ناو و وێنەو هیچ کەسێکی تێدا بێت، مەگەر پاش وەرگرتنی مۆڵەت لەو کەسە.

نۆیەم: گواستنەوەی پەیامی ریکلامەکە بۆ زۆرترین ژمارە لەجەماوەر.

دەیــەم: دوور گرتنی ناوەڕۆکی ریــکلام لە دژایەتیکردنی عورف و نەریتی کۆمەڵگە.

یازدەیــەم: دوورکەوتنەوە لە زیان گەیاندن بەتەندروســـتیی مرۆڤ.

دوازدەیەم: نابێت ریکلام زیان بەگیرفان و ئابووری هاوڵاتیی و بەکاربەر بگەیەنێت.

سێزدەیەم: پابەندبوون بەراستگۆیی و، دوورکەوتنەوە لە لەدرۆ و هەڵخەڵەتاندنی بەکاربەر.

- **رەهەندە نێگەتیڤەکانی ریکلام:**

یەکەم: بوونـــی زیادەڕەویی و درۆکردن و لەخشـــتەبردن و هەڵخەڵەتاندن لەریکلامدا.

دووەم: گاڵتەجاریی بە هەستی بەکاربەر بەشێوازیی هاندانی سووك و بێتام.

سێیەم: پاڵنان بە بەکاربەرەوە بۆ زیادا مەسرەفیی.

چوارەم: زیادکردنی نرخی کاڵاکان بەخستنەسەری تێچووی ریکلامەکان بۆ سەر نرخەکان.

پێنجەم: کارکردنی خراپ لەســـەر بەها بـــاڵاو جوانەکانی کۆمەڵگە.

شەشەم: بڵاوکردنەوەی کولتووری توندوتیژیی لەریکلامدا.

حەوتەم: ئالوودەکردنی بەکاربەر بە ئامێرە ئەلکترۆنییەکانەوە بۆ گەڕان بەدوای ریکلامدا.

هەشـــتەم: بڵاوکردنـــەوەی بەهـــا ماددییـــەکان و گیانی بەکاربەریی لای ئەندامانی خێزان.

نۆیەم: تێکدانی هاوسەنگیی لەبودجەی خێزانەکاندا.

- **راسپاردەکان:**

یەکەم: رێکخســـتنی کاری ریکلام بەپەسەندکردنی یاسای ریکلامە بازرگانییەکان لەپەرلەمانی کوردستاندا.

دووەم: هەبوونـــی هەڵمەتی هۆشـــیاری و رێنمایی خێزانی لەبارەی ریکلامی بازرگانییەوە.

ســـێیەم: کارکردنی هۆکارەکانی راگەیانـــدن و ناوەندەکانی خوێنـــدن بەروونکردنەوەی زیانەکانـــی زۆرێك لە ریکلامە بازرگانییەکان.

چـــوارەم: دەســـت گرتن بەپـــارەوە کەمکردنـــەوەی زیادە مەســـرەفیی خێزانیی و، خۆ گونجانـــدن لەگەڵ بودجەی دیارکراو لەخێزاندا.

پێنجەم: کارکردن لەســـەر دۆزینەوەی سوودە کردارییەکانی داهێنراوە ئەلکترۆنییەکان و، خۆ دوورگرتن لەئالوودەبوون بە سەیرکردنی ریکلام و شۆپینگ.

شەشەم: بەدواداچوونی وەزارەتی رۆشنبیریی بۆ پابەندکردنی کەناڵەکانی راگەیاندن بەســـتاندارە جیهانییەکانی بواری ریکلام کردنەوە.

**پێویستە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان کەناڵەکانی راگەیاندن پابەند بکات بە ستانداردە جیهانیەکانی بواری ریکلام کردنەوە**




# بۆچی کۆمپانیای ئیعماری ئیماراتی هەولێری بۆ وەبەرهێنان هەڵبژارد؟

## سەقامگیری و ئارامی
## بنەمای سەرەکین بۆ گەشەی ئابووری

**خلیج تایمز -کێلی کلارك**

لەگەڵ ئەوەی ستیڤن لارابی سەرۆکی دامەزراوەی راند بۆ ئاسایشی ئەوروپا، لەکۆنفرانسی ناتۆ لە دوبەی ئاماژەی بەوەدا:( جەنگی ئەمریکا لە عێراق یەکێك بووە لە گەورەترین هەڵە ستراتیژییەکانی ئەمەریکا)، بەڵام ئەو وڵاتەی کە جارێك جەنگ وێرانی کردووە بەخێرایی رۆژانی شەڕ تێدەپەڕێنێ و شۆڕشی ئاوەدانکردنەوەی کردۆتە سەرەتای رێگایەکی نوێ، ئەوەتا کەرتی بیناسازییە گەورەکەی دوبەی لەو وڵاتەدا بە پرۆژەیەکی ستراتیژی و گەورەدا خۆیدەبینێتەوە. محەمەد عەبباری سەرۆکی کۆمپانیای ئیعمار لەکۆنفرانسێکدا کە مانگی رابردوو لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو تێیدا ملیارەها دۆلار گەشەی ئابووری خرایەڕوو ناوبراو وتی: هیوا خوازم لە داهاتوودا هەمان وەبەرهێنان و مامەڵە لەگەڵ حکومەتی عێراقیشدا بکەم و گەشەی زیاتر بە ئابووری ناوچەکە بدەم. لەلایەکی ترەوە زۆرێك لەوانەی کە بە پرۆژەکەیان زانیوە گومانیان هەیە لە بڕیاری گەشەکردنە لە وڵاتێکدا کە ئاسۆکانی ئابووری تێیدا زۆرجار بووەتە قوربانی هەڵگیرسانی جەنگ. جەنگی عێراق - ئێران لەساڵانی هەشتاکان و داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە لە ١٩٩٠ دا یەدەکی دراوی عێراقی خاڵیکردەوەو ئابووری

دارمان و وڵاتەکەی توشـــی قەرزێکی زۆر کرد، بەڵام لە ســـاڵی ٢٠١٣ لەکاتێکدا زۆربەی وڵاتانی گەشەسەندووی جیهـــان لە ململانێی بێبازاڕیدا بوون عێراق و ئابوورییەکەی بەخێرایی دوو هێندە گەشەی ئابووری بەخۆوە بینی. بەپێی ئەو داتاو زانیارییە پێشـــبینیکراوەی کە لەلایەن ســـندوقی نەختـــی نێودەوڵەتییەوە لە نیســـانی ٢٠١٣ دا بڵاوکرایەوە، عێـــراق بە خێراترین ١٠ دەوڵەتی تازە پێگەشـــتووی جیهان دانـــراوە کە لە بواری داهاتی نەتەوەییدا بۆ پێشـــەوە چووە بەرادەیەك بە پلەی حەوتەم دێت بە گەشـــەی لە٩,٠٤٣ ٪. پرۆژەی ناوەندی شـــاری هەولێر کە پرۆژەیەکە بەتێچوونی ٣ ملیـــار دۆلار لە وڵاتێکدا جێبەجێ دەکرێت کە بەدەســـت کۆمەڵێك کێشەوە گیرۆدەیە، لەمبارەیەوە عەببار پرۆژەکەی بەپرۆژەیەکی دانســـقە لـــە رۆژهەڵاتی ناوەراســـتدا دایە قەڵەم. لەماوەی ١٦ ساڵی ئیشـــکردنیدا ئیعمار زۆرێك لە تاوەرە گەشـــتوگوزارییە بەناوبانگەکانـــی جیهان و پرۆژە دانســـقەکانی بیناســـازیی بونیاتناوە، لەوانـــە (بەرزترین بینای جیهان کە بە تاوەری خەلیفە ناســـراوە)، هەروەها بۆ بەهێزکردنـــی مارکەو ناوبانگی بازرگانی جیهانی خۆی و ئاســـانکاریکردن بۆ فراوانکردنی کۆمپانیاکەی، لە ساڵی ٢٠٠٤ ئیعماری نێودەولەتی دامەزراند کە رۆڵێکی سەرەکی گیراوە لە دیاریکردن و بەگەرخســـتنی وەبەرهێنان لە بازاڕە تازەپێگەیشتووەکان و ئەو بازاڕانەی وەبەرهێنانی تێدا ئەنجام نەدراوە.

**ئابوورییەکی زۆر گەورە بۆ هەولێر**

هەڵبژاردنی ئەمجۆرە وەبەرهێنانە لە ســـێکتەری بیناسازیدا کە رووبـــەری ئاواکارییەکانی بریتییە لـــە ٥٤١٠٠٠ مەتر چوارگۆشەو لە ناوجەرگەی ناوچەیەکی کوردی لە عێراقدا جێبەجێ دەکرێت کە دەوڵەمەندە بە نەوت، ئەمە ئاماژەیەکی راســـت و روونە بۆ ئەوەی ئابووری لەم ناوچەیەدا بەرەوپێش دەچێت. هەر لەم روانگەیەشـــەوە بەڕێـــز نێچیرڤان بارزانی ســـەرۆك وەزیرانـــی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان ناوی پرۆژەکـــەی نـــاوە (ئابوورییەکی زۆر گەورە بـــۆ هەولێر). لەو کۆنفرانســـەدا کە بەبۆنەی پرۆژەکەوە بەڕێوەچوو بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ســـەرۆك وەزیرانی کوردستان وتی: ئەمڕۆ کە کۆمپانیای ئیعمار کوردستانی هەڵبژاردووە بۆ پرۆژەیەکی گەورەی نوێ، نیشـــانەیەکی دیکەی گرنگیبوونی هەولێر و کوردستانە، هاوکات دەبێتە هێزێکی تری ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا.

عەلی ئەسعد بریکاری بیناسازیی ناوخۆیی هەولێر و سەرۆکی جێبەجێـــکاری کۆمپانیای دارایی پێـــی وایە هەندێك کات بازاڕی خانوبەرە خاوبوونەوە بەخۆوە دەبینێت و بەرەو پێشنەچووە لە ناوچەکەدا ئەویش لەبەر نەبوونی متمانە لەلایەن کۆمپانیا ناوخۆییەکانەوە. هەروەها عەلی ئەسعد بە خلیج تایمی وت: هەبوونی ئەو عەلامەتە بازرگانییە جیهانییەی وەکو ئیعمار لە ناوچەکەدا هەنگاوێکی گەورەیە بۆ گەشەکردن لە ناوچەکەدا و بە دڵنیاییەوە متمانە دروست دەکات. هەروەها وتی بۆچی یەکێك لە گەورەترین کۆمپانیای بیناســـازیی جیهان هەولێر هەڵدەبژێرێ و ناچێتە بەغدا کە لەوێ نرخی خانوبەرە بەرزترە؟ ئەگـــەر دەیانەوێت جێ پەنجەیان دیار بێت لە عێراق، هەولێر باشترین شوێنە لەبەرئەوەی ئاسایشی تێدایە. هەروەها وتیشی پرۆژەی ناوەندی شـــاری هەولێر هەڵاوسان دروست دەکات لە ناوچەکەدا چونکە نرخەکان بەرێژەیەکی بەرچاو بەرزن لە چاو ئەوانـــی تردا. عەلی ئاماژەی بەوە دا کە قازانجی بەکرێدان لە پرۆژەی ناوەندی شاری هەولێر نزیکەی لە١٠٪ یە. بۆیە ئەگەر موڵك بەهاکەی ٣٠٠ هەزار دۆلار بێت، ئەوا ٣ هەزار دۆلار لـــە مانگێکدا بە کرێ بەدەســـتدەهێنێت. ئەمەش زۆر زیاترە لە قازانجی ئاســـایی لەهەر شوێنێکی تر. هەروەها بۆ هەر مەترە چوارگۆشەیەك موڵك لە هەولێر بە نزیکەی ١٠٠٨ دۆلار دەفرۆشـــرێت، بەڵام ئیعمار بە نزیکەی ٢٤٠٠ دۆلار دەیفرۆشـــێت، ئەمەش بەرزبونەوەی بەرچاوە لە نرخدا، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە کریارەکان دەرەوتێنرێنەوە. ئیعمار بە شـــێوەیەکی سەرەکی لەگەڵ کریاری کۆتادا مامەڵە دەکات، لەگەڵ بریکارەکانی تری خانووبەرە مامەڵە ناکات. ئەمەش شتێکی باشـــە بۆ کریارەکان لەبەرئەوەی زۆر لە بریکارەکان نرخی راستی خانووبەرەکە بەرزدەکەنەوە بۆ ئەوەی قازانجێکی باشیان دەســـت بکەوێت. هەروەها بریکارەکانی موڵك و ماڵ و کریارەکانی خانوبەرە بەشـــێوەیەکی راستەوخۆ قازانج ناکەن لە پرۆژەکە تەنها کاریگەریی بەســـود لەسەر ئێمە ئەوەیە کە بازاڕ باشتر دەبێت.

پرۆژەی هاوشـــێوەی خانوبەرەی تر لە ناوچەکەدا هەیە وەکو Park View لەلایـــەن Ilci holdings، و Empire World کە قازانجی زیاتر دەبینن لە بەگەڕخســـتنەکەیان. ئێمە بەلایانی کەمەوە ٢ ســـال چـــاوەڕێ دەکەین بۆ ئەوەی قازانجێك بکەین لەپرۆژەی ناوەندی شاری هەولێر. پرۆژەکانی تر نزیکن لە تەواو بوون بۆیە کۆمپانیاکەمان لێرە بەگەڕخستن دەکات. لەماوەی چەند ســـاڵی دوایدا، هەرێمی کوردســـتان بووەتە ســـەنتەرێك بۆ گەشـــتیارو ســـەردانکەرانی ئیشوکار سەرەڕای کێشە سیاســـیەکانی پاش روخانی سەدام. پرۆژەی نوێی بیناسازی ئیعمار دەسپێشخەری کردووە بۆ دروستکردنی کۆمەلگایەکـــی تـــەواو هاوچەرخ کـــە ٣ ئوتێلی جیهانی و بازاڕێکی گەورە لە خۆدەگرێت، ئەمەو سەرەڕای سەنتەرێکی بزنس و ســـەنتەرێکی پەروەردەیی و تەندروســـتی. هاوشـــان لەگـــەڵ ئەو پـــرۆژە گەورەیەی خانوبەرە لە دروســـتکردنی باڵەخانەی دەگمەن و هەوربڕ، پرۆژەی ناوەندی شاری هەولێر دوو دوانـــە تاوەریش لەخۆ دەگرێت کە دەبێتە رووی گەشـــی ســـەنتەری شارەکە. هەروەها شـــەقامێکی پانی پڕ لەدرەخت دەبێتە سەنتەری باڵەخانەکان و هاوتا دەبێت لەگەڵ کەلەپوری بیناســـازیی شارەکەدا. بە شێوەیەکی ستراتیژی کەوتۆتە سەر شـــەقامی گوڵان ئـــەو ناوچەیەی کە بە شـــەقامی ملیۆن دۆلار ناسراوە لە ناوخۆدا. هەرچەندە بە شێوەیەکی راستەوخۆ قازانج بە کۆمپانیـــا ناوخۆییەکانی موڵك وماڵ ناگەیەنین، ئەم پرۆژەیە دەبێتە ســـەرچاوەی ســـەرەکی داهات بۆ زۆر لە دانیشـــتوانی بەوەی کە زیاتر لە ٤٥ هەزار هەلی کار دروست دەکات.

**پرۆژەی داون تاونی هەولێر کە لەلایەن کۆمپانیای ئیعماری ئیماراتیەوە لەهەولێر جێبەجێ دەکرێت، نیشانەیەکی دیکەی گرنگیبوونی هەولێر و کوردستانەو دەبێتە هێزێکی تری ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا**

**پرۆژەی داون تاونی (ناوەندی شاری هەولێر) کە بەتێچوونی ٣ ملیار دۆلار جێبەجێ دەکرێت بە پرۆژەیەکی گەورەی رۆژهەلاتی ناوەراست دادەنرێت و هەلی کار بۆ ٤٥ هەزار کەس دەرەخسێنێت**

**داون تاونی هەولێر کۆمەڵگایەکی تەواو هاوچەرخ کە ٣ ئوتێلی جیهانی و بازاڕێکی گەورەو ٢ تاوەرو سەنتەرێکی بزنس و سەنتەرێکی پەروەردەیی و تەندروستی لە خۆدەگرێت، دەبێتە رووی گەشی سەنتەری شارەکە**

**ئێرە دوای چەند ساڵێکی دیکە دەبێتە یەکێک لەخۆشترین شوێنەکانی کوردستان کە هەموومان شانازی بەجوانی و گرنگییەکەیەوە دەکەین**